کتێبەکان بە PDF

# خۆرخێ مێندێس

## ڕاوچیی ئەستێرەکانی تۆپی پێ



میگێل کۆستا و جۆناسان سانچێز

وەرگێڕانی ئەحمەد سەنگاوی

ئەم کتێبە تایبەتە بە

👇👇👇👇👇👇

پەیجی کتێبەکان بە PDF



خۆرخێ مێندێس

ENDÉŞE
ناوەندی بڵاوکردنەوەی ئەندێشە

# ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەریی ئەندێشە

بەڕێوەبەری گشتیی ناوەند: هەژار مەجید

بەڕێوەبەری چاپ و بڵاوکردنەوە: سیروان مەحمود

ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەریی ئەندێشە - ناوەندی بڵاوکردنەوەی ئەندێشە

سلێمانی - شەقامی مەولەوی - تەلاری بازرگانیی سیروانی نوێ - نهۆمی چوارەم

http://www.endeshe.net

andesha.library@yahoo.com ● andesha@outlook.com

http://www.facebook.com/Andeshalib

07501026400



# خۆرخێ مێندێس

میگێل کۆستا و جۆناسان سانچێز

وەرگێڕانی ئەحمەد سەنگاوی

## زنجیرەکتێبی وەرزش

سەرپەرشتیاری زنجیرە

ئەحمەد سەنگاوی

ناوی کتێب: خۆرخێ مێندێس، ڕاوچیی ئەستێرەکانی تۆپی پێ

ناوی نووسەر: میگێل کۆستا و جۆناسان سانچێز

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: ئەحمەد سەنگاوی

بابەت: وەرزش

دیزاینی تێکست: دانا حەسەن

تۆبەتی چاپ: یەکەم ۲۰۱٦

چاپخانە: ئەندێشە

تیراژ: (۲۰۰۰) دانە

نرخ: (۵۰۰۰) دینار

ژمارەی سپاردن: لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان

ژمارە (۱۵۳۸)ـی ساڵی (۲۰۱٦)ـی پێ دراوە.

مافی ئەم کتێبە پارێزراوە©

بەبێ ڕەزامەندیی ئەندێشە، هیچ لایەنێک ڕێگەپێدراو نییە بۆ لەبەرگرتنەوەی ئەم کتێبە، جا گەر بە شێوەی ئەلکترۆنی، کاغەزی، وێنەیی، دەنگی، یان هەر شێوازێکی تری لەبەرگرتنەوە بێت.

# پێشەکی

جیهانی بازاڕی گواستنەوەی یاریزانانی تۆپی پێ، پانتاییەکی گەورەی دنیای تۆپی پێی داگیر کردووە، بە جۆرێک بەهۆی بەرزبوونەوەی نرخی یاریزانەکانەوە کۆدێتایەکی گەورە بەسەر ڕابوردووی تۆپی پێ بەرپا کراوە، زۆربەی یانە گەورەکان بە پشتبەستن بە داهاتی زۆر و فرۆشتنی یانە بە ملیاردێرەکان هیچ باکیان بە فێرگەی وەرزشی و ئەکادیمیای پێگەیاندنی بەهرەمەندان نییە و بە زەبری پارەی زۆر ئەستێرە ناودارەکانی تۆپی پێ بۆ ڕیزی یانەکانیان دەگوازنەوە. هەر لەم ڕوانگەیەوە لە کاریگەری و باڵادەستیی بریکارەکان تێدەگەین، چونکە ئەوە بریکارەکانن بڕیار لەسەر چوونی ئەم یان ئەو یاریزان و ئەم یان ئەو ڕاهێنەر بۆ ئەم یان ئەو یانەی تۆپی پێ دەدەن. ئەوە بریکارەکانن دەزانن لە بازاڕی گواستنەوەدا چۆن مامەڵە بە یاریزانەکانەوە بکەن و هەر ئەوانیش هۆکاری بەرزبوونەوەی نرخی یاریزانەکانن، چونکە بەشێک لە قازانجی نرخی یاریزانەکان بە ڕێژەی ‹لە سەدا چوار تا دە›ی تێچووی گرێبەستەکان بۆ بریکارەکان دەبێت، هەر بۆیە لەم ساڵانەی دواییدا ژمارەیەک بریکاری جێبەجێکاری یاریزانانی تۆپی پێ هێندەی ئەستێرە گەورەکان

کاریگەرییان لە جیهانی تۆپی پێ دروست کرد. ئەوەتا لەپاڵ قسەکردن لەمەڕ چارەنووسی ژمارەیەک ئەستێرە و ڕاهێنەری گەورە ناوی خۆرخێ مێندێس، بریکاری یاریزانانی تۆپی پێ دێتە ناوانەوە، هەر لەم سۆنگەیەوە لە قورسایی ئەم کەسایەتییە تێدەگەین، بۆیە بە پێویستم زانی ئەم پەرتووکە نایاب و دانسقەیە بۆ سەر زمانی شیرینی کوردی وەربگێڕم، چونکە لە فەزای نووسینی وەرزشی نەک هیچ نووسینێک و زانیارییەک لەسەر بریکارەکانی یاریزانانی تۆپی پێ نییە، بەڵکو ڕاپۆرتێکی کورتیشت بە زمانی کوردی سەبارەت بە بریکارەکان دەست ناکەوێت، هەر بۆیە دەستبەرداری کۆمەڵێک بیرۆکە بووم؛ سەرەتا بە نیاز بووم پەرتووکی ‹هێر پێپ›، پاشان ‹کۆدی مۆرینیۆ›، دواتریش پەرتووکی ‹من سەرسامم بە تۆپی پێ›ی یۆهان کرۆیف بە کوردی بکەم، بەڵام دوای خوێندنەوەی ئەم پەرتووکە گرنگەی خۆرخێ مێندێس، نەمتوانی دەستبەرداری بم و لەپێناو پڕزانیاری و کاریگەریی ئەم پەرتووکە دەستم لە بەکوردیکردنی ئەوانی دیکە هەڵگرت، کە هەر یەکێکیان چەند بەشێکم تەواو کردبوون، بەڵام سەرسامیم بۆ ئەم پەرتووکە وای لێ کردم کاتی خۆم بۆ بە کوردیکردنی ئەم گەوهەرەی کتێبخانەی جیهانی تەرخان بکەم.

ئەم پەرتووکە لە ساڵی٢٠١٥ بڵاو کراوەتەوە و بە هەر یەک لە زمانەکانی پۆرتوگالی، ئیسپانی و ژاپۆنی چاپ کراوە، بەڵام سەرچاوەی وەرگرتنی ئەم پەرتووکە سوودم لە یەکێک لە وێبسایتە وەرزشییە عەرەبییەکان وەرگرت، کاتێک بینیم هەفتانە نووسەری میسری ‹محەمەد فولی›

بە دوانزە بەش ئەم پەرتووکەی بۆ سەر زمانی عەرەبی وەرگێڕا. دوای وەرگێڕانی هەر بەشێکی بۆ سەر زمانی عەرەبی، دەستبەجێ دەستم بە کاری بەکوردیکردنی دەکرد. پاش وەرگێڕانی پەرتووکی **خۆرخێ مێندێس**، گەیشتمە ئەو باوەڕەی کارێکی هەڵەیە ڕاستەوخۆ و بەبێ هیچ زانیارییەکی سەرەتایی سەبارەت بە دنیای بریکاری جێبەجێکاری یاریزانانی تۆپی پێ ئەم پەرتووکە دەرخواردی خوێنەری کوردزمان بدەم، بۆیە لەپێناو بەرچاوڕۆشنیی خوێنەری ئەم پەرتووکە پێشەکییەکم سەبارەت بە داتا و زانیاری و وردەکاریی مێژووی سەرهەڵدانی دنیای بریکاری بۆ خوێنەری ئازیز خستووەتە ڕوو، هاوکات باسی ژمارەیەک بریکاری کاریگەری نێو بازاڕی مێرکاتۆم کردووە.

بە هیوام ئەم پەرتووکە کەلێنێکی بچووک لە کتێبخانەی کوردی و لە بەشە هەرە هەژارەکەی وەرزش پڕ بکاتەوە.

ئەحمەد سەنگاوی

٢٨-٤-٢٠١٦ سلێمانی

# سەرەتایەك

ڕەنگە تێگەیشتنی عاشقانی تۆپی پێ سەبارەت بە یاریزانە پیشەگەرەکان بە جۆرێک بێت، کە پێیان وا بێت ئەستێرەکانی تۆپی پێ لە چۆنییەتی بڕیاردان لەمەڕ چارەنووسی خۆیان خاوەنی سەربەستی و خۆبەڕێوەبەریی ڕەهان، بەتایبەت لە ئازادیی هەڵبژاردن و خەونبینین بۆ ڕووکردنە ڕیزی هەر خول و یانەیەکی تۆپی پێ، کە ئارەزووی بکەن و کەی بیانەوێت ڕیزی یانەکەی خۆیان جێ بهێڵن. ڕەنگە جۆرە تێگەیشتنێک سەبارەت بە یاریزانانی تۆپی پێ دروست بووبێت، کە یاریزانە بەناوبانگەکان ئامانج، ئارەزوو و خەونەکانیان شتێکە خۆیان بڕیاری لەسەر دەدەن، بەڵام بە تێگەیشتن و وردبوونەوە لە ڕۆڵی بریکاری جێبەجێکاری یاریزانانی تۆپی پێ، ڕووداوەکانی پشت پەردە و دوور لە چاوی کامێراکان و پێڕانەگەیشتنی زانیارییەکان بۆ سەر ڕووپەڕی ویبسایت و پەڕەی ڕۆژنامەکان، شتێکی دیکەمان بۆ ئاشکرا بکات و پەردە لەسەر نهێنییەکی شاراوە هەڵبماڵێت. بەشێکی کەم لە هەوادارانی ئەستێرە بەناوبانگەکانی تۆپی پێ، یان یاریزانە پیشەگەرەکان، پەی بەو ڕاستییە شاراوە و نەزانراوە دەبەن، کە خەڵکانێک هەن لە سەروو یاریزانەکانەوە بڕیار لەسەر

چارەنووس و خەونەکانیان دەدەن، کەسانێک لە پشتی پەردەوە کاریگەریی لەسەر بڕیاری یاریزانەکان دروست دەکەن، کە ئەوانیش بریکاری جێبەجێکاری یاریزانانی تۆپی پێن. ئەوە بریکاری ئەستێرەکانی تۆپی پێیە بڕیار لەسەر ڕۆیشتن، یان هەڵبژاردنی یانەیەکی نوێ بۆ یاریزانەکان دەدەن و هەر بریکارەکانن لەسەر بڕیاردان هێزێکی گەورەی بڕواپێهێنانیان بە ئەستێرەکان هەیە. ڕەنگە بۆ خەڵکانێکی کەم ئەو ڕاستییە زانراو بێت، کە بەشێکی بەرچاوی ئەستێرەکانی تۆپی پێ خۆیان و چارەنووسیان ڕادەستی بریکارەکانی تۆپی پێ دەکەن و لە چۆنییەتی جێبەجێکردنی کارەکانیان لەمەڕ دانووستان و نوێکردنەوە، یان هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستەکان، خاوەنداریتییان دەکەن. لە چەند دەیەی ڕابوردوودا بریکاری یاریزانانی تۆپی پێ ڕۆڵی سەرەکییان تەنیا پردی بەستنەوەی نێوان یاریزان و یانەکان بوو، هەروەها لە بەرانبەر بڕەپارەیەکی کەم بە ئەنجامدانی چەند کارێکی ڕۆتینی هەڵدەستان، بەڵام دواتر ئەم ڕۆڵە لاوەکییەی بریکاران گۆڕانێکی گەورەی بەسەردا هات و پیشەکەیان لە کارێکی ڕۆتینی و لاوەکییەوە بۆ بە پیشەیەکی فەرمیی و دانپێدانراو گۆڕا، دوای ئەوەی لە لایەن فیدراسیۆنی تۆپی پێی جیهانی ناسراو بە «FIFA» ئەرک و بەرپرسیارێتیی بریکارەکان لە ساڵی ١٩٩١ بە یاسا ڕێک خرا.

ڕێژەی ناوەندیی تەمەنی بریکاری یاریزانانی تۆپی پێ چلودوو ساڵییە و دەبێ لانی کەم دوو زمانی بیانی بزانن. ژنانیش ڕێژەی (٣.٤٪) لە جیهانی بریکاری یاریزانانی تۆپی پێ پێک دەهێنن. بەشی زۆری بریکارەکانی تۆپی پێ

هەڵگری بڕوانامەی دۆکتۆرا و ماجستێرن، هاوکات نیوەیان ئەو جۆرە کەسانەن، کە باگراوەندێکی وەرزشییان هەیە، بۆ نموونە پێشتر یاریزان، یان ڕاهێنەر، یان لە بواری کارگێڕی وەرزشیی کاریان کردووە. ناوەندی لێکۆڵینەوەی وەرزشیی، کە بە ‹CIES› ناسراوە، ڕاپۆرتێکی تێروتەسەلی لە ساڵی٢٠١٢ سەبارەت بە ئاشکراکردنی قازانجی ماددیی بریکارەکانی تۆپی پێ بڵاو کردەوە، کە ئاماژە بەوە دەکات قازانجی ماددیی بریکارەکانی تۆپی پێ لە کیشوەری ئەورووپا ساڵانە بە پێنجسەدوسیوهەشت ملیۆن دۆلار مەزەندە دەکرێت.

لە نوێترین توێژینەوەی سەنتەری لێکۆڵینەوەی وەرزشیی ‹CIES› کۆمەڵێک ئاماری تایبەت بە بریکارەکان خستووەتە ڕوو، کە لێرەدا بەشێک لە ئامارەکان دەخەینە ڕوو:

- ڕێژەی ناوەندی تەمەنی بریکارەکان چلودوو ساڵە.
- ڕێژەی ٣.٤٪ بریکارەکان لە ڕەگەزی مێ پێک هاتوون.
- سێ لەسەر چواری بریکارەکان دەرچووی زانکۆکانن.
- ڕێژەی ٧٤٪ی بریکارەکان هەڵگریی بڕوانامەی زانکۆکانن. ٢٦٪ی هەڵگری بڕوانامەی ماجیستێرن. ٧٪ی هەڵگری بڕوانامەی دکتۆران.
- ڕێژەی ٥٤٪ بریکارەکان پێش هاتنەناو بواری بریکاری یاریزانانی تۆپی پێ، لە بواری یاریی تۆپی پێ وەرزشیان کردووە، ٢٣٪ی ئەو ڕێژەیە یاریزانی تۆپی پێ بوون. ١٣٪ی ئەو ڕێژەیە دۆزەرەوەی یاریزانە بەهرەدارەکان

بوون. ٨٪ی ئەو ڕێژەیە کاری ڕاهێنەرییان کردووە. هەروەها بە ڕێژەی ٥٪ لە ستافی هونەری کاریان کردووە، یان یاریدەدەری ڕاهێنەر بوون.

- ڕێژەی ٧١٪ی بریکارەکان زیاد لە زمانێکی بیانی دەزانن.
- ڕێژەی ٤٢٪ی بریکارەکان پێشتر کەسانی شارەزای بوارەکە بوون، ئەمەیش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی، کە زۆربەی بریکارەکان سەرنجیان لەسەر یاریزانە تازەپێگەیشتووە بەهرەدارەکانە.

بەپێی ئەم توێژینەوەیە کۆی ژمارەی بریکارەکانی یاریزانانی تۆپی پێ لە سەرانسەری جیهان ‹٦٠٨٢› بریکارن، ‹٢٤٠٥› لەو ڕێژەیە لە کیشوەری ئەورووپا و نوێنەرایەتیی یاریزانانی خولەکانی کیشوەری ئەورووپا دەکەن، بەتایبەت پاڵەوانێتییە نێوخۆییە بەهێزەکانی لە چەشنی خولی ‹ئینگلیزی، ئیتاڵی، ئیسپانی، ئەڵمانی و فەڕەنسی›. ‹٨٢› لەو ڕێژە بریکارە بە تەنیا خاوەنی کۆمپانیای تایبەت بە بازاڕی گواستنەوەن. بەپێی توێژینەوی سەنتەری وەرزشیی ‹CIES› قازانجی ساڵانەی بریکارەکانی ئەورووپا لە سەروو سەد ملیۆن یۆرۆ پێوانە دەکرێت.

ڕێژەی گواستنەوەی یاریزانان لە کیشوەری ئەورووپا، پەنجا لە سەدی گرێبەستی یاریزانانی جیهان پێک دەهێنێت، هەروەها خەرجیی گرێبەستەکانی گواستنەوەی یاریزانان لە کیشوەری ئەورووپا ڕێژەی هەشتا لە سەدی خەرجیی بازاڕی گواستنەوەی یاریزانانی جیهان پێک دەهێنێت.

## ئەو دە وڵاتە کامانەن زۆرترین بڕە پارەیان لە بازاڕی گواستنەوەی یاریزانانی تۆپی پێ خەرج کردووە لە سەرانسەری جیهاندا؟

لە یەنایەری ٢٠١١ تا مانگی یۆنیۆی ٢٠١٤، تەنیا گرێبەستە فەرمییەکان بەپێی ئامار بە داتا و ژمارە ئەمانە بوون:

گواستنەوەی یاریزانان لە ئیسپانیا بۆ ئینگلتەرا
(٤٢٤ ملیۆن دۆلار)
گواستنەوەی یاریزانان لە ئیتاڵیا بۆ فڕەنسا
(٣٧٤ ملیۆن دۆلار)
گواستنەوەی یاریزانان لە فەڕەنسا بۆ ئینگلتەرا
(٣٣٦ ملیۆن دۆلار)
گواستنەوەی یاریزانان لە ئینگلتەرا بۆ ئیسپانیا
(٣١٠ ملیۆن دۆلار)
گواستنەوەی یاریزانان لە ئیسپانیا بۆ ئیتاڵیا
(٣٠٤ ملیۆن دۆلار)
گواستنەوەی یاریزانان لە ئیتاڵیا بۆ ئینگلتەرا
(٢٧٣ ملیۆن دۆلار)
گواستنەوەی یاریزانان لە پۆرتۆگال بۆ ئیسپانیا
(٢١٥ ملیۆن دۆلار)
گواستنەوەی یاریزانان لە ئەڵمانیا بۆ ئینگلتەرا
(٢١٥ ملیۆن دۆلار)
گواستنەوەی یاریزانان لە هۆڵەندا بۆ ئینگلتەرا
(١٧٦ ملیۆن دۆلار)
گواستنەوەی یاریزانان لە بەڕازیل بۆ ئۆکرانیا
(١٥١ ملیۆن دۆلار).

کەسانێکی

لەم ساڵانەی دواییدا گۆڕەپانی تۆپی پێ کاریگەری لە بواری بریکاریی جێبەجێکار بە خۆوە بینی، هاوکات چەندین کۆمپانیای پەیوەست بە گواستنەوەی یاریزانان پەیدا بوون، کە توانییان دەست بەسەر ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەستێرەکانی تۆپی پێ بگرن، بە جۆرێک بوون بە بڕیاردەری ئەستێرەکان و وەک دەمڕاست و خاوەن بڕیاری کۆتاییی ئەوان ڕەفتاریان کردووە، هەروەها دەستێکی باڵایان لە گواستنەوەی یاریزانان بۆ یانەکان هەبووە و توانایان بەسەر ئەوەدا شکاوە. توانیویانە کاریگەریی گەورە لەسەر چۆنییەتی ئەنجامدانی گرێبەستەکان دابنێن. جیهانی تۆپی پێ ئاشنایە بە ناوی ژمارەیەکی بەرچاو لە بریکارە بەناوبانگەکان، چونکە کاریگەرییەکی گەورەیان لەسەر بەرزبوونەوەی نرخی یاریزانان و گواستنەوەی ئەستێرەکان بۆ یانە گەورەکان هەبووە. بە دیوێکی دیکەدا بەشێکی بەرچاو لە ئەستێرە ناودارەکان بڕوایان بە خۆدانەدەستی بریکار نییە و بە پێویستی نازانن بریکاری جێبەجێکاریان هەبێت. دەتوانم بڵێم متمانەیان بە بریکار نییە و ئەو ئەرکە بە کەسە نزیکەکانی خۆیان دەسپێرن، بۆ نموونە ڕۆناڵدینهۆ، براکەی بریکارییەتی. بریکاری مێسی باوکییەتی. نێیمار، باوکی بریکارییەتی و...هتد. بە هەرحاڵ، جۆری سپاردنی ئەم ئەرکە لە یاریزانێکەوە بۆ یاریزانێکی دیکە جیاوازە. یاریزانێکی وەک کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ نەک هەر چارەنووس و بڕیارەکانی لەسەر ئاییندەی خۆی لە جیهانی تۆپی پێ ڕادەستی **خۆرخێ مێندێس** کردووە، بەڵکو بە چاوی باوک تەماشای **خۆرخێ** دەکات و بە باوکی ڕۆحی

ڕۆناڵدۆ ناوبانگی پەیدا کردووە. بە کورتی دوور لە هەر خواروخێچی و گەندەڵییەک لە کاری بریکارەکان، بەڵام ئەوە بریکارەکانن توانیویانە ساڵ دوای ساڵ نرخی ئەستێرەکانی تۆپی پێ بەرەو هەڵکشان ببەن، ئەوەتا نرخی یاریزانی تۆپی پێ هەبووە سەد ملیۆن دۆلاری تێپەڕاندووە، ئەمەیش پشکی گەورەی بەر ئەزموونگەری و جۆری مامەڵەکردنی بریکارەکان دەکەوێت.

## بە کێ دەگوترێت بریکاری یاریزانانی تۆپی پێ، یان کێن ئەوانەی پێیان دەگوترێت بریکاری یاریزانان؟

بریکاری جێبەجێکاری یاریزانان کەسانێکی ئاساییـن و لە بەرانبەر بەدەستخستنی بڕێک داهاتی ماددی یاریزانێک بۆ یانەیەکی دیکە دەگوازنەوە و ڕۆڵی پردی پەیوەندیی نێوان هەردوو یانە دەبینن، هەڵبەت ئەمە دانوستاندن دوای دانوستاندن، پاشان دانوساندن، تا واژۆکردنی گرێبەست لەگەڵ یاریزان بە کۆتا دەگات. ئەمەیش لە ڕێگەی پێشنیارکردنی یاریزانێک بۆ سەرۆک و ڕاهێنەری یانەکانی دیکە لەپێناو گەیشتنە ڕێککەوتن بە مەبەستی گواستنەوەی یاریزانان ئەنجام دەدرێت. ئەم ڕێککەوتن و واژۆکردن و گواستنەوەیە بەپێی ئەو یاسا و ڕێسایانەی لە لایەن فیفا، یان یەکێتییە وەرزشییە ناوخۆییەکان نووسراوە جێبەجێ دەکرێت.

## چۆن مۆڵەت بە کەسێک دەدرێت وەک بریکاری یاریزانان دەستبەکار بێت

سـەرەتا پێویسـتە بریـکارەکان خـاوەن بڕوانامـەی فەرمـی و باوەڕپێکـراو بـن. هـاوکات فیدراسـیۆنی وەرزشـیی وڵاتەکـەی پاڵپشـتی بکات و سەبارەت بەوەی کەسـێکی ئاسـاییە و لارییان نییـە لەسـەر ئـەوەی ئـەم ئەرکـە لـە ئەسـتۆ بگرێت.

هەمـوو یاریزانێـک و یانەیـەک سەربەسـتە لـەوەی خـاوەن بریـکار بێـت یـان نـا بـۆ جێبەجێکـردن و سەرپەرشـتیکردنی کارەکانیـان، سـەبارەت بـە دانوسـتاندن و گواسـتنەوەیان بـۆ هـەر شـوێنێک ئـارەزووی دەکـەن، یـان پیاداچوونـەوە بـە گرێبەسـتەکانیاندا بکـەن، واتـە ئەمـە بڕیارێکـە یاریـزان بـە شێوەیەکی ئارەزوومەندانە بریکار بۆ جێبەجێکردنی کارەکانی دەستنیشـان دەکات.

مێـژووی بریـکاری یاریزانانـی تۆپـی پـێ، تەمەنـی لـە بیسـتوپێنج سـاڵ تێپـەڕ نـاکات و دیاردەیەکـی تـازەی نێـو جیهانـی تۆپـی پێیـە.

بە پێویستی دەزانـم بە ئاوڕدانـەوە لـە ویسـتگە گرنگەکانی ئـەم تەمەنـە کورتـەی بریـکاران چەنـد سـەرنج و زانیارییـەک بخەمـە ڕوو.

## قۆناغەکانی گەشەکردنی جیهانی بریکاری تایبەتی یاریزانانی تۆپی پێ لە بیستوپێنج ساڵی ڕابوردوودا:

پێش ساڵی ١٩٩٠ شتێک نەبوو ناوی بریکاری یاریزانانی تۆپی پێ بێت بەو شێوە فەرمییەی ئێستا هەیە. ئەوەی هەبوو بریتی بوو لە هەندێک پارێزەر، یان باوک، یاخود برا، یانیش دۆست و هاوڕێی نزیکی یاریزانان، کە سەرپەرشتی کارەکانی یاریزانانیان دەکرد. بەشی هەرە زۆری یاریزانانی تۆپی پێ و ئەستێرە پیشەگەرەکان لە بنەڕەتدا بریکاری تایبەتییان نەبوو، چونکە ئەوکات کۆی ژمارەی بریکارانی یاریزانان، تەنیا سیوحەوت کەس بوون.

ساڵی ١٩٩٥ بە شێوەیەکی گشتی دنیای بریکارەکان لەسەر ئاستی کیشوەری ئەورووپا بازێکی گەورەی بۆ پێشەوە هاویشت، دوای ئەوەی گۆڕان بەسەر سیستمی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا هات و ئەم سیستمەی نوێیە پەیدا بوو، کە زیاد لە بیست ساڵە بەردەوامی هەیە، بە ناوی (خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا) چونکە ئەم گۆڕانکارییە هێزێکی زیاتری بە یانە بەشدارەکان بەخشی و پەلکێشی نێو دنیای کێبڕکێی کردن بۆ واژۆکردنی گرێبەست لەگەڵ یاریزانە ئاستبەرزەکان. لە هەمان کاتدا فیدراسیۆنی تۆپی پێی ئەورووپا وەک هاندان و بەهێزتربوونی خولەکە کۆمەڵێک پاداشتی ماددی بۆ یانە بەشدارەکان بە چەند قۆناغێک زیاد کرد، ئەمەیش یارمەتیدەر بوو تا بازاڕی گواستنەوەی

یاریزانـان فراوانتـر بێـت و یانـەکان هەوڵـی خـەرجکردنـی بڕەپارەی زیاتر بـدەن، بەتایبـەت لـە خولی ئینگلیزی و دوای فرۆشـتنی مافـی گواسـتنەوەی یارییەکانـی ئـەم خولـە لـە سـاڵی١٩٩٢، کـە هـۆکار بـوو تـا داهاتێکـی زۆر بڕژێتـە نێـو خەزێنـەی یانـە بەشـداربووەکانی خولـی ئینگلیـزی، هـەر بۆیـە گرانترین گرێبەسـت لـە مێـژووی خولـی ئینگلیـزی لـە بـازاڕی گواسـتنەوەی یاریزانـان تۆمـار کـرا، ئەویـش بـە گواسـتنەوەی ئەندی کۆڵ لـە یانـەی نیوکاسـڵ یونایتد بۆ یانـەی مانچێسـتەر یونایتـد بـە بـڕی حـەوت ملیـۆن پاوەنـد.

سـاڵی١٩٩٤ داهـات و مامەڵـەی بریـکارەکان لـە ملیارێـک پاوەنـد نزیـک بـووەوە. بریـاری یەکـەم و بەناوبانگـی خولـی ئینگلیـزی پـاوڵ سـتریفۆرد بـوو، دواتـر لـە ناسـاندنی دیارترین بریکارەکانـی بـازاڕی گواسـتنەوە وردەکاریـی زیاتـر سـەبارەت بـەم بریـکارە ئینگلیزییـە دەخەمـە ڕوو، کـە کارەکانی سـتریتفۆرد پشتبەسـتوو بـە سیسـتمی تۆمارکردنـی نـاوی یاریزانـەکان لـە فیفـا جێبەجـێ دەکـرد.

## ساڵی ٢٠٠١

فیدراسیۆنی تۆپی پێی جیهانی ناسراو بە فیفا، ئەو سیستمەی هەڵوەشاندەوە، کە بۆ کاری بریکاری یاریزانانی تۆپی پێ پشتی پێ دەبەست، کە ناوی یاریزانەکان لە ڕێگەی فیدراسیۆنی خولە نێوخۆییەکانەوە تۆمار دەکرا، پاشان بڕیار درا ناوی سەرجەم یاریزانانی بازاڕی گواستنەوە لە پێگەی فەرمی فیفا لە یەک کاتدا ناوی یاریزانەکان و بریکارەکان تۆمار بکرێت. بۆ زانیاریی زیاتر دەتوانن لە ڕێگەی ئەم لینکەوە هەموو زانیارییەک لەو بارەیەوە بەردەست بخەن.
http://www.fifa.com/aboutfifa/organisation/footballgovernance/playeragents/list.html

## ساڵی ٢٠٠٤

لەو ساڵەدا کاری بریکارەکان لە تاکەکەسەوە بۆ کۆمپانیای تایبەت بە بازاڕی گواستنەوەی یاریزانان گۆڕدرا، دوای ئەوەی لە ساڵی ٢٠٠٠ بریکارەکان دەیانتوانی خاوەندارێتیی یاریزانەکان بکەن و خۆیان مامەڵە بە چارەنووسی یاریزانانەوە بکەن. ئەو کارە لە ساڵی ٢٠٠٠ بە شێوەیەکی فەرمیی لە وڵاتی پۆرتوگال دەستی پێ کرد، پاشان ئەم مۆدێلە بۆ وڵاتانی ئیسپانیا و تورکیا و ئەوانی تر گوازرایەوە، ئەو کۆمپانیانە بە یاسا کارەکانیان ڕێک خرابوو تا ئەندازەیەکی زۆر دەسەڵاتی کارکردنیان پێ دراوە.

# ساڵی ٢٠١٠

لـەم ساڵەدا کۆمەڵێک گۆڕانکاریی گـەورە بەسـەر جیهانـی بریکاری یاریزانانی تۆپی پێ هاتە گۆڕێ، تا دەهات بازنەی ئەم کارکردنە فراوانتر دەبوو، دوای ڕاگەیاندنی سیستمی ‹FIFA TMS›، کە لە لایەن فیدراسیۆنی تۆپی پێی جیهانی لە ساڵی ٢٠١١ ڕاگەیەنرا بـە مەبەستی تۆمارکردنـی نـاوی یاریزانانـی بـازاڕی گواستنەوە. لـەو کاتـەوە تـا هەنووکـە سـەرجەم گواستنەوەی یاریزانـان لە سەرانسەری جیهان لە ڕێگەی ئەم سیستمەوە جێبەجێ دەکرێت، بـەڵام جـاران تەنیـا لـە ڕێگـەی ناردنـی ئیمەیـڵ، یـان فاکسـێک بـۆ فیدراسـیۆنە ناوخۆییـەکان جێبەجێ دەکـرا، بـەڵام دوای دانانـی سیسـتمی ‹FIFA TMS› سـەرجەم گواستنەوەکان تەنیـا و تەنیا لـە ڕێگەی فیدراسیۆنی تۆپی پێی جیهانییەوە ئەنجام دەدرێت. پێویستە نـاوی بریکاری یاریزانـان لـە فیدراسـیۆنی خولـە ناوخۆییـەکان تۆمـار کرابێت، لەبـەر ئەوەی لە ڕابوردوودا لـە حەفتا لـە سەدی گواستنەوەی یاریزانـەکان لە لایـەن ئـەو کەسانەوە ئەنجام دەدران، نەناسن و و ناسـنامەیان ئاشکرا نییە، ئەوەیش کێشـە و گرفتـی زۆری دروسـت کردبـوو، هـاوکات جۆرێکیـش بـوو لـە بازرگانیکردن بـە مرۆڤـەوە، بەتایبـەت لـە کیشـوەری ئەفریقـا، هـەر بۆیـە لـە بەرانبـەر ئـەم جـۆرە مامەڵەیـەدا فیفـا بـەوە تۆمەتبـار دەکـرا، کـە دەسـتبارگری ئـەم جـۆرە بریکارە بێناسـنامانە دەکات، کـە بـە چەشـنی کۆیلـە بازرگانیـی بـە مرۆڤـەوە دەکـەن، ئەمەیـش کێشـەیەکی گـەورەی خوڵقاندبـوو، بـۆ نموونـە بـۆ ئەنجامدانـی

گرێبەست لەگەڵ تەنیا یاریزانێک بریکارەکە نوێنەرایەتیی یانەیەکی تۆپی پێی دەکرد، چەندی دەست دەکەوت، چەندی بڕی گرێبەستەکە بۆ خۆی دەبوو؟ کەس هیچی لەبارەی وردەکاریی گرێبەستەکان نەدەزانی، چونکە ئەو کاتە سیستمێکی ڕوون و ئاشکرا نەبوو تا بزانرێت شێوەی ئەنجامدانی گرێبەستەکان چۆن بووە. ئەمەیش وای کرد ئەم جۆرە مامەڵەیە بە لای فیفاوە قابیلی قەبووڵکردن نەبێت و بەپێی مەرج و یاسای تایبەتی دەبێ ئەو کارە جێبەجێ بکرێت و کەس نەتوانێ لە پشتی پەردەوە و بە شێوەیەکی ناڕوون چی ویست، ئەنجامی بدات، بەتایبەت ڕێکخراوێکی زەبەلاحی بە چەشنی فیفا نابێ هێندە دەستەوەستان بێت لە ئاست مامەڵەی چەند کەسێکی نەناسراودا و سیمای تۆپی پێ بشێوێنن، بۆیە چووە ژێر باری ئەم بەرپرسیارێتییە و ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی سیستمێکەوە چاودێری سەرجەم بازاڕی گواستنەوەی یاریزانانی جیهان دەکات.

## ساڵی ٢٠١٣

ڕێککەوتنێک لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوە واژۆ کرا:

١- ڕێک کەوتن لەسەر ئەوەی ئەو سیستمە هەڵبوەشێندرێتەوە، کە بریکارەکان بۆ گواستنەوەی یاریزانان تەنیا مۆڵەت لە فیفا وەربگرن، بۆیە پێویستە لە پێگەی فەرمی فیفا ناوی خۆیان و یاریزانان تۆمار بکەن.

٢- پابەندبوون بە هەموو پێوەرە ستانداردەکانی گواستنەوەی یاریزانان.

٣- لە ڕێگەی سیستمی تۆماری بریکارەکان لە پێگەی فەرمیی فیفا بچێتە بواری جێبەجێکردن و دەبێ لەسەر لیستی بریکارەکە ناوی یاریزانان تۆمار بکرێت.

ئەم ڕێککەوتنە تا ساڵی٢٠١٥ کاری پێ دەکرێت و پاشان فیفا ئازادە لەوەی سەرلەنوێ پێداچوونە بەسەر برگە و بابەتی یاساکاندا بکات.

## لە بازاڕی گواستنەوەی ڕۆڵی لایەنی سێیەم چییە، واتە لەنێوان یاریزان و یانە، لایەنێکی دیکە مافی دەستێوەردانی لە گواستنەوەی یاریزان هەبێت؟

لە ئەورووپا ڕێگریی لە بەشداریکردنی هەر یاریزانێک دەکرا، کە لایەنی سێیەم لە گرێبەستەکەی پشکدار بووایە (تاکەکەس، کۆمپانیا و سندووقی وەبەرهێنان)، بەڵام تەمەنی ئەم یاسایە زۆر درێژەی نەکێشا، کە ساڵی٢٠١٥ کەوتە بواری جێبەجێ کردنەوە و دوای تێپەڕبوونی ماوەیەکی کەم بەسەر دەرچوونی ئەم یاسایە؛ سەرلەنوێ هەڵوەشێنرایەوە. (ئێستا هەر یاریزانێکی بەشدار لە خول و پاڵەوانێتییە ئەورووپییەکان دەتوانێ لە لایەن کۆمپانیاکانەوە خاوەندارێتیی بکرێت، بەڵام ناتوانێ گرێبەستەکەی لەگەڵ تیپەکە نوێ، یان درێژ بکاتەوە.) لە ئینگلتەرا لە ساڵی٢٠٠٦ بە بڕیاری فیدراسیۆنی تۆپی پێی ئینگلیزی مافی خاوەندارێتیی لایەنی سێیەم قەدەغە کرا، ئەمەیش دوای ڕووداوەکەی کارلۆس تیفێز و خافییەر ماسکێرانۆ لەگەڵ یانەی وێستهام. بە بڕیارێکی فیدراسیۆنی

تۆپی پێی ئینگلیزی هیچ یاریزانێک مافی بەشداریکردنی لە خولی ئینگلیزی نییە ئەگەر هاتوو مافی خاوەندارێتیی لە لایەنی سێیەمەوە هەبێت. تەنیا ئەو یاریزانە بۆی هەیە لە خولەکە بەشداریی بکات، کە پێشتر مەرج و یاساکانی گواستنەوەی یاریزانانی خولی ئینگلیزی بەسەردا جێبەجێ کرابێت.

ئێستاشی لەگەڵ بێت ئەم سیستمە لە هەندێ وڵاتی ئەورووپی کاری پێ دەکرێت، لەوانە ئیسپانیا، پۆرتۆگال و تورکیا، دیارترین و زەقترینیان کۆمپانیای ‹جیستی فوتی›یە، کە **خۆرخێ مێندێس** لە پۆرتۆگال بەڕێوەبەرییەتی، بەڵام یاسا و ڕێساکانی ئەم کۆمپانیایە زۆر جیاوازترە لە سەرجەم کۆمپانیاکانی دیکە و بە تەواوی بە مەرجەکانی فیفاوە پابەند دەبێت.

خاوەندارێتیی لایەنی سێیەمی یاریزان هێشتا لە زۆر وڵات جێبەجێ دەکرێت، بەتایبەت لە ئەرجەنتین و بەڕازیل، بۆ نموونە یانەکانی بەڕازیل و ئەرجەنین، حەفتا لە سەدی داهاتی گرێبەستی یاریزانەکان دەچێتە خەزێنەی کۆمپانیاکانەوە، کە خۆیان وەک لایەنی سێیەم ناساندووە و وای دادەنێن خاوەنی یاریزانەکەن، ئەم کۆمپانیا تایبەتانەی گرێبەستی یاریزانان دەچن گرێبەستێکی درێژخایەن لەگەڵ ئەو خونچە تازەپێگەیشتووانەی فێرگەکانی تۆپی پێ واژۆ دەکەن، کە تەمەنیان لە خوار پانزە ساڵییەوەیە. هەروەها ڕێککەوتنێکی هاوبەش لەگەڵ یاریزانی ناوبراو واژۆ دەکەن، کە ساڵانە برەپارەیەک بە یاریزانی ناوبراو بدرێت. هەندێ کۆمپانیای دیکەی تایبەت بە گرێبەستکردن لەگەڵ یاریزانان، بۆ نموونە

کۆمپانیـای ‹Media Sports Investment Limited›، کـە کورتـراوەی ناوەکـەی ‹MSI› لەگـەڵ یانـەی کۆرێنتیانسـی بەڕازیلی لەسـەر ئەوە ڕێک کەوتبوون بڕی بیسـتویەک ملیۆن دۆلار بـە یانـەی کۆرێنتیانـس بدات، دواتریـش بـۆ مـاوەی دە سـاڵ بـڕی سـیوپێنج ملیـۆن دۆلار لـە بەرانبـەر وەرگرتنـی پەنجاویـەک لـە سـەدی قازانجـی داهاتـی گرێبەسـتی یاریزانانـی فرۆشـراو بـە یانەکە بدات. بـە درێژایـی ئـەو دە سـاڵەی هەردوو لا لەسـەری ڕێـک کەوتبـوون. ئـەم ڕێککەوتنـە لـە سـاڵی٢٠٠٤ لەنێـوان هـەردوو لا چـووە بـواری جێبەجێکردنـەوە، هـاوکات ئەو مافەیـان پـێ درابـوو خاوەندارێتیی یاریزانانـی یانەکە بکـەن لـە فرۆشـتنیان بـەو یانـەی، کـە هـەم کۆمپانیاکـە و هـەم یاریزانـی ناوبراو ئارەزووی دەکات پێوەندییـان پێوە بـکات، کـە خواسـتی لەسـەرییەتی؛ هـەروەک ئـەوەی لـە گرێبەسـتی ماسـکێرانۆو تێڤێـز لەگـەڵ وێسـتهام ڕووی دا.

ئـەوەی بـە زنجیـرە و قۆنـاغ بـە قۆنـاغ باسـم کـرد بریتـی بـوو لـە قۆناغەکانـی گەشـەکردنی سیسـتمی بریکارەکانـی یاریزانانـی تۆپـی پـێ و گۆڕانکارییـەکان بەپێـی سـاڵ و دەرکردنـی یاسـای نـوێ و هەڵوەشـاندنەوە، یـان گۆڕانکاریـی لـە بڕگـە یاسـاییەکانی تایبـەت بـە کاری بریکارەکان، کـە لەگـەڵ قۆنـاغ و سـەردەمەکەدا بگونجێـت و چۆنییەتـی چارەسـەرکردنی ئاریشـەکان لـە قۆناغـە جیاواز جیاوازەکانـی بیسـتوپێنج سـاڵی ڕابـوردوو.

## چۆن هەندێک لە بریکارەکان دەتوانن باز بەسەر یاساکاندا بدەن و یاساشکێنیی بکەن؟

گەشەکردنی کردەی بریکاری یاریزانان لە باوک، یان براوە بۆ کەسی تایبەتمەند، یان کۆمپانیای تایبەت بە بازاڕی گواستنەوە بۆ خاوەنداریێتیی یاریزانەکان گۆڕدرا، تا گەیشت بەوەی یانەکان لە لایەن سەرمایەدار و ملیاردێرەکانەوە بکڕدرێت.

هەروەک چۆن هەموو شتێک لە ژیاندا بەپێی تێپەڕبوونی کات گۆڕانی بەسەردا دێت؛ شتگەلێک ئەمڕۆ بە جۆرێک مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت و سبەی بە جۆرێکی دیکە، هەروەک چۆن ژیان و زەمەن لە بەریەککەوتن و پێکدادانێکی هەمیشەیی و نەبڕاوەدایە، هاوزەمان بەربەرەکانێ لەگەڵ گەشەکردن و تێپەڕاندنی قۆناغەکان، بەڵام بەربەرەکانێی ئەم باسەی ئێمە زاڵبوونی ئاوەزی یاریزانانە بەسەر بیرۆکەکانی ڕابوردوو، هاوکات کێبڕکێیە بۆ خۆنوێکردنەوە و گۆڕانکاریی بەسەر بیرۆکە و یاسا کۆنەکاندا. لە ڕابوردوودا بە دیاریکراویی پێش ساڵی ۱۹۹۰ لە سەرانسەری جیهان و لە بواری بازاڕی گواستنەوە تەنیا سیوحەوت بریکاری یاریزانان هەبوون. زۆربەی ئەو کەسانەی وەک بریکاری یاریزانان ڕۆڵیان دەبینی بە تەواوی خۆیان بۆ کاری بریکاری یەکلایی نەکردبووەوە، بەڵکو چەندین کار و بەرپرسیارێتیی دیکەیان هەبوو، یان ئیشی ماڵەوەیان دەکرد، یان هاوکاری تیپی شارەکانیان دەکرد، یانیش دۆستێکی نزیکی یاریزانەکان

بوون. بە کورتی ئەم کارە بە شێوەیەکی پیشەگەرانە ئەنجام نەدەدرا.

لە ئەڵمانیا و ئینگلتەرا بیرۆکەی گواستنەوەی یاریزانان لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٠ بۆ کۆمپانیا گۆڕدرا. سیستمی بازاڕی گواستنەوە و چۆنییەتی جێبەجێکردنی ئەم کارە بە بەراورد بە خول و پاڵەوانێتیی وڵاتانی دیکە گەشەیەکی بەرچاو و پێشکەوتنێکی گەورەی بە خۆیەوە بینی، بە جۆرێک ئەم مۆدێلە هاوچەرخەی ئەڵمانیا و ئینگلتەرا وردە وردە بۆ وڵاتانی دیکە گوازرایەوە. لای زۆرییەکەی کەسێک، کە کاری بریکاری دەکات دەبێت خاوەنی حەوسەڵەیەکی لەتاقەتبەدەر بێت، دەتوانێ سەرپەرشتی دە یاریزان بکات و ئەرکەکانیان بە شێوەیەکی دروست ڕاپەڕێنێت، لە کاتێکدا کۆمپانیایەکی تایبەت بە گواستەوەی یاریزانان دەتوانێ زیاد لە سەد یاریزان لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە، ئەمەیش ژمارەیەکی گەورەیە لەم بوارەدا و دەتوانێ بازنەی کارکردنی بریکارەکان لە ڕێگەی کۆمپانیاکانەوە گەورەتر بکات.

کاری بریکار تەنیا لەوەدا کورت نابێتەوە ڕۆڵی کەسێکی دانووستانکار لەنێوان یاریزان و هەردوو یانەدا ببینێ و ئیدی لەگەڵ واژۆکردنی گرێبەستی یاریزانەکە ئیشی ئەو کۆتاییی دێت، بە پێچەوانەوە کاریان ئەوەیە ڕۆڵیان لە پاڵپشتیکردنی یاریزانان هەبێت و کاریگەریی ئەرێنییان لەسەر بەرزکردنەوەی نرخیان لە بازاڕی مێرکاتۆ هەبێت. هەوڵی ئەوە بدەن بە نرخێکی گران یاریزانی ناوبراو بگوازنەوە. ئەوە کاریگەریی ڕۆڵی بریکارەکانە وای کردووە بە ماوەیەکی کەم نرخی یاریزان بەو ئەندازە سەیرە ڕوو لە هەڵکشان

بکات و بچێتە سەروو سەد ملیۆن یۆرۆ. دەبێ ڕۆڵیان لە بەرزکردنەوەی مووچەی ساڵانە، مانگانە و هەفتانەی یاریزانان هەبێ. بە کورتی دەبێ ڕۆڵێکی گەورە لە ژیانی یاریزانی ناوبراو بگێڕن لەوەی داهاتی یاریزانەکە ڕوو لە زۆربوون بکات.

ئێستا لە جیهانی تۆپی پێ دەبینین یاریزانەکان لە زۆربەی ڕێکلامە بازرگانییەکاندا دەردەکەون و بەشداریی دەکەن، بۆ نموونە هەندێکیان لە پێنج ڕێکلامی بازرگانی جیاواز دەردەکەون، بەتایبەت ئەستێرە بەناوبانگەکان. پرسیاری جەوهەری ئەوەیە بریکارەکان چۆن ئەم جۆرە کارانە جێبەجێ دەکەن؟ ئەوە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە فراونکردنی بازنەی ئیشکردن و دەوڵەمەندبوونی یاریزان کارێکی هێند ئاسان نییە تا یاریزانەکە خۆی بتوانێ ئەو پێوەندییە دروست بکات و ڕاستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ کۆمپانیاکان بکات، بەڵکو ئەمە لە ڕێگەی کۆمپانیاوە جێبەجێ دەکرێت. بۆ تەنیا کەسێک (باوک و برا) ئاسان نییە ئەم کارە ئەنجام بدات، بەڵکو ڕێکخستنی ئەم جۆرە ئیشانە بە ئاسانی و لە ڕێگەی کۆمپانیای تایبەت بە خاوەندارێتیی یاریزان جێبەجێ دەکرێت، واتە زەمینەسازیی بۆ لێکنزیککردنەوەی کۆمپانیاکانی ڕێکلام و ئەستێرەکانی تۆپی پێ لە ڕێگەی کۆمپانیاکانی بریکاری یاریزانانی تۆپی پێ ئاسانتر دێتە دەست.

بابەتی گواستنەوەی یاریزانانی تۆپی پێ بەشێکی یەکجار گرنگ لە جیهانی تۆپی پێ پێک دەهێنێت. وەک دەبینین هەموو وەرزێک لەنێوان یانەکاندا هەزاران یاریزان دەگوازرێنەوە. ملیۆنان یۆرۆ لەو پێناوەدا خەرج دەکرێت. تەنانەت زۆر جار

بە ئامانجی گواستنەوەی یاریزانانی تۆپی پێ چەند ملیارێک خەرج دەکرێت.

بەپێی ڕاپۆرتێک لە لایەن فیدراسیۆنی تۆپی پێی جیهانی ناسراو بە فیفا، کە بە سیستمی ‹FIFA TMS› ناسراوە، بڵاو کراوەتەوە لە ‹١-١-٢٠١٤ تا ٣١-٥-٢٠١٤› ڕێژەی یاریزانانی گوازراوەی نێوان یانەکان پێنجهەزار یاریزان بووە. بە تێچووی حەوتسەد ملیۆن دۆلار، ئەمە بەرزترین ڕێژەی خەرجکردنی داهات نییە لە بازاڕی گواستنەوەی یاریزانان، چونکە لە هەندێ قۆناغدا ئەو ڕێژەیە بۆ پێنج ملیار دۆلار بەرز بووەتەوە.

بەپێی ئاماری هەمان پێگە ‹FIFA TMS› لە ساڵی ٢٠١٣ کۆی گرێبەستەکانی وڵاتان ‹لەناوخۆی وڵاتان› تەنیا گرێبەستەکانی خولە ناوخۆییەکانی جیهان سێ ملیار و شەستونۆ ملیۆن دۆلار دەخەمڵێندرێت، کە‹١١٩٣٨› یاریزان تەنیا لە خولە ناوخۆییەکاندا گوازراونەتەوە.

هەر بەپێی ڕاپۆرتەکە گرێبەستی نێوان دە وڵات لەنێو خۆیاندا تەنیا لە ساڵی٢٠١٣ بڕی سێ ملیار و یانزە ملیۆن دۆلاریان بۆ گواستنەوەی یاریزانان خەرج کردووە، بەبێ هەژمارکردنی گرێبەستەکانی خولی ناوخۆی وڵاتان، کە دەکاتە ڕێژەی هەشتاوچوار لە سەدی ژمارەی یاریزانانی گوازراوەی نێوان ئەم دە وڵاتە ‹٢٦٢١› یاریزان بووە، کە دەکاتە ڕێژەی بیستودوو لە سەدی هەموو گرێبەستەکانی جیهان.

ساڵی٢٠١٣ تەنیا بیستوپێنج یانە لەنێوان هەموو یانەکانی سەرانسەری جیهان زۆرترین پارەیان لە بازاڕی گواستنەوەی

یاریزانـان خـەرج دەکـەن، کـە بـە دوو ملیـار و چوارده ملیۆن دۆلار پێوانـە دەکرێت.

هەندێـک وای دەبینـن بریـکاری یاریزانانـی تۆپـی پێ سـیمبوولی نەهامەتـی و وێرانکاریـی یانەکانـن، بۆچوونێکـی دیکـە پاڵپشـتی کاری بریـکارەکان دەکات، بـەڵام قسـەکردن لەسـەر بریکاری یاریزانانی تۆپی پێ لـەوە قووڵتره لـە هێمای نەفـرەت و هیوابەخشـی کـورت بکرێتـەوە. لـە جیهانـی تۆپـی پێ هیچ شتێک هێندەی بریـکاری یاریزانانی تۆپی پێ نابێتە جێگـەی قسەوباسـی تەماشـاکەران و هەوادارانـی تۆپـی پێ، چونکـە ئـەوان لـە ڕووی کارگێـڕی و ئابووریيـەوە بەرپرسـی سـەرەکیی کاروبارەکانی یاریزانان و ڕاهێنەرانن. بە شێوەیەکی گشـتی بریکارەکانـی تۆپـی پێ بـە لای دەزگەکانـی ڕاگەیانـدن کەسـانی ناسـراون و مێدیا سـەرنجێکی زۆر لەسـەر بۆچوونـی بریـکارەکان بـۆ ئاشـکراکردنی زانیاریـی لەسـەر گواسـتنەوەی یاریزانـان دادەنێت، بـە جۆرێک وەک سـەرچاوەی باوەڕپێکراو پشـت بـە بۆچوونـی بریکارەکان دەبەسـتن، بەتایبـەت لـە ماوەی «مێرکاتـۆ» بـازاڕی گواسـتنەوەی یاریزانـان، لـە پەیوەندیـدا بـە دانووسـتاندن سـەبارەت بـە نوێکردنـەوەی گرێبەسـت، یـان هەڵوەشـاندنەوە، یانیش ناکۆکی لەسـەر چوونـی ئـەم یـان ئـەو یاریـزان، ئـەم یـان ئـەو ڕاهێنـەر بـۆ ئـەم یـان ئـەو یانـەی دیکـە. واتـە بریـکارەکان لـە گواسـتەوەی یاریزانـان و گەیاندنی یاریزان و ڕاهێنـەران بـە یانـەکان ڕۆڵـی سـەرەکی دەبینـن، هەروەهـا ئـەوە بریکارەکانـن پێوەندیـی خۆشەویسـتیی نێوان یاریـزان و هەوادارانـی یانەکـە کۆتاییـی پێ دەهێنن. سـەبارەت بـە سـەرۆکی یانـەکان، بریـکارەکان بـە لای ئەوانـەوە دانووسـتانکەری گیـرن

و مکوورِن لەسەر ئەوەی بۆ گواستنەوەی هەر یاریزانێک بڕەپارەیەکی زۆر لەپێناو گواستنەوەی یاریزانان بە دەست بهێنن، چونکە لەو ڕێگەیەوە قازانجێکی ماددیی زۆر بە خۆیان و یاریزانەکان دەگەیەنن. بە لای هاندەرانی یانەکانی تۆپی پێ بریکارەکان کەسانی دووڕوو و درۆزنن؛ خۆویست و خۆپەرستن، چونکە بەهۆی بڕیاری بریکارەکانەوە یانەکان لە باشترین ئەستێرەکان بێبەش دەبن و کۆتاییی بە خۆشەویستیی نێوان ئەستێرەکان و هاندەران دەهێنن.

ڕۆژنامەی تێلگرافی بەریتانی چاوپێکەوتنی لەگەڵ چەندین بریکاری کارەکانی یاریزانان ئەنجام داوە، کە پێچەوانەی ئەم بۆچوونە نێگەتیڤە لەمەڕ بریکارەکان بە دیار دەخات. تێلگراف، ئاشکرای دەکات بەشێک لە بریکارەکان لای سەرۆکی یانەکان خاوەن ڕێز و پایە و متمانەیەکی یەکجار بەرزن. ئەوان ڕۆڵی باوکی ڕۆحی و پاڵپشتیکەریی ئەستێرەکان دەبینن.

لەم سەردەمەدا بەشی زۆری بریکاری یاریزانانی تۆپی پێ جۆری مامەڵەکردنیان بایەخدان و ئاگاداربوونە لە ڕەوشی یاریزانە لاوەکان و ڕۆڵی باوکێکی خەمخۆر بۆ یاریزانە گەنجەکان دەبینن، بەتایبەت ئەو یاریزانە تازەپێشگەیشتووانەی باگراوەندێکی پڕ لە هەژاری و نەهامەتییان هەیە، لە ژینگەی ئاڵۆزەوە ڕوویان لە جیهانی تۆپی پێ کردووە و بە هیوایەکی بێسنوورەوە لە داهاتووی خۆیان دەڕوانن، بەتایبەتتر بەهرەمەندەکانی کیشوەری ئەفریقا، چونکە ئەوان هەر بە منداڵی دەخرێنە خوندنگەکانی پێگەیاندنی یاریزانانی تۆپی پێ و هیچ ئاشنایەتی و ئەزموونێکی ژیانیان لە ڕووی کراوەنەوە بە ڕووی چواردەورەکەیان نییە بەتایبەت کاتێک

ڕوو لە کیشوەری ئەورووپا دەکەن. ناشزانن چۆن مامەڵە بەو داهات و دەستکەوتە ماددییەوە بکەن، کە لە ڕێگەی یاریی تۆپی پێ بە دەستی دەهێنن. نازانن چۆن لەگەڵ ئەو پارەی بە دەستی دەخەن مامەڵە بکەن و عەقڵییەتێکی سەرکەوتوویی پاشەکەوتکردنیان نییە و لە ماوەیەکی کەمدا هەمووی تەخشان و پەخشان دەکەن، بەڵام بریکارەکان دەستبارگریی و چاودێریی یاریزانە لاوەکان دەکەن کاتێک پێ دەنێنە نێو دارستانی تۆپی پێ.

لای زۆرییەکەی پیشەی یاریزانی یاریی تۆپی پێ پانزە بۆ بیست ساڵە. بریکاری سەرکەوتوو دەتوانێ بە شێوەیەکی دروست هاوکاری و ڕێنمایی یاریزانەکەی بکات، بۆ ئەوەی دنیایەکی پیشەگەریی سەرکەوتوو دروست بکات. بە شێوەیەکی ژیرانە مامەڵە لەگەڵ پارەکانی بکات لەپێناو گەرەنتی ژیانی داهاتووی پاش وازهێنانی لە یاریی تۆپی پێ. بریکارەکان دەتوانن پلان و بەرنامەیەکی دروست بۆ ژیانی یاریزانەکان دابنێن تاوەکو زیادەڕۆیی لە خەرجکردن و بەهەدەردانی پارە نەکەن لە خواردنەوەی مادە هۆشبەرەکان و مژۆڵبوون بە یانە شەوانەییەکان.

## «خۆرخێ مێندێس بناسە»

**خۆرخێ پاولۆ ئۆگەستینۆ مێندێس**، لە‹٧›ی کانونی دووەمی سالّی١٩٦٧ لە شاری لیشبۆنەی پایتەختی پۆرتۆگال لە دایک بووە. بە شێوەیەکی سادە بە **خۆرخێ مێندێس** ناسراوە. بریکارێکی پۆرتۆگالییە. ناوی ئەم بریکارەی یاریزانانی تۆپی پێ لە فیدراسیۆنی تۆپی پێی پۆرتۆگال تۆمار کراوە. **مێندێس** سەرۆکایەتیی کۆمپانیای جیستی فۆت ‹Gesti Fute› دەکات، کە کاری ئەم کۆمپانیایە دابینکردنی خزمەتگوزاریی بریکار بۆ یاریزانەکان دەگرێتە ئەستۆ و لە سالّی ‹١٩٩٦›ەوە دامەزراوە. ژمارەی کارمەندانی کۆمپانیای جیستی فۆت زیاتر لە سی کارمەند دەبێت.

**مێندێس** یەکێکە لە کاریگەرترین بریکارەکانی بازاڕی گواستنەوەی یاریزانانی تۆپی پێ لە جیهاندا و لەنێو بریکارەکاندا خاوەنی زۆرترین ئالّوگۆڕی یاریزانانە و لەگەڵ ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە یاریزانانی ناوداری تۆپی پێ و ڕاهێنەران بە سیفەتی بریکاری ئەرکی سەرپەرشتیکردنی یاریزانانی جێبەجێ کردووە، بەتایبەت لە گواستنەوەی ئەستێرەکانی تۆپی پێ بۆ یانە گەورەکان، هاوکات چەندین ڕاهێنەر لەژێر سەرپەرشتیی ناوبراودا پێوەندییان بە یانە گەورەکانی تۆپی پێ کردووە، لەوانە ‹نونۆ ئیسپریتۆ سانتۆ، دییگۆ کۆستا، یاسین ئیبراهیمی، خۆسێ مۆرینیۆ، لویز فلیپی سکۆلاری، کارلۆس کیرۆش، سیماو ساپرۆسا، ئەندەرسۆن، فابیۆ کوێنتراو، کلیبەر پیپی، ئانخێل دیماریا، کریستیانۆ

ڕۆناڵدۆ، ڕادۆمێل فالکاو گارسیا، ڕیکاردۆ کارڤالیۆ، لویس نانی، ڕیکاردۆ کواریزما، بوراک یەلمان، جواو مۆتینیۆ، جێمس ڕۆدریگێز، دێڤد دیخیا و ڤیکتۆر ڤالدیز› زۆربەی کات مێندیس وەک سووپەری نێو بریکارەکان نێوزەند دەکرێت.
هەر لە هەرەتی لاویتی و بە دیاریکراوی لە تەمەنی بیست ساڵیدا وەکو یاریزانێکی تۆپی پێ دەستی پێ کرد، بەڵام هەر زوو هیوای بۆ بوون بە یاریزانێکی پرۆفیشناڵ و کارامە پووکایەوە، ئەمەیش بەهۆی ڕەتکردنەوەی لە لایەن چەند یانەیەکی پۆرتۆگالییەوە بوو، هەر بۆیە ڕوو لە کار دەکات و چەندین شێوەکارکردن تاقی دەکاتەوە، تا دەگات بەوەی لەگەڵ هاوڕێیەکی نزیک بە هاوبەشی یانەیەکی شەوانە ‹بار› بە ڕێوە دەبەن، کە لە کەناراوەکانی کامینیا ڕێستورانت و یانەیەکی شەوانە دادەمەزرێنن و بەردەوام خەڵکانێکی زۆر روویان لێ دەکەن، هەر بۆیە خۆرخێ ئاشنایەتیی لەگەڵ نونۆ ئیسپریتۆ سانتۆی گۆڵپارێزی پێشووی ڤیتۆریا گیوماریش و ڕاهێنەری پێشووی ڤالێنسیا پەیدا دەکات. ئەم لێکنزیکبوونەوە و دۆستایەتییەی نێوان مێندیس و نونۆ ڕێگە بۆ والاکردنی دەرگەیەکی نوێ بۆ چوونەنێو ژیانی بازاڕی گواستنەوە بۆ مێندیس دەکاتەوە، ئاخر ئەم پێوەندییە سەر بۆ بەشدارییکردنی خۆرخێ لە جیهانی بریکاری یاریزانانی تۆپی پێ دەکێشێت. یەکەم ڕێککەوتنی مێندیس وەک بریکاری تۆپی پێ لە ساڵی ١٩٩٦ دەست پێ دەکات، کاتێک کاری گواستنەوەی نونۆی لەئەستۆ گرت و گۆڵپارێزەکەی ڤیتۆریا گیوماریشی بۆ یانەی دیپۆرتیڤۆ لاکەرۆنیای ئیسپانی گواستەوە. پاش جێبەجێکردنی ئەم کارە، مێندیس سەرنجی

زۆربەی یاریزانە پۆرتۆگالییەکانی بە لای خۆیدا ڕادەکێشێت، هەر بۆیە یاریزان هۆگۆ ڤییەنای لە یانەی سپۆرتینگ لیشبۆنەوە بە بڕی دوانزە ملیۆن یۆرۆ بۆ یانەی نیوکاسل یونایتدی ئینگلیزی گواستەوە، هەروەها جۆرج ئەندرادێی بەرگریکاری یانەی پۆرتۆ بۆ ڕیزەکانی یانەی یۆڤێنتۆس دەگوازێتەوە. بە کورتی لای هەرە زۆرییەکەی ئەو یاریزانانەی پۆرتۆگال، یان یاریزانە پیشگەرەکانی خولی پۆرتۆگال لە ڕێگەی ‹مێندێس›ـەوە پێوەندیی بە یانە بەهێز و مەزنەکانی ئەورووپا دەکەن. بەشێکی گەورەی سەرکەوتنەکانی خۆرخێ لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، کە هەمیشە ئامادەییی بەردەوامی لە تەماشاکردن و هەڵسەنگاندنی یاریزانانی یاریی تۆپی پێی خوێندنگەکانی پۆرتۆگال و لێوردبوونەوەی لە ئاستی یاریزانە تازەپێگەیشتووەکانی یانەکانی تۆپی پێ لە ئاستە جۆربەجۆرەکاندا، هەبووە، هەروەها ڕۆڵێکی بالای لە ئاشکراکردن و ناساندنی ئەستێرە تازەپێشگەیشتووەکانی بە چەشنی کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ و ڕیکاردۆ کوارێزما هەبوو.

## بریکارە ناسراوەکانی بازاڕی گواستنەوە و ناوە کاریگەرەکانی مێژووی بریکاریی یاریزانانی تۆپی پێ کێن؟

### خۆرخێ مێندێس- Jorge Mendes

بەو پێیەی **خۆرخێ مێندێس** بە یەکێک لە کاریگەرترین و بەناوبانگترین بریکاری یاریزانانی تۆپی پێ هەژمار دەکرێت و لە یەک کاتدا پێوەندییەکی پتەوی لەگەڵ یاریزانان، ڕاهێنەران و سەرۆکی یانەکان هەیە. **خۆرخێ** بە ئەختەبووتی پێوەندیی ناوبانگی پەیدا کردووە، کە پێشتر سەرپەرشتیاری یەکێک لە یانە شەوانەییەکان بووە لە شاری لیشبۆنە ‹کۆمپانیای جێستی فۆتی›، بریکاری ژمارەیەکی زۆر لە یاریزانانی ‹بەڕازیل، ئەرجەنتین، ئیسپانیا، فەڕەنسا، کۆلۆمبیا و پۆرتۆگال›ـە. **مێندێس** بە هەر یەک لە زمانەکانی ئیتالی، ئیسپانی، ئینگلیزی، فەڕەنسی و پۆرتۆگالی قسە دەکات. بەپێی ئامارێک سەرجەمی ئەو گرێبەستانەی لەژێر سەرپەرشتیی **مێندێس** بە ڕێوە چوون بە زیاد لە ملیارێک یۆرۆ مەزەندە دەکرێت. تەنیا ساڵی ٢٠١٥ قازانجی خودی خۆی لە بازاڕی گواستنەوە بە سێ ملیۆن دۆلار پێوانە دەکرا. **مێندێس** لە تەمەنی بەرپرسیارێتیی بریکاریدا لە هەموو ئاستەکانی تەمەندا نوێنەرایەتیی زیاد لە دووسەد یاریزانی کردووە، بەڵام گرنگترین و ناودارترین ئەو ئەستێرانەی تۆپی پێ، کە **خۆرخێ** وەک بریکار سەرقاڵی جێبەجێکردنی کارەکانیانە، پێک هاتوون لە خۆسێ مۆرینیۆ، کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ، فاڵکاو، دیماریا، دیخیا، جێمس ڕۆدریگێز و دیێگۆ کۆستا.

## مینۆ ڕایۆلا

لـه دنیـای تۆپـی پـێ ژمارەیەکـی یەکجـار زۆر بریـکاری یاریزانـان هەیـە، بـەڵام دیارتریـن و ناودارترینیـان ‹مینـۆ ڕایۆلا›یـە، کـە بریـکاری کارەکانـی ئەسـتێرەکانی لـە چەشـنی زلاتـان ئیبراهیمۆڤیـج، ئیدیسـۆن کاڤانـی، پـۆڵ پۆگبـا، هێنریـک موختاریـان و ماریـۆ بالۆتێلـی و...هتـد.

ڕایۆلای ئیتاڵی بـەوە ناسـراوە، کـە لێدوانـی سـەیروسـەمەرە دەدات. گواسـتنەوەی بەردەوامـی زلاتـان ئیبراهیمۆڤیـج بـۆ ژمارەیەکـی یەکجـار زۆر لـە یانەکانـی یۆڤنتـۆس، ئینتەرمیـلان، ئـەی سـی میـلان، بارسـێلۆنا و پاریـس سـانجێرمان لـە ڕووی مادییـەوە خزمەتێکـی زۆری بـە مینـۆ ڕاپۆلا و یانـەکان و خـودی ئیبرایـش کـردووە. ئـەم بریـکارە دەتوانـێ بـە هەشـت زمانـی زینـدوو قسـە بکات.

## جۆزێف ماریا مانگێلا- Josep Maria Minguella

ئەم بریکارە ئیسپانییە زمانی کەتەلۆنی بە باشی دەزانێت. مانگێلا ئەو کەسەیە، کە مێسی بۆ بارسێلۆنا گواستەوە، دوای ئەوەی یەکەم کەس بوو گرێبەستی لەسەر پەڕەی کاغەز لەگەڵ مێسی واژۆ کرد، لە ترسی ئەوەی نەبادا یانەیەکی دیکە فرسەت بهێنێت و ئەم یاریزانە منداڵەی ئەرجەنتین ببات. لیۆنێل مێسی، یەکەم ئەستێرە نییە، کە مانگێلای تەمەن حەفتاوچوار ساڵ بۆ ڕیزەکانی بارسێلۆنای گواستبێتەوە، بەڵکو هۆکاری سەرەکیی پشت گواستنەوەی ڕیڤاڵدۆ، ڕۆماریۆ، ستۆیچکۆڤ و مارادۆنا بووە بۆ ڕیزەکانی یانەی بارسێلۆنای ئیسپانی.

## پۆڵ ستریتفۆرد- Paul Stretforf

ستریتفۆرد بە یەکێک لە دێرینترین بریکارەکانی یاریزانانی تۆپی پێ هەژمار دەکرێت، کە زۆربەی ئەو یاریزانانەی لەسەر دەستی ئەم بریکارە ئەنجام دراون قسەوباسی زۆریان بە دوای خۆیاندا هێناوە، بە جۆرێک کاتی خۆی پێوەندییەکانی لەگەڵ سێر ئەلێکس فێرگسۆن ئاڵۆزیی تێکەوت، تا کار گەیشت بە ڕادەی تێکچوونی پێوەندییان. لە هەمان کاتدا بەڵێندەری گواستنەوەی وەین ڕوونی بوو لە یانەی ئیڤەرتۆنی ئینگلیزییەوە بۆ ڕیزەکانی یانەی مانچێستەر یونایتد. ئەم کەسایەتییە بەهۆی لادان لە یاساکانی بازاڕی گواستنەوە ڕووبەڕووی کۆمەڵێک کەیسی دادگایی بووەتەوە. سریتفۆرد زۆر جار بەوە تۆمەتبار دەکرێت بازاڕی گواستنەوەی یاریزانانی خولی ئینگلیزیی بۆ بەرژەوەندیی خۆی قۆرخ کردووە. سریتفۆرد نوێنەرایەتیی دەیان ئەستێرەی گەنج دەکات. ئەم بریکارە پێوەندییەکی پتەوی لەگەڵ **خۆرخێ مێندێس**، بریکاری پۆرتۆگاڵ هەیە و ڕۆڵێکی باڵای لە دروستکردنی چۆنییەتی ئاسانکاریی نێوان یانە ئینگلیزیی و پۆرتۆگالییەکان هەبووە بە مەبەستی گواستنەوەی یاریزانانی خولی پۆرتۆگالی بۆ خولی ئینگلیزی.

## جۆناسان بارنێت- Jonathan Barnett

قسەکردن لەسەر بارنێت، هیچی کەمتر نییە لە قسەکردن لەسەر ستریتفۆرد. ئەم ئینگلیزییە، ڕۆڵێکی باڵای لە وێستگەی ژیانی لینکۆس لویس، یاریزانی جیهانی شەڕە مشتەکۆڵە، هەبووە. هەروەها لایەنێکی سەرەکی گرێبەستە گەورەکەی

گاریس بەیل بوو، کە لە یانەی تۆتێنهامی ئینگلیزییەوە پێوەندیی بە یانەی ڕیاڵ مەدریدی ئیسپانییەوە کرد. جۆناسان بریکاری هەر یەکە لە جۆ هارت و ئەشلی کۆلی ئینگلیزییە.

## ڤۆلکەر ستروت- Volker Struth

ڤۆلکەر وەک بریکارێکی بەناوبانگی بازاڕی گواستنەوەی یاریزانانی تۆپی پێ، هەژموونێکی گەورەی بەسەر بازاڕی گواستنەوەی یاریزانانی خولی بۆندسلیگەی ئەڵمانی هەیە، هەروەها بەر لە هاتنەناو دنیای بریکاریی، پێشتر بازرگانیی فرۆشتنی ئۆتۆمۆبیلی دەکرد، کە وەک نوێنەری کۆمپانیای (Sport Total) کاری دەکرد. بەشی زۆری ئەستێرەکانی ئەڵمانیا ئەم نوێنەرایەتییان دەکات، لەوانە مارکۆ ڕیۆس، ماریۆ گۆتزە، تۆنی کرووس و هۆڤیدیس.

## پیری گواردیۆلا - Pere Guardiola

پیری، برای پێپ گواردیۆلای ڕاهێنەرە، هاوکات بریکار و جێبەجێکاری کارەکانی پێپ گواردیۆلایە، هاوسۆزی بۆ یانەی بارسێلۆنا ئاسانکاریی زۆری بۆ سەرکەوتنی کارەکانی ئەم بریکارە کردووە. هەر پیری بوو وەک بریکاری لویس سواریز ڕۆڵێکی یەکجار گرنگی لە گواستنەوەی ئەم یاریزانە بۆ یانەی بارسێلۆنا بینی، کە پێش واژۆکردنی گرێبەست لەگەڵ بارسا ناوی سواریز بە چەندین یانەی گەورەی جیهانییەوە گرێ درابوو، بەڵام ئەنجام پیری توانی لە گواستنەوەی لویس سواریز بۆ ڕیزی بارسێلۆنا سەرکەوتوو بێت، هاوکات بریکاری کارەکانی تیگۆ ئەلکانتارایە و لە

ڕێگـەی پیـری گواردیـۆلاوە تیاگـۆ بـۆ یانـەی باریـن میونشـن گوازرایـەوە. ئـەم کەتەلۆنییـە بریکاریـی ژمارەیەکـی بەرچـاو لە یاریزانانـی تازەپێگەیشتووی ئیسپانیا و وڵاتانـی ئەمریکای باشـووره.

## جیرۆم ئەندەرسۆن- Jerome Anderson

هۆکاری سـەرەکی پشت ڕازیبوونـی ژمارەیەک ئەسـتێرەی بەناوبانگی مێژووی تۆپی پێ بووە، بەوەی ئامادە بن درێـی یانـەی ئەرسـینال بپۆشـن، جیـرۆم ئەندەرسـۆنی بریـکاری یاریزانانـی تۆپی پێ توانـی ڕۆڵێکـی ئەرێنـی لـە گواسـتنەوەی دینیس بێرکامـپ، تێری هێنـری، تۆنـی ئەدامـز و وایـن ڕایت لـە پۆشـینی درێـی یانـەی گەنـارز ببینێت. هەروەها بریکاری یاریزانـان (جـۆن ئۆبـی میکێـل، کیـران گیبیـس و ئەکسـێڵ فێستێل)ـە و ئێسـتا بـە یەکێـک لـە ناسـراوترین بریکارەکانـی جیهانـی تۆپـی پێ ناوزەنـد دەکرێـت.

## پینی زاڤی- Pini Zahavi

لـە جیهانـی بریکارەکانـی تۆپـی پێ، زاڤـی بـە ئەندازیـاری گواستنەوەی یاریزانانی یانەی چێڵسـی ناوبانگی دەرکردووە، بەتایبـەت لەسـەردەمی سـەرۆکایەتیی ڕۆمـان ئەبرامۆڤیجـی ملیاردێری ڕووسـی و بە کەسـێکی نزیک لـە سـەرۆکی یانـەی چێڵسـی نێوزەنـد دەکرێـت. توانیویەتـی لـە بـازاڕی گواسـتەوە نوێنەرایەتیی ژمارەیەکـی بەرچـاو لـە ئەسـتێرەکانی تۆپـی پێ بکات. دیارترینیـان کارلـۆس تێڤێـز و ڕیـۆ فێردینانـد.

## سیزاری کۆچاریسکی- Cezary Kucharski

کۆچاریسکی ، هێرشبەری پێشووی هەڵبژاردەی پۆڵەندایە و لە لیگا لە یانەی وارسۆ یاریی کردووە، ساڵی٢٠٠٦ واز لە وێستگەی یاریکردن دەهێنێت و ڕوو لە جیهانی بریکاریی یاریزانان دەکات، ئێستا نوێنەرایەتیی ڕۆبێرت لیڤاندۆڤێسکی، ئەستێرەی ناوداری یانەی بایرن میونشن و هەڵبژاردەی پۆڵەندا دەکات. لە پاڵیشیدا نوێنەرایەتیی ژمارەیەکی بەرچاو لە یاریزانە ئەڵمانی و پۆڵەنییەکان دەکات. بەشێک لە هاندەرانی برووسیا دۆرتمۆندی ئەڵمانی دەڵێن ئەوە کۆچاریسکی بوو، کە وای کرد لیڤاندۆڤێسکی ڕازی بێت ڕیزی یانەی دۆرتمۆند جێ بهێڵێت و لەبری ڕیاڵ مەدرید پێوەندیی بە یانەی بارین میونشنەوە بکات.

# بەشی یەکەم

## ئەو وێنەیەی، کە هەموومان سەبارەت بە خۆرخێ مێندێس؛ باشترین بریکاری کارەکانی یاریزانانی جیهان پێی ئاشناین، کامەیە؟

ئەو پیاوەی هەمیشە وا دەردەکەوێت کەسێکی جوان و شیکپۆشە، بەردەوام بۆینباخێکی بە وەردی هەڵبژێردراو لە مل دەکات، کە جۆرێک لە ڕێکخستن لەگەڵ جلوبەرگەکەی پێک دەهێنێت. بەردەوام پێڵاوەکانی لە دوورەوە دەبریقێنەوە. هەمیشە بۆنێکی خۆشی لێ دەردەچێت. زۆربەی کات سێ مۆبایل لەنێو دەستەکانیدایە و بۆ وەڵامدانەوەی پێوەندییە تەلەفۆنییەکان بەردەوام هێدفۆن لە گوێیەکانی دەئاخنێت. ئەم پیاوە جوانپۆشە پۆرتوگالییە بەشی زۆری کاتەکانی بۆ پێوەندیی تەلەفۆنی تەرخان دەکات، چونکە زۆربەی کارەکانی بە مۆبایل جێبەجێ دەکرێن، چ تەلەفۆن بکات، یان بە پێچەوانەوە پێوەندیی پێوە بکەن. مژۆڵبوونی خۆرخێ بە پێوەندییە تەلەفۆنییەکانەوە پانتاییەکی بەرینی کاتەکانی ئەم بریکارە ناودارەی جیهانی تۆپی پێی داگیر کردووە، چونکە خودی کارەکەی پێک دێت لە پێوەندیدروستکردن لەنێوان ئەم یان ئەو یاریزان لەگەڵ ئەم یان ئەو یانەی وەرزشیی تۆپی پێ.

پێش ئەوەی **مێندێس** بگات بەو قۆناغەی نوێنەرایەتیی ئەستێرەکانی لە چەشنی کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ، خۆسێ مۆرینیۆ، دییگۆ کۆستا، دی ماریا و جێمس ڕۆدریگێز بکات، زەحمەتی و تاڵی و ناسۆری زۆری چەشتووە. ئەم وێنە گەورەیە بۆ ئەم کەسایەتییە هەروا بە ئاسانی دروست نەبووە و ڕێگەیەکی بێئەندازە سەخت و دژواری بڕیوە تا گەیشتووە بەو ئاستەی لەم چەرخەدا وەک کاریگەرترین بریکاری ئەستێرەکانی تۆپی پێ هەژمار بکرێت. ئەم پیاوە پۆرتوگالییە لە چاوتروکانێکدا ئەم دەستکەوت و ناوبانگەی بە دەست نەهێناوە. ‹پیاوێک لە پشت ئەو جوانپۆشی و شیکپۆشییەوە› هیچ کاتێک تەلەفۆنەکەی پشوو نادات و بەردەوام یان زەنگی بۆ دێت، یان بە پێچەوانەوە، بە جۆرێک پێوەندییەکی بەهێز لەنێوان **مێندێس** و تەلەفۆندا دروست بووە.

بۆ ئەوەی **خۆرخێ مێندێس** بناسین، پێویستە ئاوڕ لە ڕابوردوو و سەرگوزشتەی سەردەمی منداڵی، هەروەها تێپەڕاندنی قۆناغەکانی ژیان و بەسەرهاتی بخوێنینەوە و دواتر هەڵوەستە لەسەر بڕینی ئەو ڕێگە دڕکاوییەی بکەین، کە ئەم بریکارە پێیدا تێپەڕ بووە.

**خۆرخێ مێندێس** لە ڕێکەوتی ١٩٦٦/١/٧ لە شاری لیشبۆنەی وڵاتی پۆرتوگال لە دایک بووە.

**خۆرخێ**، ئەو کەسەی، کە بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش پێناسەی کارامەیی خۆی دەکات و دەڵێت: «منیش هاوشێوەی ملیۆنان کەسی ئەم سەرزەمینەم، کە هەموو ڕۆژێک سوورن لەسەر ئەوەی لە پێناو کارەکەیاندا تێبکۆشن و هەوڵ بدەن، بەڵام ڕەنگە جیاوازیی من ئەوە بێت هەمیشە هەوڵ دەدەم

و بە تامەزرۆیی و پەرۆشییەکی زۆرەوە کارەکانم جێبەجێ دەکەم.»

**مێندێس** لە خانەوادەیەکی دەوڵەمەند و خاوەن سەروەت و سامانی زۆر لە دایک نەبوو، کە هەموو پێداویستییەکی تێدا دابین کرابێت. هەموو پێداویستی ماڵەکەیان لە ڕێگەی پیشەکەی مانیۆلی باوکییەوە دابین دەکرا. مانوێل کارمەندی ئاسایشی کۆمپانیای ‹پترۆجال– Petrocal› بوو. ماریای دایکیشی کابانی ماڵ بوو، هاوکات **خۆرخێ مێندێس** کوڕە بچووکی خانەوادەکەی بوو. شەیدابوونێکی زۆری بۆ یاریی تۆپی پێ هەبوو، بەڵام هیچ کات نەیتوانی ببێتە یاریزانێکی سەرکەوتوو.

## کارامەییەکی خۆڕسکانە

ئەگەر لە منداڵیدا بەهرەی بوون بە یاریزانی تێدا نەبووبێت تا ببێت بە یاریزانی تۆپی پێ، بەڵام ئەم کەسایەتییە بە خۆڕسک کەسێکی کارامە بوو، بە سروشت لە کڕین و فرۆشتن کەسێکی سەرکەوتوو بوو، هەر لە تەمەنێکی زووەوە لەپێناو پەیداکردنی بژێویی ژیانی ڕۆژانە و کۆمەکی و پاڵپشتی خانەوادەکەی دەستی بە کار کرد، چونکە باری دارایی خانەوادەکەی خراپ بوو. کاتێک **خۆرخێ** دەچوو بۆ کەناراوەکانی ‹فۆنتی دی تیلها– Fonte da Telha›، کە بە چەند کیلۆمەترێک لە شاری لیشبۆنەوە دوور بوو، تەمەنی تەنیا دوانزە ساڵ بوو، بەڵام کەشوهەوای کەناراوەکە بۆ

پەیداکردنی پارە شوێنێکی گونجاو بوو، هاوکات یارمەتیدەر بوو تا **خۆرخێ** بتوانێ تێیدا کەشتی چکۆلە، جانتای چنراوی دەستی دایکی و کڵاو لەو کەناراوە بفرۆشێت و بژێویی خانەوادەکەی پێ دابین بکات.

**مێندێس** هەر لە تەمەنی منداڵییەوە عاشق و شەیدای یانەی بەنفیکا بوو. کاتێک ئیشی ڕۆژانەی تەواو دەکرد کراسەکەی دەبووە یەک پارچە ئارەقە. کاتێک کەرەستەی فرۆشتنی دەبوو تا هەموویانی نەفرۆشتایە، نەدەگەڕایەوە. هەرگیز ڕۆژێک لە ڕۆژان پارچەیەک لە کەرەستەکانی نەدەگەڕاندەوە، چونکە بابەتی نەفرۆشتن و گەڕاندنەوەی کەرەستەکان لە فەرهەنگی **خۆرخێ** بوونی نەبوو.

دوور لە ئاوڕدانەوەی سەربووردەی منداڵیی ئەم پۆرتوگالییە، **مێندێس** مرۆڤێکی زۆر کۆمەڵایەتی بوو، بە جۆرێک ئاسان نییە بتوانرێت بە وشە گوزارشتی لێ بکرێت، وەک هاوڕێکانی دەگێڕنەوە: «**مێندێس** لە سەردەمی منداڵی و گەنجییش لە بەستنی پێوەندیی لەگەڵ زۆرترین کەسدا خاوەنی ئیرادەیەکی بەهێز بووە، تەنانەت پێوەندیی هاوڕێیەتی و دۆستایەتی لەگەڵ گرووپگەلێکدا دروست دەکرد، کە پێشتر هیچ جۆرە ئاشنایەتییەکی لەگەڵیاندا نەبوو، لە هەمان کاتدا هەرچیی پێی بووایە یەکڕاست پێی دەبەخشین، بە هەمان ڕادەیش دەیویست دەورووبەرەکەی بە باشی بناسێت. ئەم هەڵسوکەوتە بوێری و ئازایەتیی لە کەسێتیی **خۆرخێ** دەرخست. هەر ئەوە وای کردووە، کە ئێستا ئەو مرۆڤە کاریگەر و بەهێز و پێگەیشتووەی لێ دروست بێت.»

هەر ئەو پێناسەکردنە سەیرەی جواو کاماتچۆی هاوڕێی

نزیکی بەسە بۆ باشترناسینی بەهێزیی کەسێتیی **خۆرخێ** لە چۆنییەتی کارامەیی لە دروستکردنی پێوەندیی لەگەڵ خەڵکە جیاوازەکان لە ئاست و بواری جیاوازدا، کاتێک لەبارەی ئەم تایبەتمەندییەی ‹**خۆرخێ**›ی هاوڕێیەوە دەڵێت: «**خۆرخێ** لە یەک کاتدا دەتوانێت لەگەڵ باراک ئۆباما و یاریزانێکی تۆپی پێ و سەرمایەدارێک و خەڵکانی ئاسایی دابنیشێت و گفتوگۆیان لەگەڵدا بکات، بێ ئەوەی بەرانبەرەکەی هەست بە وەڕسبوون و بێزاریی بکات. هاوکات بۆ هەر یەکێک لەم ئاستانەی کەسێتی، قسەی پێیە، بەبێ ئەوەی گرفتی دانیشتنی لەگەڵ کەسیاندا هەبێت و دەتوانێ لە کاتی قسەکردن چێژێکی زۆر بە بەرانبەرەکەی ببەخشێت.»

**مێندێس** تەنیا سەرقاڵی کڕین و فرۆشتن نەبوو، بەڵکو لە ڕۆژانی پشووی هەفتە، کە دەیکردە ڕۆژانی شەممە و سێشەممە، بۆ بازاڕی ‹فیریا دی لادرا› دەچوو، ئەو بازاڕە جلوبەرگی بەکارهاتووی تێدا دەفرۆشرا، ئەمیش بۆیە ئەم دوو ئیشە جیاوازەی دەکرد، تا داهاتی ئیشی یەکەمی لە کەناراوەکان بۆ یارمەتیدانی خەرجی و پێداویستییەکانی خانەوادەکەی دابین بکات و داهاتی ئیشکردنی لە بازاڕی جلوبەرگی بەکارهاتوو لە ڕۆژانی پشوودا بۆ پێداویستییەکانی خۆی تەرخان بکات.

**مێندێس**، دووکان، یان کابینەیەکی چکۆلانەی لە بازاڕی ‹فیریا دی لادرا› هەبوو، کە تێیدا جلوبەرگی بەکارهاتووی تێدا دەفرۆشت. هاوڕێیەکی سەردەمی منداڵیی بە ناوی ئینیۆ سەبارەت بە لێهاتوویی ئاوەزی **مێندێس** لە چۆنییەتی ئیشکردنی وەک فرۆشیاری جلوبەرگی کۆنە دەڵێت: «ئەو

بەهرەیەکی تایبەتی هەبوو، کە هەر لەو تەمەنە کەمەدا هەڵگری سرووشتی کەسێکی بازرگانی تێدا بە دی دەکرا. لە هەر کەسێکی دیکەی ئەو بازارە زیاتر و خێراتر جلوبەرگی بەکارهاتووی دەفرۆشت.»

لەو قۆناغەی ژیان بەو ڕادەیەش پارەپەیداکردن لە لای **مێندێس** هێندە ئامانجێکی گەورە نەبوو بۆ خۆدەوڵەمەندکردن. ئەوەتا خودی خۆی لەبارەی ئەو ڕۆژگارەوە بە دەم زەردەخەنەیەکەوە باس لە ئامانجی سەرەکی خۆی دەکات و دەڵێت: «بەردەوام ئەم بۆچوونەم بۆ هاوڕێکانم دووپات دەکردەوە، کە پێویستە جلوبەرگی زۆر بفرۆشین لەپێناو کڕینی ساندویچ، چونکە چێژێکی زۆرم لە خواردنی ساندویچ وەردەگرت، هەڵبەت لەگەڵ کۆکاکۆلا. بە هەرحاڵ، من هەر کارێک بکەم ئارەزوو دەکەم بە هەموو هێز و وزەمەوە و بە جددییەتێکی زۆرەوە ئیش و کارەکانم ئەنجام بدەم، چونکە لە کاتی ئیشکردندا ئەگەر ئەوە نەکەم ناچارم لە ماڵەوە دابنیشم، کە من هیچ کاتێک حەز بەوە ناکەم لە ماڵەوە دابنیشم.»

## فەلسەفەی کارکردن

بە هەرحاڵ، یەکەم ئیشی جێگیری **خۆرخێ میندێس** لەگەڵ کارلۆس لایای هاوڕێی نزیکی پێکەوە ئەنجامی دەدەن، کاتێک تەمەنی هەژدە ساڵ بوو، کە پێکەوە سەرقاڵی دروستکردنی ئایسکرێم بوون. ڕۆژانە پاش دروستکردنی ساردەمەنی ئایسکرێم بە ئۆتۆمۆبیلی کۆمپانیاکە دەگەڕان تا دەیانفرۆشت. ئەم کارکردنە وای کرد داهاتێکی باش بە دەست بهێنێت. لە کۆتاییی مانگدا بڕەپارەیەکی وەردەگرت، کە هەمووی دەیکردە نزیکەی دووسەد یۆرۆ.

ئێستا کارلۆس لایا بەڕێوەبەری کۆگاکانی هەمان کۆمپانیای بەرهەمە ساردەمەنییەکانە، کە بە گەنجی پێکەوە لەگەڵ **خۆرخێ میندێس** کاریان تێدا دەکرد. ئەمە تەنیا کار بووە لە ژیانی **خۆرخێ** وەک کارگوزار ئیشی کردبێت و قازانجەکەی بۆ کەسێکی دیکە بووبێت، چونکە هیچ کاتێک حەزی نەدەکرد لەژێر فەرمانی کەسێکدا ئیش بکات، هەمیشە دەیویست شتێک بۆ خۆی دروست بکات؛ خۆی بەرهەمهێن بێت و قازانجی دەستی خۆی بخوات. بە کورتی زیاتر حەزی بە ئیشی سەربەخۆ بوو، نەوەک کرێکاری و ئیشکردن لەژێر فەرمانی کەسانی دیکە.

بەهۆی ئەم ئیشە و دەستکەوتنی بڕێک پارەی باش، **خۆرخێ** یەکەم ئۆتۆمۆبیلی لە ژیانیدا کڕی، کە ئەوکات «فیات ١٢٧»ی بەکارهاتوو بوو. تا ئێستاش ئەم ئۆتۆمۆبێلە لە خەیاڵدانی ئەم پیاوە پۆرتوگالییە بووە بە یادگارییەکی

زینـدووی لەیادنەکراو، چونکـە لای **خۆرخێ** ئـەم ئۆتۆمۆبیلـە شـکۆیەکی مەزنـی هەیـە. سـەبارەت بـە بەسـەرهاتی لەگـەڵ ئۆتۆمۆبیلەکـەی، دەڵێـت: «هـەر کاتێـک پەڵەیەکـی تێدەکـەوت، هەسـتم دەکـرد دڵـم دوولـەت دەبێـت. خۆشەویسـترین ئۆتۆمۆبیـل بـوو لای مـن، دوای ئـەو ئۆتۆمۆبیلـە ‹فیـات ١٢٧›، ئۆتۆمۆبیلێکی‹رینـۆ›م هەبـوو. وا ڕاهاتبـووم لـە شـوێنی سـەرەوخوار ڕای بگـرم، هەنـدێ جـار کاری نەدەکـرد، ناچـار دەبوویـن بـە پاڵپێوەنـان بەکارمـان بخستایە، بـۆ ئـەوەی کاتـی ئیشـپێکردن بیدەمـە بـۆش. هەمیشـە بـۆ شـوێنی لێژ و شـەقام و کۆڵانـی سـەربەرەوخوار دەگـەڕام تـا ئۆتۆمۆبیلەکەمـی تێـدا بوەسـتێنم، تـا بـۆ پاڵپێوەنانیـش ئامـادە بێـت، چونکـە ئـەو سـەردەمە پـارەی تـەواوم نەبـوو چاکـی بکەمـەوە.»

سـەبارەت بـە فەلسـەفەی ژیـان **خۆرخێ مێندێس** دەڵێـت: «لـە کاری فرۆشـتندا دەبێ هەمیشـە بێ هێنانـەوەی نموونـە و بیرکردنـەوە هـەر لـە خۆتەوە ڕاسـتەوخۆ هـەوڵ بدەیت کۆمەڵێک قسـە ڕیـز بکەیـت، تـا بـاوەڕ بـە کڕیارەکـەت بهێنـی لەپێنـاو بەدەسـتهێنانی قازانـج، کاتێـک لـە شـوێنێک کار دەکەیـت، دەبێ باشـترین توانـای خـۆت پیشـان بدەیـت تـا هێـزی بڕواپێکردنـت بـە دەورووبەرەکـەت هەبێ، بـۆ ئـەوەی بتوانـی گەشـە بکەیـت. کلیلـی نهێنـی خۆگونجانـدن لەگـەڵ شـوێندا ئەوەیـە کاتـی ئـەوە هاتبێ لـەو شـوێنەدا بیت، کـە پێویسـتە لـەوێ بیت.»

## تۆپ، سەربازی و مۆرینیۆ

ڕەنگە ئەو سەردەمەی، کە تێیدا **مێندێس** بە ناچاری دەبوو ئەرکی سەربازی جێبەجێ بکات، لەو ساڵ و سەردەمەدا، کە بۆ سەردەمی گەنجیی **خۆرخێ** دەگەڕێتەوە، ڕەنگە ئەو بارگرانییەی لەسەر شانی لا بردبێت، کە بە ڕۆژ ئەرکی سەربازی دەکرد و بە شەو بۆ ماڵی خۆیان دەگەڕایەوە، واتە بەختی **خۆرخێ** لەوەدا بوو، کە دەیتوانی شەوانە لە ماڵەکەی خۆی پشوو بدات، چونکە لەو سەربازگەیەی جێگیر بووبوو هێندە لە ماڵی خۆیانەوە دوور نەبوو، تا نەتوانێ بۆ ماڵەوە بگەڕێتەوە.

## ڕەنگە مێندێس لە ئێوە جیاوازتر نەبێت، بەڵام لە هەمان کاتدا لە ئێوە جیاوازترە، چۆن؟

بە دڵنیاییەوە **خۆرخێ مێندێس** خۆشیی بە چارەی ژیانی سەربازی نەدەهات و ڕقێکی زۆری لەم بەرپرسیارێتییە دەبووەوە، چونکە فەرمانێک بوو بەسەرتدا دەسەپێنرا، بەڵام لەوەیش دڵنیا بوو لە ئەگەری ڕازینەبوونی بە جێبەجێکردنی ئەرکی سەربازی کاریگەرییەکی زۆر خراپی بەسەر کەسێتییەوە جێ دەهێشت. ئەوەتا خۆی لەو بارەیەوە دەڵێت: «ناچار بووم ئەوە قەبووڵ بکەم ئەرکی سەربازی جێبەجێ بکەم، هیچ ڕێگەچارەیەکی دیکەم نییە و دەبێ بەوە ڕازی

بم فەرمانم بەسەردا بکرێت، بەڵام من ئەم کارەم بۆ هەزم کرا و توانیم گەشە بکەم و هەوڵی سەرکەوتن بەسەر ئەم ئەرکەمدا بدەم.»

بەو هۆیەوە **خۆرخێ** کۆتاییی بە خزمەتی سەربازی هێنا، کە ئەوکات لە لیوایەکی سەربازی بوو لەسەر چیای سینترا، کە دەکەوێتە نزیکی شاری لیشبۆنەوە. لەوێ توانی سێ مەدالیا بە دەست بهێنێت، کە دەستکەوتی تاکەکەسیی بوو، لە پێشبڕکێی تیرهاوێژی و توانای جەستەیی بە دەستی هێنابوو. ئەوە یەکەم جار بوو ‹عەریف- چاوش›ێک بتوانێ لەو کارەدا سەرکەوتوو بێت و مەدالیای شانازی لە گەردن بکرێت.

سەبارەت بە ڕادەی سەختی و دژواری ئەو ڕۆژگارەی تێیدا خزمەتی سەربازی دەکرد، **خۆرخێ** دەڵێت: «هەمیشە ڕۆیشتنی ئاسایی و بە پیادەمان بووبوو بە ڕاکردنی چەند کیلۆمەتری. زۆر باش لە یادمە جارێکیان پڕۆژەیەکی سەربازیی قورس لە ناوەڕاستی چیاکە جێبەجێ دەکرا، ئەو ڕۆژگارەی ئەم پڕۆژەیە جێبەجێ دەکرا، لە یەک کاتدا هەم سەخت بوو، هەمیش بارانێکی زۆر دەباری، هێز و توانامان لەبەر بڕابوو، لەناو قوڕ و لیتاوێکی زۆر ئیشمان دەکرد. هەموو گیانمان لە قوڕ و چڵپاو هەڵکێشرابوو، لە تەوقی سەرم تا بنی پێم لەتاو ئازار بڕستی لێ بڕیبووم و بووبووم بە پارچەیەک برین. کاتێک شەو دادەهات و دونیا تاریک دەبوو، لەژێر چادرگە دەخەوتین، ئەویش لەسەر زەوییەکی ڕەق، هیچ کام لە ئێمە بەوە دڵخۆش نەبووین، کە لەو جێگەیەدا بووین، بەڵام ئەمە فەرمانێکی ناچارییە و ناتوانی ڕەتی بکەیتەوە. تۆ کە لێرەیت، پێویستە ئەو

ماوەیەی بۆت دیاری کراوە ئەرک و بەرپرسیارێتیی خۆت بە باشترین شێوە بە کۆتا بهێنیت. مەرج نییە هەموو ژیانی خزمەتکاری سەربازی بریتی بێت لە تاریکی و ڕەشی، لەو شوێنە ئێمە کەشێکی پڕ لە چێژمان بۆ خۆمان دەڕەخساند، ئەویش بە ئەنجامدانی یاریی تۆپی پێ. لێرە تۆپ بووبووە میوانێکی قەشەنگی ئێمە. **خۆرخێ** سەبارەت بە چیرۆکی یاریی تۆپی پێ لە سەردەمی بەجێهێنانی ئەرکی سەربازی دەڵێ: «بە هەموو تەمەنم یەک جار کاری ڕاهێنەریم کردووە، ئەو دەرفەتەیش ژیانی سەربازی و سەربازەکانی هاوڕێم پێیان بەخشیم. دواتر دەگەڕێمەوە بۆ سەر باسی چیرۆکی پاڵەوانێتی تۆپی پێی بچووک، کە لە هۆڵی داخراو ئەنجام دەدرا.» لەنێوان یەکە سەربازییە جیاوازەکان پاڵەوانێتییەک ساز کرا و ئەنجام تیپەکەی **خۆرخێ مێندێس** توانی پلەی یەکەم بە دەست بهێنێت.

**خۆرخێ مێندێس** دەگێڕێتەوە، کە شێوەی هەڵسوکەوتی وەک ڕاهێنەری یەکەیەکی سەربازی لێکچوون و لێکنزیکییەکی زۆری لەگەڵ بیرۆکە و پلان و تەکتیکی خۆسێ مۆرینیۆی هاونیشتمانیدا هەبوو، کە لەم سەردەمەدا پەیڕەوی دەکات: «من باوەڕێکی زۆرم بە پلانی شێوەبەرگری هەبوو، پاشان هەوڵی گەڕانەوەی تۆپمان دەدا بۆ پێی یاریزانەکانمان، هەر کاتێک هێرشبەرەکانمان گۆڵیان تۆمار دەکرد، لە خۆشیاندا هاوارمان دەکرد و ئاهەنگی خۆشیمان دەگێڕا، پاشان بە خێرایی دەگەڕاینەوە نێو کەشی یارییەکە و هەوڵی پچڕاندنی تۆپمان لەبەر پێی یاریزانانی تیپی دژبەر دەدا. بە شێوەیەک یاریمان دەکرد، کە ئێستا مۆرینیۆ پەیڕەوی دەکات.»

## گۆڕانی ڕیشەیی

لە هاوینی ساڵی ١٩٨٨ ڕووداوێکی گرنگ سەراپای ژیانی ‹**خۆرخێ مێندێس**›ی لە ڕیشەوە گۆڕی، ساڵێک پێش ئەوەی بچێتە زانکۆ بڕیاری دا بە یەکجاری واز لە پیشەی خوێندن بهێنێت و دەستبەرداریی خولیا و ئارەزووە لەمێژینەکەی بێت، کە دەیویست بۆ کۆلێژی یاسا بخوێنێت و لە ئەنجامدا ببێت بە پارێزەر. دوای بڕیاری وازهێنان لە خوێندن، بڕیاری دا بۆ شاری فیانۆ دو کاستێلۆ بچێت، ئەم شارە دەکەوێتە باکووری پۆرتوگالەوە. لەو شارە بڕیاری دا لەگەڵ براکەی بژی. ئەوکات براکەی بۆ یانەی فیانینسی ناوخۆیی یاریی دەکرد. هەر لەوێیش ئاشنایەتی لەگەڵ ئەنتۆنیۆ ئەلبەرتۆ پەیدا کرد.

**مێندێس** بەو ڕادەیە بیری بە لای یاریی تۆپی پێ نەدەچوو، هیچ کات سەرنجی لەسەر گرنگی ئەم وەرزشە نەبوو، بەڵام توانی ئەلبەرتۆی هاوڕێی بەوە قایل بکات، کە پێکەوە پرۆژەیەکی هاوبەش ئەنجام بدەن، ئەویش بازرگانیی فرۆشتنی ڤیدیۆی فیلم، بەڵام بۆ ئەنجامدانی ئەم ئیشە پێویستی بەوە بوو براکەی لە ڕووی ماددییەوە هاریکاریی بکات و پاڵپشتی بیرۆکەکەی بێت، بەڵام سەرەڕای ئەوەی براکەی ئەم بیرۆکەی ‹**مێندێس**›ی پێ نادروست و هەڵە بوو، بەڵام لە هاوکاریکردنی ماددیدا کەمتەرخەم نەبوو.

ئەمە ختووکەی بیری ‹**مێندێس**›ی دا بۆ بریکاری تۆپی پێی پیشەگەری، کە چیرۆکێکی پڕ لە چێژە بۆ ئەوەی

بـە چـاوی داهاتووبینـی تەماشـای بکەیـت. ئـەو کارامەیـی و لێهاتووییـەی لـە پشـت بیرۆکەکانـی ئـەم پیـاوەوە بـووە، کـە چـۆن بـە چەنـد قۆناغێکـی جۆربەجـۆری پێگەیشـتندا تێپەڕیـوە لـە کاتی کارکردنـی و کاتـێ سـەرقاڵی کڕیـن و فرۆشـتن بـووە. بۆ نا؟ ئەمـە سـەرەتایەک بـوو بۆ دەسـتنیشـانکردنی جێگەیـەک، تـا یانەکانـی دیکـە هەمـان بیرۆکـەی ئـەم نەبـەن و سـەرقاڵی بڵاوکردنـەوەی یاریـی ڤیدیۆیـی نەبـن، بۆیـە بڕیاری دا شـوێنێکی باشـی بازرگانـی لـە دەوروپشـتی شـارەکە بـۆ فرۆشـتنی ڤیدیـۆکان بـە کرێـی یـەک سـاڵ بگرێـت، بـەڵام دواتـر توانـی بەسـەر ڕکابەرەکانیدا سـەربکەوێت و ڕێککەوتنـە هاوبەشـەکەی نێوانیـان هەڵبوەشـێنێتەوە، کـە سـاڵانە لـە بەرانبـەر ڕێگەپێدانی تا لـەم جێگەیـە ئیش بـکات پارەیەکـی زۆر بـە شـوێنکارەکەی بدات، دواتـر شـوێنێکی گونجـاوی بـۆ فرۆشـی ڤیدیۆکانـی دۆزییـەوە، ئەویش سـەرسـووچی پاسـەکان بـوو، تـا بڵێی شـوێنێکی گونجاو بـوو، هـاوکات کرێـی دووکانیشـی نـەدەدا، بۆیـە بڕەپارەیەکـی زیاتـر دەکەوتـە چنـگ **خۆرخـێ مێندێـس**. مامەڵـەی لەگـەڵ کڕیارەکانـی نموونەیـی بـوو. هەمیشـە داوای فیلمـی دڵخـوازی خۆیـان لـێ دەکـرد و بـەردەوام هەواڵیـان دەپرسـی چـی لێ هات، چوو فیلمـی نوێ بهێنێت؟ بـەردەوام پرسـیاریان لـێ دەکرد. بە نـاو داوای فیلمیـان لـێ نەدەکرد. هـەر کەسـێکیش بچووبایـە بۆ لای لەپێنـاوی فیلمێکـدا، بـە پێنـج فیلمـەوە دەردەچـوو، چونکـە بـە جۆرێـک سـەرنجی کڕیارەکانـی ڕادەکێشـا، دەبـووە هـۆی هاندانـی کڕیارەکانـی و زیـاد لـە فیلمێکیـان لـێ دەکـڕی.

تـا دەهـات داهاتـی یانـەی ڤیدیۆیـی ڕووی لـە زیادبـوون دەکـرد، ئـەم قازانجـە زۆرەیـش بـۆ **مێندێـس** یارمەتیـدەر بـوو

تـا بـه هاوبەشـی لـه پڕۆژەیەکی دیکـەی بازرگانـی بەشـداریی بـکات، ئەویش کۆمەڵگەیەکی گەشـتوگوزاری بچـووک بـوو لـه کەناراوەکانی کاپیدیلۆس، کـه دەکەوێتـه نزیکی شـاری ‹ڤییانـا دۆ کاسـتێلۆ- Viana do Castelo› هـەر لـەوێ چێشـتخانە، مەیخانـە، مەلەوانگـە و یانەیەکـی شـەوانەی دروسـت کـرد.

**مێدنێس** پێویسـتی بـه تێپەڕبوونـی کاتێکـی زۆر نەبـوو تـا ئاشـکرا بێت پڕۆژەکـەی سـەرکەوتوو بـووە، بەڵام لـه هەمـووی گرنگتـر یانـه شـەوانەیەکەی بـوو، کـه دواتـر بـووە شـوێنی ئەنجامدانـی یەکـەم بینینـی ڕۆڵـی بریـکاری یاریزانانـی تۆپـی پـێ. بـۆ یەکەمجـار توانـی نوێنەرایەتیـی یاریزانانـی تۆپـی پـێ بـکات، دواتـر دەسـتی لـه سـەدان گرێبەسـت و گواسـتنەوەی یاریزانـان هەبـوو، بـه شـێوەیەک، کـه هەرگیـز خەیاڵـت بـه لایدا ناچێـت. سـەربووردە و چیرۆکەکانـی گواسـتنەوەی یاریزانـان بـه جۆرێکـی وا سـەیر بـووە، کـه دواتـر بـڕوات بـه باسـکردنی نایـەت.

# بەشی دووەم

## خۆرخێ مێندێس، کلیلی گرێبەستەکان
## یان یاریزان پێوەندیی پێوە دەکات، یان دەیرفێنێت.

**بەشی دووەمی چیرۆکەکانی پەرتووکی خۆرخێ مێندێس باس لە چیرۆکی یانەیەکی شەوانە دەکات.**

لە ساڵی١٩٩٦ سینەما ڕۆڵێکی گەورە لە ژیانی خۆرخێ مێندێس دەبینێت، ئەویش دوای نمایشکردنی فیلمی (ڕانسۆم- Ransom)[١] کە تێیدا (میل گیبسۆن- Mel Gibson) ڕۆڵی پاڵەوانی فیلمەکە دەگێڕێت. چیرۆکی ئەم فیلمە باس لە ڕفاندنی منداڵی سەرمایەدارێک دەکات، کە دواتر باوکی هەموو کۆششێک لەپێناو دەستکەوتنەوەی منداڵەکەی دەکات، بەڵام ئەنجام لە ڕزگارکردنی منداڵەکەی بێهیوا دەبێت. ڕەنگە

---

١ فیلمی سینەمایی ڕانسۆم- ڕزگارانە، ئەم فیلمە ئەمەریکییە باس لە تاوانی ڕفاندنی منداڵی سەرمایەدارێک دەکات، کە تێکستی فیلمەکە (ڕیچارد برایس) نووسیویەتی. لە دەرهێنانی (ڕۆن هاوارد). پاڵەوانی فیلمەکە (جیبۆس)، کە پاڵێوراو بوو بۆ بەدەسهێنانی خەڵاتی گۆڵدان گلۆپ بۆ باشترین ئەکتەری فیلم. ئەم فیلمە لە ساڵی ١٩٩٦ بڵاو کرایەوە و داهاتێکی زۆر باشی بە دەست هێنا.

چیرۆکی ئەم فیلمە تەنیا کارێکی هونەری بێت، بەڵام کەسێک ئارەزوو دەکات ئەم بیرۆکە سیخناخ لە بەدکارییە بە واقیع جێبەجێ بکات. ئەو کەسەیش ‹**خۆرخێ مێندێس**›ە، کە یەکەم کاری ڕفاندنی بە ‹نونۆ ئیسپریتۆ سانتۆ›[1]ی گۆڵپارێزی یانەی ڤیکتۆریا گویماریشی پۆرتوگالی دەست پێ دەکات. لەو ماوەیەدا **خۆرخێ مێندێس** یانەی ڤیتۆریا گویماریش ناچار دەکات مل بۆ داخوازییەکەی نونۆ بدەن، کە دەیەوێت چیتر لە ڕیزەکانی ئەم یانەیە درێژە بە کاروانی یاریکردن نەدات و پەیوەندیی بە یانەیەکی دیکەوە بکات.

بۆ زانینی سەرەتای ئەم بەسەرهاتە، پێویستە بۆ ئەو یانە شەوانەیە بگەڕێینەوە، کە **خۆرخێ مێندێس** پشکی خاوەندارێتی بەر دەکەوت. لەم یانە شەوانەییەدا شەوێک لە شەوان نونۆ ئیسپریتۆ سانتۆ لەگەڵ هاوڕێیەکی نزیکی سەردانی ئەم یانە شەوانەییە دەکات. هاوڕێکەی دۆستێکی زۆر نزیکی ‹**خۆرخێ مێندێس**›یش بوو. لەو شەوەوە تا ئێستا پەیوەندیی قووڵی

---

[1] ناوی تەواوەتی ‹نونۆ هێرلاندێر سیمۆیس ئیسپریتۆ سانتۆ›یە، لە جەنیوەری ١٩٧٤ لە دایک بووە. ئەم گۆڵپارێزە پۆرتوگالییە بۆ یانەکانی ڤیتۆریا گویماریشی پۆرتوگالی و ڤیارپیاڵی ئیسپانی یاریی کردووە، دواتر ڕوو لە یانەی دیپۆرتیڤۆ لاکرۆنیای ئیسپانی دەکات. دواتر پەیوەندیی بە ڕیزەکانی میریدا، ئۆساسونا و پۆرتۆ دەکات، دواتر بۆ یانزە یاری لەگەڵ یانەی ‹دایناමۆ مۆسکۆ›ی ڕووسی بەشدار دەبێت، ساڵی ٢٠٠٧ ڕوو لە یانەی ئاڤێس دەکات و لە پانزە یاری بەشدار دەبێت، کۆتا وێستگەی ژیانی وەرزشکاریی وەک گۆڵچی لە یانەی پۆرتۆ دەگیرسێتەوە. تێکڕای یاریکردنی لە یانەکان خۆی لە یارییدا دەبینێتەوە. لە ساڵی ٢٠٠٢ ئەزموونی کاری ڕاهێنەری تاقی دەکاتەوە و ٢٠١٢ – ٢٠١٤ ڕاهێنەری یانەی ڕیۆ ئاڤی دەبێت، پاشان لە ساڵی٢٠١٤- ٢٠١٥ دەبێتە ڕاهێنەری یانەی ‹ڤالینسیا›ی ئیسپانی، بەهۆی خراپیی ئەنجامەکانی لەگەڵ ئەو یانەیە لە ساڵی٢٠١٥ لە پۆستەکەی دوور دەخرێتەوە.

دۆستایەتیی لەنێوان **خۆرخێ** و نونۆ ئیسپریتۆ سانتۆ هەر بە گەرموگوڕی ماوەتەوە. لە سەرەتادا گفتوگۆیەکی سادە لەنێوان نونۆ و **خۆرخێ** دروست دەبێت، کە زۆرترینی ئەو بابەتانەی قسەیان لەبارەوە دەکرد، زیاتر دەربارەی یاریی تۆپی پێ بوو. ئاشنایەتیی نێوان ئەم دوو کەسایەتییە تا دەهات گەرموگوڕتر دەبوو، وای لێ هات یەکتربینینی نێوان نونۆ ئیسپریتۆی گۆلپارێزی گەنج و ‹**خۆرخێ مێندێس**›ی خاوەن یانەی شەوانەیی بوو بە یەکتربینینی هەفتانە. ئەوکات **خۆرخێ** هێزێکی جادوویی سەیری لە چۆنییەتی بڕواپێکردن بە بەرانبەرەکەی هەبوو، بە جۆرێک دەیتوانی نمایشێکی هونەرمەندانە بکات تا کەسی بەرانبەری بە بۆچوونەکانی ڕازی بکات.

سەبارەت بە ڕووداوەکە، نونۆ ئیسپریتۆ سانتۆی گۆلپارێز دەڵێت: «ڕەنگە بمتوانیبایە کەسێکی بە ئەزموون و شارەزا بۆ سەرپەرشتیکردنی کارەکانم بە دەست بهێنم، بەڵام ئەوە کارێک نەبوو تا بیری لێ بکەمەوە، واتە بە چاوی گرنگیپێدان و بایەخەوە بیرم لە بریکار نەدەکردەوە، بەڵام پاش تێکەڵبوونم لەگەڵ **خۆرخێ** و تێگەیشتنم بۆ کەسێتیی **خۆرخێ** وای لێ کردم بە ئیرادە سەیرەکەی ئەم پیاوە سەرسام بم. من بڕوایەکی زۆرم بە لێهاتوویی ئەو هەبوو، بۆیە کوێرانە خۆم دایە دەست قەدەری **خۆرخێ مێندێس**، ئەوەیش پێوەندیی بەو هاوڕێیەتییە بەهێزەوە بوو، کە لەنێوانماندا دروست بووبوو.»

## بەرەنگاربوونەوەی یەک ملیۆن یۆرۆیی

دوای تێپەڕبوونی چەند هەفتەیەک بەسەر بڕیاری وازهێنانی نونۆ ئیسپریتۆ سانتۆ لە یانەی ڤیتۆریا گویماریش، بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو لە شوێنی نیشتەجێبوونی لە لایەن **خۆرخێ مێندێس** پێوەندیی پێوە کرا و پێی گوت: «نونۆ، یانەی پۆرتۆ دەیەوێت گرێبەستت لەگەڵ واژۆ بکات، منیش دەمەوێت بۆ ڕێزی ئەو یانەیە بتگوازمەوە.»

ئەم ڕووداوە بە ماوەیەکی کەم بەر لە دەستپێکردنەوەی وەرزی نوێی پاڵەوانێتییەکان هاتە گۆڕێ. گۆڵپارێزە لاوەکە لەگەڵ هیچ یانەیەک گرێبەستی واژۆ نەکردبوو. هەموو شتێکیش وەک بریکاری گۆڵپارێزەکە لە دەست **خۆرخێ** بوو، بەڵام بەرپرسانی یانەی پۆرتۆ هەوڵیان دەدا بە شێوەی ڕاستەوخۆ پێوەندیی بە خودی نونۆی گۆڵپارێزەوە بکەن، بەڵام لە وەڵامدا پێیانی گوت من بریکاری جێبەجێکارم هەیە و دەتوانن پێوەندیی پێوە بکەن، قسەی لەگەڵ بکەن و ئەوەیش ژمارەی تەلەفۆنەکەیەتی.»

تا دەهات کارەکان بە ئاڵۆزی دەچوونە پێشەوە، لەو کاتەدا وەک توانجگرتنێک لە هەڵوێستی **خۆرخێ مێندێس** سەرۆکی یانەی ‹ڤیتۆریا گویماریش- Vitória de Guimarães›، کە ناوی بیمینتا ماتشادۆ بوو، کاتێک لەگەڵ **خۆرخێ** یەکدییان بینی، پێی گوت: «ئەگەر نونۆت بە یانەی پۆرتۆ بە بڕی یەک ملیۆن بفرۆشت، ئەوە ڕەزامەندیم لەسەر چوونی بۆ پۆرتۆ پیشان دەدا، ئەگەر ئەو کارەت نەکردبایە، ئەوە بۆ من

باشتر بوو جارێکی دیکە چاوم بە چاوت نەکەوتبایەتەوە. من بە مەرجێک ڕازی دەبم نونۆ ڕوو لە یانەی پۆرتۆ بکات، تۆ بڕی یەک ملیۆن دۆلار لە بەرانبەر ڕۆیشتنی نونۆ بە ئێمە بدەیت، ئەگەر نا ڕێگە نادەم یانەکە جێ بهێڵێت.»

یانەی پۆرتۆ ئامادە نەبوو ئەو بڕەپارەی **خۆرخێ** لەسەر گواستنەوەی نونۆ دای نابوو، لەپێناوی گواستنەوەی گۆڵچییەکەی پێشووی یانەی گویماریش بیدات، بەڵام **خۆرخێ** سەبارەت بەو کارە بڕیاری دا شتێک بکات، لەو ماوەیەدا چەندین جار بە ئۆتۆمۆبیلەکەی خۆی لە شاری گویماریشەوە سەردانی شاری لاکەرۆنیای ئیسپانیای دەکرد، کە مەودای نێوان ئەو دوو شارەی پۆرتوگال و ئیسپانیا ‹۳۳۷ کیلۆ مەتر› بوو. **خۆرخێ** چەندین جار ئەو ڕێگە زۆرەی بە ئۆتۆمۆبیل دەبڕی بە مەبەستی بینینی ‹ئەگۆستۆ سیزار لیندوێرۆ- **Augusto César Lendoiro**›[1]ی سەرۆکی یانەی دیپۆرتیڤۆ لاکەرۆنیا، بە ئامانجی ڕازیکردنی بە گواستنەوەی نونۆ ئیسپریتۆ بۆ یانەی دیپۆرتیڤۆ. 1

سەبارەت بە گێڕانەوەی چیرۆکی هەوڵدانی **خۆرخێ** تا بەرپرسانی دیپۆرتیڤۆ ڕازی بکات لە واژۆکردنی گرێبەست لەگەڵ نونۆ، **خۆرخێ مێندێس** دەڵێت: «هەموو ڕۆژێک بە ئۆتۆمۆبیلەکەم ڕێگەیەکی دوورم دەبڕی و بۆ شاری لاکەرۆنیا دەچووم. بێ زیادەڕۆیی هەموو ڕۆژێک ئەمە ئیشی

---

١ ئەگوستۆ سیزار لیندێرۆ، لە ساڵی١٩٤٥ لە شاری لاکەرۆنیای ئیسپانی لە دایک بووە، تا ساڵی٢٠١٤ سەرۆکی یانەی دیپۆرتیڤۆ بووە، هەروەها لە کایەی سیاسیی بەشداری کردووە. لە ساڵی١٩٨٧ بۆ هەڵبژاردنی شارەوانییەکان بۆ بوون بە سەرۆکی شارەوانیی لاکەرۆنیا خۆی کاندید دەکات.

من بوو، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە بڵێم من لە کەسانی دیکە ژیرتر و لەوان سەرکەوتووترم، بەڵکو دەمەوێت بڵێم من کەسێکم بمەوێت کارێک بکەم، شێلگیرانە و لە هەمان کاتدا بە شێوەیەکی دڵسۆزانە و کۆڵنەدەرانە لەسەری سوور دەبم. هەرچی لە توانامدا بێت دەیخەمە گەڕ و هەوڵی لەگەڵ دەدەم.»

لە لایەکی دیکەوە نونۆ شتێکی دیکە دەربارەی چیرۆکی گواستنەوەی بۆ یانەی دیپۆرتیڤۆ زیاد دەکات و دەڵێت: «نازانم خۆرخێ چۆن توانی بەرپرسانی دیپۆرتیڤۆ بە چوونی من بۆ ئەو یانە ئیسپانییە قایل بکات. ڕەنگە هەر لەسەر پێوەندیکردنی من بەو یانەیەوە مکووڕ بووبێت، تا کار گەیشت بەوەی کەسێکیان بۆ بینینی من نارد، کە داوای ڕاپۆرتی لە ڕاهێنەرە پۆرتوگالییەکان سەبارەت بە کەسێتیی من دەکرد.»

سەرۆکی یانەی دیپۆرتیڤۆ هیچ کاتێک نکۆڵی لەو ڕاستییە نەدەکرد، کە ژمارەیەکی یەکجار زۆر چاوپێکەوتنی لەگەڵ خۆرخێ مێندێس سەبارەت بە گواستنەوەی نونۆ ئەنجام داوە و لەو بارەیەوە دەڵێت: «هەندێ جار شەوان بۆ بینینم دەهات، بەڵام من بەهۆی سەرقاڵی و کۆبوونەوەکانمەوە کاتێکی ئەوتۆم نەبوو، کەچی ئەو هەر کۆڵی نەدەدا، هەندێ جار تا کاتژمێر سێ بۆ چواری بەرەبەیان چاوەڕوانی دەکردم، دواتر من زۆر شەکەت و ماندوو دەبووم و پێم دەگوت تەنیا پێنج خولەک کاتم بۆ گفتوگۆکردن هەیە، بەڵام ئەو کەسێکی دڵگەورە و خۆڕاگر بوو، هەموو ئامانجیشی ئەوە بوو من بەوە ڕازی بکات تا نونۆ ئیسپریتۆ گرێبەست لەگەڵ

دیپۆرتیڤۆ واژۆ بکات. لە ڕاستیدا ئەو توانی سەرکەوتوو بێت و ئەو ئامانجەی لەپێناویدا تێدەکۆشا، ئەنجام سەرکەوتوو بوو.»

نونۆ ئیسپریتۆ سانتۆ لەگەڵ هەڵبژاردەی ئۆڵۆمپی پۆرتوگال بەشداری ئۆڵۆمپیادی ساڵی١٩٩٦ی ئەتڵەنتای کرد، کە پاڵەوانێتییەکە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بە ڕێوە دەچوو. هەر لەو پاڵەوانێتییەدا بەهۆی پێشکەشکردنی ئەو ئاستە بەرزەی لەگەڵ هەڵبژاردەی ئۆڵۆمپی پۆرتوگال، توانی دۆزەرەوەکانی ‹کشاف› یانەی دیپۆرتیڤۆ لاکەرۆنیا بە گرێبەستکردن لەگەڵ نونۆ قایل بکات. هەر لەو پاڵەوانێتییەدا دۆزەرەوەکانی یانەی دیپۆرتیڤۆ ئاستی چەند یاریزانێکیان لا پەسەند بوو تا گرێبەستی لەگەڵ واژۆ بکەن، دیارترینیان ڕیڤاڵدۆی بەڕازیل بوو، کە یەکێک بوو لە ئەستێرە درەوشاوەکانی ئۆڵۆمپیادی ئەتڵەنتا.

پاشان **خۆرخێ مێندێس** بۆ نووسینگەی سەرۆکی یانەی ڤیتۆریا گویماریش چوو، کە پێی گوتبوو یانەی دیپۆرتیڤۆ ئامادەن بە بڕی یەک ملیۆن دۆلار گرێبەست لەگەڵ نونۆ ئیسپریتۆی گۆڵپارێزی پێشووی یانەی گویماریش واژۆ بکەن، بەلام بیمینتا متشادۆی سەرۆکی یانەی ناوبراو لەو بەڵێنەکەی پێشووی، کە بە ‹**خۆرخێ**›ی دابوو، پاشگەز بووەوە و ڕەتی کردەوە دەستبەرداریی ئیسپریتۆ سانتۆ بێت.

## ڕفاندن

هەندێ هەڵوێستی خراپ وات لێ دەکات بڕیاری مەترسیدار و سەرکێشانە بدەیت، بەتایبەت کاتێک **مێندێس** دەبینێ، کە وا هەست دەکات ئەمە یەکەم گرێبەستە لە ژیانیدا وەک بریکاریی یاریزانان شکست دەهێنێت. سەرەڕای ئەوەیش هەرچی لە توانایدا بووە، کردوویەتی، هەر بۆیە ئامادە بوو پەنا بۆ هەموو ڕێگەچارەیەک لەپێناو سەرکەوتنی ئەم هەوڵەی ببات، کە زۆر پێیەوە ماندوو بووە. ئەگەر بهاتبایە ئەو ڕێککەوتنەی نێوان من و نونۆ سەری بگرتایە، ئەوە بە پلانێکی سەرشێتانە وەسف دەکرا، وەک ئەوەی دواتر ڕۆژنامەکان ئەم کارەیان بە (ڕفاندن) ناوزەند کرد، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو وەسفە زیادەڕۆییەکی زۆری تێدا کراوە، چونکە ئەو کارە بە خواست و ڕەزامەندی من و نونۆ ئەنجام درا و بەپێی ڕێککەوتنی هەردوو لا ئەو کارە جێبەجێ کرا.

دیسانەوە هەموو ئەو باسانەی لە پێوەندیدا بە خۆحەشاردانی گۆڵپارێزەکە، نونۆ و ‹**خۆرخێ مێندێس**›ی پێکەوە کۆ دەکردەوە. ئەو بابەتەی پەیوەست بە خۆشاردنەوەی ئیسپریتۆ بوو لەسەر نەخشەی گۆڕانکاری، دۆخێکی زۆر ناجێگیر باڵی بەسەر یانەی ڤیتۆریا گویماریش کێشابوو. ئەو باسە هەر بە شاراوەیی نێوان یانەکە و نونۆ و **خۆرخێ** نەمایەوە، پاشان ڕووداوی خۆشاردنەوەی نونۆ چووە سەر پەڕەی ڕۆژنامەکانی پۆرتوگال و ئیسپانیا و هەمووان دەیانپرسی «نونۆ لە کوێیە؟»

پاش تێپەڕبوونی ساڵانێک بەسەر ئەو ڕووداوە ئێستا نونۆ وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە و نهێنیی دیارنەمانی لەو دەمەدا دەدرکێنێت: «ئێستا بە پێویستی دەزانم ڕاستیی ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژگارە ئاشکرا بکەم. من لە ماڵی **مێندیس** و خانەوادەکەی بووم، ئەوکات هەموو بە دوای مندا دەگەڕان، منیش سەبارەت بە وێستگەی ژیانی وەرزشیم هەستم بە ترس و دوودڵییەکی زۆر دەکرد. بە خۆمم دەگوت من بۆ چرکەیەکیش ناتوانم یاریی بکەم بەهۆی ئەو هەموو بابەتەی لە ڕۆژنامەکان سەبارەت بە دیارنەمانی من بڵاو دەکرایەوە. هێشتاش وادەی گرێبەستەکەم لەگەڵ ڤیتۆریا گیوماریش سێ ساڵی مابوو کۆتاییی پێ بێت، بە ماتشادۆی سەرۆکی یانەکەم گوت جارێکی دیکە من نابینیتەوە بۆ چرکەیەکیش بۆ یانەکەت دەستم بەر تۆپ بکەوێت. ئەوە لە بیر خۆت ببەوە جارێکی دیکە من بە دریسی یانەی گویماریشەوە ببینی. ئەوە سەردەمێک بوو بە لای منەوە کۆتاییی هاتووە و چیتر ناتوانم بیری لێ بکەمەوە.»

سێ مانگی درێژخایەن و سەخت بەسەر ئەو ڕووداوەدا تێپەڕی، جارێکی دیکە نونۆ بینرایەوە، کە ڕا دەکات و سەرقاڵی مەشق و ڕاهێنانە، بە شێوەیەک لەگەڵ کەس قسەی نەدەکرد و نەیدەهێشت کەس لێی نزیک بێتەوە. کار گەیشت بەوەی جارێکیان لەگەڵ **مێندیس** بە مەبەستی ئەنجامدانی ڕاهێنانەکانی تاوەکو تووشی دابڕان نەبێت، بۆ شاری لاکەرۆنیا گەشتیان کرد، بەتایبەت مەشق و ڕاهێنانی تایبەت بە گۆڵپارێزان لە کەناراوەکانی سانتا کریستینا.

ئەم ئەزموونە وانەگەلی گرنگی فێری **مێندیس** کرد، بەڵام

گرنگترین وانە ئەوە بوو، کە پێویستە پێش ئەوەی بریکاری یاریزانان بێت، پێویستە هاوڕێیەکی دڵسۆزیان بێت. هەروەک ئەوەی نونۆ دەڵێت: «دەکرا لە هەر ساتێکدا **مێندێس** پێم بڵێت ببوورە، ئیدی تەواو؛ سەرکێشی کۆتایی هات، ناتوانم لە بەرژەوەندیی تۆ هیچ بکەم، بەڵام ئەوە رووی نەدا.»

کارەکە بە خۆبەدەستەوەدانی سەرۆکی یانەی ڤیتۆریا گیوماریش کۆتایی هات و نونۆ پێوەندیی بە یانەی دیپۆرتیڤۆوە کرد، کە گرێبەستێکی بۆ ماوەی سێ ساڵ لەگەڵ ئەو یانە ئیسپانییە واژۆ کرد، بەو مەرجەی نونۆ ڕازی بێت گۆڵپارێزی سێیەمی یانەکە بێت، بەڵام پێشکەشکردن و ناساندنی بە میدیاکان لە وادەی واژۆکردنی گرێبەستەکە بۆ مانگی ئۆکتۆبەر دوا کەوت. ئەو ناساندنە لە مێرکاتۆی زستانەدا ڕاگەیەندرا و نونۆ وەک گۆڵپارێزی نوێی یانە ئیسپانییەکە ناسێنرا. ئەودەم نونۆ پاش ئەم سەرکێشییە درێژخایەنە هیچی نەبوو جگە لەو ملوانکەیەی، کە لە ئاهەنگی هاسەرگیریی خوشکەکەیدا لە ملی کردبوو.

هەرگیز **خۆرخێ مێندێس** ڕۆڵی لیندرۆ، سەرۆکی پێشووی یانەی دیپۆرتیڤۆی لە بیر ناکات، نەک هەر لەو سەردەمەدا، بەڵکو ئێستایشی لەگەڵ بێت ئەو چرکەساتە کاریگەریی لەسەر سەرتاپێی ژیانی ئەم بریکارە بەناوبانگەی تۆپی پێ جێ هێشتووە. پێی خۆشە بە ‹باوکی ڕۆحی-Godfather The›ی خۆی ناوی بهێنێت، وانەی گرنگ و بەسوود لەم کەسایەتییەوە فێر بوو. یەکەمیان، چۆن بەرگریی لە وشەکانی بکات و لەبەریان بکات و دووەمیان، کۆڵنەدان لەپێناو ئەو ئامانجەی هەوڵی بۆ دەدات و دەیەوێت بە دی بهێنێت.

گرنگترین شتێک لە ئامۆژگارییەکانی سەرۆکی پێشووی دیپۆرتیڤۆ فێری بووبوو، کە دواتر خزمەتێکی زۆری بە ئەزموونگەریی **مێندێس** کرد وەک بریکاری یاریزانان، ئەویش سەقامگیریی پێوەندییەتی لەگەڵ سەرۆکی یانەکان، کە چۆن پرس و ڕاوێژیان پێ بکات و پێشنیاریان پێشکەش بکات. بە کورتی بازنەی پێوەندییەکانی تەنیا لە یاریزاندا قەتیس نەکات و شانبەشانی تێکەڵبوون و لێکنزیکی لەگەڵ یاریزانان، هاوکات دۆستایەتیی خۆی لەگەڵ زۆربەی سەرۆکی یانەکان بەهێز بکات.

دەکرا هەندێ لەو گرێبەستانەی، کە خۆرخێ مێندێس بۆ سەرۆکی دیپۆرتیڤۆی پێشنیار کرد، گۆڕانێکی گەورەی بەسەر مێژووی ئەم یانەیەدا هێنابایە، بەڵام بە هۆکاری جیاواز ئەو کارە بە ئاکام نەگەیشت، لە نێوشیاندا یاریزان دیکۆ، کە لە ئەنجامدا لە یانەی بارسیلۆنا گیرسایەوە. دەکرا بە سوودوەرگرتن لە پێوەندیی بەهێزی نێوان سەرۆکی یانەکە و خۆرخێ مێندێس، دیکۆ لەبری بارسا دریێسی دیپۆرتیڤۆی پۆشیبایە.

سەرۆکی یانەی دیپۆرتیڤۆ بە هەناسەیەکی پڕ لە پەشیمانییەوە یادگارییەکی تاڵ سەبارەت بە لەدەستچوونی دیکۆی ئەستێرەی هەڵبژاردەی پۆرتوگال و یانەی بارسیلۆنا دەگێڕێتەوە و دەڵێت: «ڕاپۆرتەکانی مێندێس سەبارەت بە ئاست و لێهاتوویی دیکۆ زۆر دروست بوون، بەڵام قسەی دۆزەرەوەکانی یانەکە تەواو لەگەڵ بۆچوونەکانی خۆرخێ جیاواز و دژبەیەک بوون. ئەنجام دیکۆ کاتێک دریێسی یانەی بارسیلۆنا و چێلسی ئینگلیزی پۆشی و سەلماندی لە جیهانی

تۆپی پێ کانزایەکی بایەخدارە، پێم وایە پاشەکشەکردنمان لەوەی، کە گوێمان بە پێشنیازەکەی مێندێس نەدا و دیکۆمان بۆ ڕیزی یانەکەمان نەگواستەوە هەڵەیەکی گەورەی مێژووییمان کرد، چونکە دیکۆ دەیتوانی لەگەڵ پڕۆژەکەی ئێمە خۆی بگونجێنێت و خزمەتێکی گەورە بە یانەی دیپۆرتیڤۆ بکات.»

لە ڕووداوێکی گەورەی چاوەڕواننەکراودا کریستیانۆ ڕۆناڵدۆی ئەستێرەی ناوداری مێژووی تۆپی پێ و یانەی ڕیاڵ مەدرید دەکرا زۆر بە ئاسانی بۆ ڕیزی یانەی دیپۆرتیڤۆ بگوێزرێتەوە، نەوەک مانچێستەر یونایتد. لەو بارەیەوە لیندرۆی سەرۆکی پێشووی دیپۆرتیڤۆی ئیسپانی دەڵێت: «ئێمە دەمانتوانی ڕۆناڵدۆ ڕازی بکەین پێوەندیی بە یانەکەمانەوە بکات، بەتایبەت هەر لە سەردەمی تازەپێگەیشتنییەوە، کە لە ڕیزی یانەی سپۆرتینگ لیشبۆنە یاریی دەکرد. ئێمە لە ڕێگەی دۆزەرەوەکانی یانەکەمانەوە بە وردی چاودێری جووڵە و ئاستی کریستیانۆمان دەکرد. هەڵبەت بەر لەوەی ئێمە دەستەوارەی پێشکەش بکەین، یانەی مانچێستەر بە جددییەتێکی زۆرەوە لەگەڵ یانەی لیشبۆنە بە مەبەستی گواستنەوەی کریستیانۆ بۆ ڕیزی شەیتانە سوورەکانی شاری مانچێستەر کەوتە گفتوگۆ. دیارە جیاوازییەکەی نێوان ئێمە و یانەی ئینگلیزییەکە ئەوە بوو، کە مانچێستەر پارەیەکی زۆری بۆ گواستنەوەی ئەم ئەستێرە پۆرتوگالییە تەرخان کرد، کە لە توانای ئێمەدا نەبوو تا بتوانین کێبڕکێی لەگەڵدا بکەین. بە داخەوە، ئەنجام ئەو دەرفەتە مێژووییە ئاڵتوونییەمان لە دەست چوو ئەو ئەستێرە ناوازەی پۆرتوگالمان بۆ ڕیزەکانمان بهێنین.»

# بەشی سێیەم

## باوکی ڕۆحیی دیکۆ لە بارسێلۆنا

**«ئەگەر خۆرخێ مێندێس تواناکانی منی کەشف نەکردایە، بە ناچاری بۆ بەڕازیل دەگەڕامەوە و ئێستا دەبووم بە کەسێکی لەبیرکراو.»**

ئەم چەند دێڕە سادەیەی سەرەوە گوزارشتە لە چیرۆکێکی دوورودرێژ، کە پەل بۆ زۆر لایەن دەکێشێت. ئەوە چیرۆکێکە بەتواناکان و پاڵەوانەکان تێیدا بەشداریی دەکەن. پاڵەوانی سەرەکیی ئەم چیرۆکە ‹**خۆرخێ مێندێس**›ـە. ئەو چیرۆکە چارەنووس دەستی تێدا هەبوو، گەشتێکە بەنێو بێهیوایی و هیوا، لە کۆتاییدا دەبێت بە خەون و هەر بە بەدیهاتنی خەونیش کۆتاییی دێت.

یەکدیناسینی دیکۆ[1] و **مێندێس** بە شێوەی ڕێکەوت بووە.

---

[1] ئەندەرسۆن لویز دی سۆزا لە جیهانی تۆپی پێ بە دیکۆ ناوبانگی پەیدا کردووە. ئەم ئەستێرە بە ڕەگەز بەڕازیلییە لە ٢٧ ئۆگۆستی١٩٧٧ لە ‹ساوبێرناردۆ دی کاپۆ›ی وڵاتی بەڕازیل لە دایک بووە، بەڵام دوای پەیداکردنی ناوبانگێکی گەورە و بێهیوابوونی لەوەی لە پێکهاتەی بەڕازیل جێگەی ببێتەوە، ناچار بڕیار دەدات درێسی هەڵبژاردەی پۆرتوگال بپۆشێت. سەرەتای پیشگەریی لە یاریی تۆپی پێ بۆ ئەو کاتە

کاتێک **خۆرخێ** لە یاریگەی تیپی ئیسپینیۆ ئامادە دەبێت، کۆماندانی مانیۆل ئۆلیڤەر فیولاس بە مەبەستی تەماشاکردنی یاریی یاریزانێک دێت بە ناوی هۆگۆ لیال، کە ئەوکات بە شێوەی خواستن لە یانەی بەنفیکاوە پێوەندیی بە یانەی ئەلفریکا کردبوو، هاوکات دیکۆ بۆ هەمان یانە یاریی دەکرد، هەمان بارودۆخی هۆگۆ لیالی هەبوو. لە شوێنی دانیشتنی جەماوەر **خۆرخێ مێندیس** هاوڕێ لەگەڵ سێرجیۆ ئالڤێسی هاوبەشی دانیشتبوون و تەماشای یارییەکەیان دەکرد. هەرکات تۆپ دەگەیشتە بەر پێیەکانی دیکۆ، ئالڤێس بە دەستەکانی دەیکێشا بە ئانیشکی **خۆرخێ**، وەک ئاماژەیەک بۆ سەرنجراکێشانی **خۆرخێ** سەبارەت بە ئاستبەرزیی دیکۆ و پێی گوت: «تەماشای ئاستبەرزییەکەی بکە، پێویستە ئەو

دەگەڕێتەوە، کە لە وەرزی١٩٩٦- ١٩٩٧ لە یانەی کۆرێنتیانسی بەڕازیلی یاریی دەکرد، کە ئەمە یەکەم وێستگەی یاریکردنی دیکۆ بووە، بەڵام تەنیا لە دوو یاریی ئەم یانەیە بەشداریی کرد، پاشان لە ساڵی١٩٩٧، کە تەمەنی نۆزدە ساڵی تێپەڕ نەکردبوو، پێوەندیی بە یانەی بەنفیکای پۆرتوگاڵەوە دەکات. لەگەڵ بەنفیکا سەرکەوتوو نەبوو، بۆیە ناچار یانەکە ئەم یاریزانە بە ڕەگەز بەڕازیلییە بە یانەیەکی پلە دووی پۆرتوگال دەفرۆشێت، کە ئەویش یانەی ئەلفریکایە. ئەم یانەیە لە تەواوی وەرزەکە بەشداریی یارییەکانی یانەی ئەلفریکای کرد تا کار گەیشت بەوەی ئەم یاریزانە بۆ ڕیزی یانەی سالجیرۆسی شاری پۆرۆتۆ بگوازرێتەوە. دواتر لە ناوەڕاستی وەرزی١٩٩٨–١٩٩٩ بەهۆی ئاستبەرزییەکەیەوە پێوەندیی بە یانەی پۆرۆتۆ دەکات. گرنگترین ئەو یانانەی دیکۆ لە ڕیزەکانی یاریی کردووە، یانەکانی پۆرۆتۆ، بارسیلۆنا، چێلسی، فلۆمێنێنسی بەڕازیلی بووە. سەرجەمی بەشداریکردنی دیکۆ لە یاریی لەگەڵ یانەکانی لە١٩٩٦ تا ٢٠١٣ لەگەڵ حەوت یانەی جیاواز، ‹٤١١› یاریی ئەنجام داوە و توانیویەتی‹٦٧› گۆڵ تۆمار بکات. لە ساڵەکانی٢٠٠٣ بۆ ٢٠١٠ لە ڕیزی هەڵبژاردەی پۆرتوگال‹٧٥› یاریی کردووە، لەو ماوەیەدا پێنج گۆڵی بە دریێسی هەڵبژاردەی پۆرۆتوگاڵەوە تۆمار کردووە.

یاریزانـە وا لـێ بکەیـن، کـە لەگەڵمـان بێـت.»
سـەبارەت بـەم سـەربووردەیە **مێندیـس** دەگێڕێتـەوە: «لـە یەکـەم دیـدار و یەکتربینینـم لەگـەڵ دیکـۆ توانیـم قایلـی بکـەم، کـە لەگەڵـم ڕێـک بکەوێـت، بـۆ ڕۆژی دواتـر بـە دوای ڕێکارە پێویستەکاندا دەگـەڕام، تـا بـە هـەر ڕێگەیـەک بـووە گرێبەستی لەگـەڵ واژۆ بکـەم.»

## دۆخێکی کەساس و نائومێدکەر

ئەگـەر دیکـۆ بهاتبایـە ئالڤێـس و ‹**مێندیـس**›ی نەناسـیبایە، ئـەوە دۆخـی دیکـۆ بـەرەو تێکشـکان و کەوتـن هەنگاوی دەنـا. سـەبارەت بـەو ڕۆژگارە دیکـۆ دەگێڕێتـەوە: «لـە بیـری ئـەوەدا بـووم بـۆ وڵاتـی بەڕازیـل بگەڕێمـەوە و قسـە لەگـەڵ یەکێـک لـە کاربەدەسـتانی یانەکـەم بکـەم، بـۆ ئـەوەی ڕێگەچارەیـەک بـۆ ئـەو دۆخـە دژوارەم بدۆزمـەوە، چونکـە هەسـتم بـە خەمگینییەکـی زۆر دەکـرد. پێیـان ڕاگەیاندبـووم لـە یانـەی بەنفیکا یاریـی دەکـەم، بـەڵام پێش ئـەوەی لـە بەنفیکا جێگـەم ببێتـەوە بە شێوەی خواستن خۆم لـە یانـەی ئالڤێرکا بینییـەوە. هـەر ئـەوکات بـە خۆمـم گـوت ئەگـەر کـەس هاوکاریـم نـەکات تـا لـەم سـزایە ڕزگارم بـکات، ئـەوە بـە ناچـاری بـۆ بەڕازیـل دەگەڕێمـەوە.» دیکـۆ بەڵێنـی پـێ درابـوو لـە خولـی پلـە یـەک یاریـی دەکات، بـەڵام وا دەرنەچـوو بـۆ یانەیەکـی خولـی پلـە دوو یاریـی دەکـرد. وەک ئـەوەی لەسـەری ڕێـک کەوتبـوون، دەبـوو نیـوەی مووچەکـەی پـێ بدرێـت. لـەو دەمـە دیکـۆ

قۆناغێکی سەختی ژیانی بە ڕێ دەکرد، شوێنی پشوودانی لە یەکەیەکی نیشتەجێبوونی بێکەڵک بوو، لەگەڵ هاوڕێیەکی پێکەوە دەمانەوە، هەموو ڕۆژێک دیکۆ دەگریا، تا ئەو ساتەی دەرگەی ئومێدی بەسەردا کرایەوە، کاتێک ئالڤێس و ‹**مێندێس**›ی ناسی.

دیکۆ سەبارەت بە چۆنییەتی یەکترناسینی نێوان خۆی و **خۆرخێ** دەڵێت: «پاش کۆتاییهاتنی یارییەکەمان هەواڵیان پێ دام، کە **خۆرخێ مێندێس** دەیەوێت قسەت لەگەڵ بکات، بەڵام من کەسی وام نەدەناسی و بە خۆمم گوت بە هەرحاڵ، خۆ من بریکاری جێبەجێکاری کارەکانم نییە، بۆیە پێویستە گرێبەستی لەگەڵ واژۆ بکەم.»

لە لایەکی دیکەوە ئالڤێس و **مێندێس** لەو باوەڕەدا نەبوون هەر وا بە ئاسانی چنگیان لە دیکۆ گیر ببێت و لەگەڵیان بگاتە ڕێککەوتن. لە ماوەی هەفتەیەکدا توانییان نوێنەرایەتیی دوو یاریزانی ئاستبەرز و داهاتووگەش بکەن؛ ئەوانیش هۆگۆ لیال و دیکۆ بوون، کە دواتر بۆماڵەکەی ئالڤێس گوازرانەوە و لەوێ دەژیان.

هەروەها لەبارەی کاریگەریی دیکۆ وەک یەکێک لە باشترینەکانی جیهان، ئالڤێس دەڵێت: «دەتوانم بڵێم تا ئەندازەیەک دیکۆ باشترین یاریزانی ساڵی٢٠٠٤ بوو، بەڵام ئەنجام خەڵاتەکە بە یاریزانێکی دیکە بەخشرا، وەک ئاماژەیەک بۆ بەدەستهێنانی تۆپی ئاڵتوونی لە لایەن ئەندرییە شێفشینکۆی ئەستێرەی پێشووی ئەی سی میلان و هەڵبژاردەی ئۆکرانیا.»

## چیای کێشەکان و گەشتکردن بۆ وڵاتی بەڕازیل

لە گرێبەستەکەی دیکۆ، کە بە شێوەی خواستن لە یانەی بەنفیکاوە بۆ یانەی ئالڤێرکا گوازرابووەوە، بڕگەیەکی تێدایە نووسراوە **نرخی گرێبەستەکەی دیکۆ پێنجسەد هەزار دۆلارە، چ بە فرۆشتن و چ بە گەڕانەوە بۆ یانەکە**، واتە لە ئەگەری دەستبەرداربوونی دیکۆ لە بەرانبەردا یانەی بەنفیکا بڕی پێنجسەد هەزار دۆلاری دەوێت. **مێندێس** لەو باوەڕەدا بوو یانەیەکی گەورەی وەک بەنفیکا کاری لەو شێوەیە ناکات، کە سوور بێت لەسەر ئەو مەرجە قورسەی وەک هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستەکە لەسەر دیکۆ داینابوو، چونکە ئەوکات ‹گراهام سۆنیس-Graeme Souness› ڕاهێنەری یانەکەی بەنفیکا بوو، زیاتر گرنگی بە یاریزانە ئینگلیزییەکان دەدا و کەمتر بە بایەخەوە لە ئاستی یاریزانانی دیکەی دەڕوانی، پێ نەدەچوو هێندە بە چاوی بایەخەوە لە تواناکانی دیکۆ بڕوانێت، هاوکات سەرۆکی یانەکە ‹جواو ڤالی ئی ئازیڤیدۆ- João Vale e Azevedo›[1] بە دۆخێکی پڕ

[1] جواو دی ئەنتۆنیۆ ئارۆجۆ، بە ڤالی ئازیڤیدۆ ناوبانگی ڕۆیشتووە. لەدایکبووی ١٧ی مایۆی شاری لیشبۆنەی پۆرتوگالە و پێشتر کاری پارێزەری کردووە، پاشان بەرپرسیارێتیی وەرزشی وەرگرتووە. ساڵی١٩٩٧ وەک سەرۆکی یانەی بەنفیکا هەڵدەبژێردرێت و دواتر چەندین تۆمەتی گەندەڵی ڕووبەڕوو دەبێتەوە، تا دەگات بە دەستگیرکردنی لە ڕێکەوتی ١٦ی شووباتی٢٠٠١ و سزای زیندانی بۆ ماوەی چوار ساڵ بەسەردا دەسەپێنرێت، بەهۆی چەند بابەتێکی یاساییەوە، کە شەشسەدوچلهەزار یۆرۆ دیار نەمابوو. چەندین جاری دیکە ڤالی بە

لە سەختی و سیخاناخ بە کێشەدا تێپەڕ دەبوو. [1]

هەر لەبارەی چیرۆکی چۆنییەتی بەدەستهێنانی دیکۆ، **خۆرخێ مێندێس** دەڵێت: «ئێمە باش لەو ڕاستییە تێگەیشتبووین ئەگەر دیکۆ بڕیاری گەڕانەوە بۆ بەڕازیل بدات، ئەوە زیانێکی ماددیی زۆر دەکەین، چونکە لەو ماوەیەدا دەرەقەتی ئەو خەرجییە زۆرە نەدەهاتین، کە چەند جارێک گەشت بۆ بەڕازیل بکات، ئەوە پارەیەکی زۆری پێویستە و ئەمەیش لە توانای ئێمەدا نەبوو. باشترین چارەسەرێک، کە بیرم بۆی چوو ئەوە بوو ئەم دوو یاریزانە بۆ ڕیزی یانەی سالجیرۆس بگوازینەوە.» یانەی سالجیرۆس دەکەوێتە باکووری شاری پۆرتۆوە. **مێندێس** توانی سەرۆکی ئەو یانە چکۆلەیە بەوە ڕازی بکات ئەم دوو یاریزانە لە ڕیزی سالجیرۆس درێژە بە یاریکردن بدەن، هاوکات دڵنیایی بە سەرۆکی یانەکە دا، کە ئەگەر مووچەیەکی تائەندازەیەک باشیان پێ بدات ئاستی ئەم دوو یاریزانە بە خێرایی گەشە دەکات. دڵنیایە لە داهاتوودا ئەم دوو یاریزانە دەبن بە سەروەتێکی بەنرخ و وەبەرهێنانێکی باش بۆ ئاییندەی یانەکە.

ئەم گرێبەستە لەنێو دەستی **مێندێس** نەبوو، بەڵام دڵنیا بوو ڕۆژێک دێت ئەوە ڕوو دەدات.

سەرلەنوێ دۆخەکە ئاڵۆز بوو، دیسانەوە دیکۆ لە یاریگەکان ئاستێکی بەرزی پێشکەش کرد. لەو کاتەدا تیپێک لە بەڕازیلەوە هاتە نێو بابەتەکە بە ناوی ‹سێنترۆ سپۆرتیڤۆ

---

تۆمەتی گەندەڵی ڕاپێچی دادگا دەکرێت، دوایەمین تۆمەتێک، کە دراوەتە پاڵ ئەم سەرۆکەی پێشووی یانەی بەنفیکا لە ساڵی٢٠١٣ بوو، سزای دە ساڵ زیندانی بەسەردا دەسەپێنرێت، بەهۆی دیارنەمانی چوار ملیۆن یۆرۆ لە خەزێنەی یانەی بەنفیکا لە ساڵەکانی ١٩٩٨_ ٢٠٠٠

ئالاگووانـۆ-Centro ‹Sportivo Alagoano کـە ڕوونیـان کـردەوە دیکـۆ موڵکـی ئەوانـە و هێشـتا خاوەنداریێتیـی ئـەم یاریزانـە بۆ ئـەو یانـە بەڕازیلییە دەگەڕێتـەوە، ئەمـە لـە کاتێکدا دیکۆ هیـچ یارییەکی بۆ ئـەو یانەیە ئەنجام نـەداوە، بـەڵام لـە یانـەی کۆرێنتیانسـی بەڕازیلییـەوە سـاڵی١٩٩٧ پێوەندیـی بـە یانـەی سـێنترۆ سـپۆرتیڤۆ ئالاگووانـۆوە دەکات. ئێسـتا هیـچ ڕێگەچارەیـەک لـە بـەردەم **خۆرخێ** نەمـاوە جگـە لـە گەشـتکردن بـۆ بەڕازیـل. هـەر یەکـە لـە سـەرۆکی یانـەی سـالجیرۆس، **خۆرخێ مێندێس** و ئالڤێس گەشـتەکەیان بۆ وڵاتـی بەڕازیـل دەست پێ کرد، بـەڵام دەیانویست کەمترین پارە خـەرج بکـەن و بە فڕۆکەیەکی کۆن و شکاو گەشتەکەیان ئەنجام بدەن. پێ دەچوو ئەو فڕۆکەیـە ساڵانێکی زۆری بە ڕێ کردبێت، چونکە بە تـەواوی شـوێنەواری کۆنبـوون و لەکارکەوتنـی پێـوە دیـار بـوو، هەسـتیان بـە ترسـێکی زۆر دەکـرد، کـە بـە فڕۆکەیەکـی وەهـا بێکەڵـک گەشـت دەکـەن. کۆنـە قەشـەیەک فڕۆکەوانـی فڕۆکەکـە بـوو.

ئاڵفێس بـە دەم پێکەنینـەوە چیرۆکـی گەشـتەکەیان بـەو فڕۆکەیـە دەگێڕێتـەوە: «پێـم وایـە خـودا یارمەتـی دایـن، کـە نەمردیـن. بـە دڵنیاییـەوە دەمگـوت ئێسـتا نـا کەمێکـی دیکـە فڕۆکەکەمـان لـە جووڵـە دەکەوێـت.»

گەشـتی ئـەم سـیانە بـە مەبەسـتی چارەسـەرکردنی ئـەو قەیرانـە بـوو سـەبارەت بـە واژۆکردنـی گرێبەسـت لەگـەڵ دیکـۆ، کە یانـە بەڕازیلییەکـە دیکـۆی بـە موڵکـی خـۆی دەزانـی، ئەمانیش دەیانویسـت لەگەڵیـان بگەنـە ڕێککەوتـن، بـەڵام بـە شـێوەکی چاوەڕواننەکراو بەرپرسـانی یانـەی ئالاگووانۆ پێیـان ڕاگەیانـدن

ئێمە دیکۆمان بە بڕی یەک ملیۆن دۆلار بە لالفیرۆکای پۆرتوگالی فرۆشتووە. بەم شێوەیە دیکۆ یاریزانی دوو یانە بوو، هەم **خۆرخێ** لەگەڵ یانەی سالجیرۆس ڕێک کەوتبوو سەبارەت بە گواستنەوەی دیکۆ، هەم یانە بەڕازیلییەکە دەڵێت لە بەرانبەر دەستبەرداربوونی دیکۆ بڕی یەک ملیۆن دۆلارمان لە یانەی ئالڤێرکا وەرگرتووە. هەردوو یانە سکاڵای خۆیان بۆ فیدراسیۆنی تۆپی پێی نێودەوڵەتی ‹فیفا› بەرز کردەوە. بە مەبەستی یەکلاییکردنەوەی ئەم کەیسە، ناچار دیکۆ بۆ ماوەی چوار مانگ نەیتوانی نە بەشداریی یاریی یانەکەی بکات و نە لە مەشق و ڕاهێنانەکان ئامادە بێت، ئەم دابڕانە وەک ئەوە وا بوو کەسێک شمشێرێکی لە ملی دیکۆ گیر کردبێت.

**خۆرخێ مێندێس** سەبارەت بەو پەیمانەی، کە پێشتر بە سەرۆکی یانەی سالجیرۆسی دابوو، متمانەیەکی زۆری بە خۆی هەبوو. لە مانگی ئۆکتۆبەر هەواڵە دڵخۆشکەرەکە گەیشت، کە سزای سڕکردن لەسەر یارینەکردنی دیکۆ هەڵگیراوە، ئەویش بەردەوامیی بە یاریکردن لە ڕیزی یانەی سالجیرۆس دا. تەنیا یەک شت مابوو، ئەویش ئەو پەیمانەی، کە پێشتر **خۆرخێ مێندێس** بە سەرۆکی یانەی سالجیرۆسی دابوو، کە پێی گوتبوو: «دیکۆ لە داهاتوودا دەتوانێت قازانجێکی باشی ماددی بە یانەکە بگەیەنێت و داهاتێکی زۆر بە گەنجینەی یانەکە ببەخشێت.»

## شکۆداری پۆرتۆ

لە مانگی دیسەمبەر یارییەکی دۆستانە لەنێوان هەردوو یانەی سالجیرۆس و پۆرتۆ ئەنجام درا. لەو یارییەدا دیکۆ ئاستێکی ناوازەی پێشکەش کرد. لە هەمان مانگدا؛ واتە لە مانگی دیسەمبەر، **خۆرخێ** ئەو بەڵێنەی بردە سەر، کە پێشتر بە سەرۆکی یانەی سالجیرۆسی چکۆلەی دابوو، دوای ئەوەی دیکۆی یاریزانی بە ڕەگەز بەڕازیلی گرێبەستی لەگەڵ یانەی پۆرتۆ «ئەژدیهاکان» واژۆ کرد، کە دواتر توانی دەستێکی باڵای لە دروستکردنی مێژوویەکی پرشنگدار بۆ یانەی پۆرتۆ هەبێت. دیکۆ توانی لەگەڵ پۆرتۆ سێ جار ناسناوی خولی پۆرتوگال و سێ جار جامی پۆرتوگال بە دەست بهێنن. ئەم ئەستێرەیە لێهاتوویی و ناوازەیی توانا سەراسیمەکەرەکەی لەگەڵ ڕاهێنەری گەورە خۆسێ مۆرینیۆ پێشانی دونیا بدات و وەک ئەستێرەیەکی گەورەی تۆپی پێ خۆی بە جیهان بناسێنێت. یەکێک بوو لە ئەستێرە کاریگەرەکانی پۆرتۆ، کە توانی ڕۆڵی لە بەدەستهێنانی جامی یەکێتی ئەورووپا و دواتریش خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا هەبێت.

دەربارەی دیکۆ و کاریگەریی ئەم ئەستێرەی یاریی تۆپی پێ، خۆسێ مۆرینیۆ دەڵێت: «ژمارە ١٠ لای من مانا و تایبەتمەندییەکی زۆری هەیە، ئەو سیمبۆڵێکی گەورەی تیپەکەم بوو، کە توانیمان پەرجوویەک بخولقێنین. نەک هەر ئەو جیلە ئەستێرەیە گەورە بوون، بەڵکوو ‹**خۆرخێ مێندیس**›یش وەک بریکاری یاریزانەکان تا دەهات نێوبانگی گەورەتر و گەورەتر دەبوو، بەڵام **خۆرخێ** حەز بە چەقین و وەستان

ناکات. سەرباری ئەوەی دیکۆ بە ڕاشکاوی ئەوەی بە خۆرخێ نەگوتبوو، بەڵام دەیزانی خەونی گەورەی دیکۆ ئەوەیە ڕۆژێک لە ڕۆژان بە دریسی یانەی بارسیلۆناوە یاریی بکات.

لە وەرزی۲۰۰۳ سەرۆکی یانەی پۆرتۆ ‹پینتۆ داکۆستا›[1] بە هەموو شێوەیەک ڕەتی کردەوە دەستبەرداری دیکۆ بێت و بە هیچ شێوەیەک ڕێگەی نەدەدا، ڕیزی یانەکە جێ بهێڵێت، سەرباری ئەوەی لە یاریی جامی سووپەری ئەورووپی لە ۲۹ی ئۆگۆستی ۲۰۰۳ بەرانبەر ئەی سی میلانی پاڵەوانی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا ئاستێکی بەرزی پێشکەش نەکرد، کە یارییەکە لە یاریگەی لویسی دووەم تایبەت بە یانەی مۆناکۆ بە ڕێوە چوو، بەڵام هێشتا ئاستی دیکۆ بووە جێی بایەخی خوان لاپۆرتا.

## قایلکردنی خوان لاپۆرتای سەرۆکی پێشووی یانەی بارسیلۆنا

خۆرخێ میندێس بەتایبەت خوان لاپۆرتا، سەرۆکی یانەی بارسیلۆنا و ڕاوێژکاری هونەری هەمان یانەی بانگێشتی یاریگەی لویسی دووەم کرد، بۆ ئەوەی ڕاستەوخۆ سەرنجی ئاستی دیکۆ بدەن. لەو یارییەدا دیکۆ ئاستێکی ئەوتۆی پێشکەش نەکرد، بەڵام لاپۆرتا گوتی: «هێشتا لەو یارییەدا ئاستی ڕاستەقینەی خۆی پێشکەش نەکرد.»

---

١ خۆرخێ نونۆ دالیما پینتۆ داکۆستا، لە دایکبووی ۲۸ی دیسەمبەری ۱۹۳۷ی شاری پۆرتۆی پۆرتوگالە. یەکێکە لە سەرمایەدارە هەرە سەرکەوتووەکان. یەکێکە لە کاریگەرترین و سەرکەوتووترین سەرۆکەکانی مێژووی یانەی پۆرتۆی پۆرتوگال.

لاپۆرتا بە ئاستی دیکۆ گەشایەوە و بە (**خۆرخێ**)ی گوت: «ئێمە حەز بە یاریکردنی دەکەین، دڵنیام ڕۆژێک لە ڕۆژان هەموو هەوڵێک دەدەم بۆ بەدەستهێنانی ئەم یاریزانە بۆ ڕیزەکانی یانەی بارسیلۆنا.»

لەو بارەیەوە دیکۆ خۆی دەڵێت: «لە ساڵی٢٠٠٣ لە لایەن بەرپرسانی پۆرتۆ ئاگادار کرامەوە، کە ڕێگە نادەن ڕیزی یانەکە جێ بهێڵم، نزیکەی مانگێک لە دۆخێکی دژواردا بووم و هەستم بە بێزارییەکی زۆر دەکرد. هەر بۆیە لەو یارییەی بەرانبەر ئەی سی میلان لە جامی سووپەری ئەورووپی ئەنجامیان دا، لە باشترین ئاستمدا نەبووم، تەرکیزم لە دەست دەدا و ئاستێکی باشم پێشکەش نەکرد، پاشان بە تێپەڕبوونی چەند مانگێک بەسەر ئەو یارییەدا، **مێندێس** هاتەوە نێو گەمەکە. بەپێی ئەو بەسەرهاتەی ئەلیخاندرۆ ئیچی بێریای ئەندامی دەستی کارگێڕی یانەی بارسیلۆنا دەیگێڕێتەوە: «لە مانگی نۆڤەمبەر پۆرتۆ یارییەکی دۆستانەی بەرانبەر بارسیلۆنا ئەنجام دا، دیسانەوە **خۆرخێ مێندێس** بانگهێشتی لاپۆرتا و بیگریستانی بۆ نیوەڕۆخوانێک کرد و لەسەر ئەو قسەیە نەوەستا، کە بە بەرپرسانی بارسای گوت؛ ئەگەر دەتانەوێت ناسناوی چامپیۆنس لیگ بە دەست بهێنن، ئەوە بێ دوودڵی گرێبەست لەگەڵ دیکۆ واژۆ بکەن. دواتر ئەم پێشبینی و ئامۆژگارییەی **خۆرخێ** بۆ بەرپرسانی بارسا بوو بە ڕاستی و یانەکە لە ساڵی٢٠٠٦ توانی بۆ جاری دووەم لە مێژووی بەشداریکردنیدا ناسناوی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا بە دەست بهێنێت.

دواتر خوان لاپۆرتا داوای لە **خۆرخێ مێندێس** کرد، کە کۆمەڵێک کاسێتی ڤیدیۆیی تایبەت بە یاریکردنی دیکۆیان بۆ بنێرێت، تا هەڵسەنگاندن بۆ ئاستی بکەن، سەرەڕای ئەوەی هیچ وەڵامێک لە لایەن **خۆرخێ** بۆ لاپۆرتا نەبوو، تەنانەت وەڵامی داواکەیشی نەدایەوە، بەڵام هەر کۆڵی نەدا و دوایەمین سەردانی خوان لاپۆرتای بۆ شاری لیشبۆنە بە دەرفەت زانی، تا چەند جارێک **خۆرخێ** ناوی دیکۆی بۆ لاپۆرتا دووبارە دەکردەوە، کە ئەوە بوو **خۆرخێ** سێ جار لەسەریەک گوتی: «دیکۆ، دیکۆ، دیکۆ» ئەمەیش وەک ئاماژەیەک بوو بۆ لێهاتوویی دیکۆ، دەیویست لەو ڕێگەیەوە بە بەرپرسانی بارسا بڵێت دیکۆ یاریزانێک نییە تا هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت و ئەوەی تێپەڕاندووە ئاست و توانای تاقی بکرێتەوە.

سەبارەت بەم چیرۆکە لاپۆرتا دەگێڕێتەوە: «ئێمە لە شاری لیشبۆنە بووین بە مەبەستی ئەنجامدانی یارییەکی دۆستانە، بۆ چێشتخانەیەک بانگهێشت کرام، کە ئێستا بە دروستی ناوی چێشتخانەکەم لە بیر نییە، بەڵام هەرگیز ئەو گۆرانییەم لە یاد ناچێت، هەمیشە سەداکەی لە گوێیەکانمدا دەزرنگێتەوە، لە کاتی چوونمان بۆ چێشتخانەکە لەنێو ئۆتۆمۆبیلەکە لە یەکێک لە ڕادیۆکانی ئەو وڵاتە گوێبیستی سروودێکی وەرزشی بووم، کە هاندەرانی پۆرتۆ بە شان و باڵای دیکۆ دەیانگوتەوە. کورتەی سروودەکە بەم شێوەیە بوو: «دیکۆ، ئۆلێ، ئۆلێ، ئۆلێ.»

هێشتا سروودەکەم لە زیهنمدا ئەزبەر کردووە، کە دەیانگوتەوە: «ئەو ژمارە دەیە، بە پێیەکانی داهێنان دەکات، باشتر و لێهاتووترە لە پێلییە، ئەو کەسەش دیکۆیە، ئۆلێ ئۆلێ ئۆلێ.»

هیچ ڕێگەچارەیەک لە بەردەم بەرپرسانی بارسیلۆنا نەما، جگە لەوەی هەوڵی جددی بدەن، بە مەبەستی ڕازیکردنی دیکۆ تا پێوەندیی بە ڕیزەکانی بارسیلۆناوە بکات. هەریەکە لە خوان لاپۆرتا، تێکسیکی بیگرستان، فیران و ساندرۆ ڕۆسێل چوون بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ یانەی پۆرتۆ بە مەبەستی دانووستاندن لەگەڵ پینتۆ داکۆستای سەرۆکی یانەی پۆرتۆی پۆرتوگالی. لەو کاتەدا دیکۆ لە کەمپی مەشق و ڕاهێنانی هەڵبژاردەکەی بوو، بە مەبەستی ئامادەکاری بۆ جامی نەتەوەکانی ئەورووپای.٢٠٠٤ دواجار هەواڵە دڵخۆشکەرەکە گەیشت. لە مانگی یۆنیۆی ٢٠٠٤ دیکۆ پێوەندیی بە یانەی بارسیلۆنای ئیسپانییەوە دەکات، بەو پێیەی ئەوکات قوتابخانەی وەرزشیی لەناو یانەکە هەبوو، لە گوتارێکیدا سەبارەت بە پێوەندیکردنی دیکۆ بە ڕیزەکانی یانەی بارسیلۆنا، خوان لاپۆرتای سەرۆکی ئەوکاتی بارسیلۆنا گوتی: «بۆ ئێمەی بەرپرسانی یانەی بارسیلۆنا واژۆکردنی گرێبەست لەگەڵ دیکۆ هەوڵێکی گرنگ و سەرکەوتووە و هەمیشە دەمانەوێت هەریەکە لە چابی هێرناندیز و ئیندریاس ئینێستا زیاتر فێر بن و بتوانن باشتر کێبڕکێ بکەن تا ئاستێکی بەرز پێشکەش بکەن. هەر یەکێک لەمانە خاوەنی بەهرەیەکی گەورەیە، بەڵام لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە ئێمە خاوەن بەختێکی

باشـین، کـه ئـهم هەمـوو یاریزانـه بەهرەمەنـده لـەدەوری یانەکەمـان کۆبوونەتـەوە.»

لـه لایەکـی دیکـەوە یاریزانـه بـه ڕەگـەز بەڕازیلییەکـه گوتـی: «ئینێیسـتا و پویـۆڵ، باشـترینەکانی ئـەو نەوەیـەی تۆپـی پێـی ئیسـپانیان، کـه یاریـی دەکـەن، بـەڵام تـا ئێسـتا هیـچ ناسـناوێکیان بەدەست نەهێناوە، ئـەوان هەمیشـه هـەوڵ بۆ سـەرکەوتن دەدەن، تامـەزرۆی بردنـەوەن، ئەگـەر لەگـەڵ سـەرەتای گەیشـتنی مـن بـه یانەکـه دەسـت بـه چنینـەوەی ناسـناوەکان بکەیـن، ئـەوە بـۆ مـن دەبێـت بـه شـتێکی زۆر نایـاب و دڵخۆشـکەر.»

لـه تەمەنـی حەڤـدە سـاڵی، کارکـردن و پێوەندیـی دیکـۆ بـه **خۆرخـێ مێندێس** تەنیـا دوو جـار سـەربەخۆ و بەبـێ ئـاگاداری **مێندێـس** گرێبەسـتی هەڵوەشـاندووەتەوە، یـان گرێبەسـتی واژۆ کـردووە، یەکەمیـان لـه سـاڵی١٩٩٧ بـوو، کاتێـک یەکدیناسـینیان بـوو، دووەمیشـیان لـه سـاڵی٢٠٠٨ بوو، دوای دەستبەکاربوونی پێپ گواردیۆلا وەک ڕاهێنـەری نوێـی یانـەی بارسـێلۆنا، ئـەوە بـوو پێـپ گواردیـۆلا بڕیـاری دا دەسـتبەرداریی تواناکانـی دیکـۆ ببێـت و پێـی وا بـوو بارسـێلۆنا پێویسـتی بـەم یاریزانـه نییـه، بـەڵام دیکـۆ ئـەم دەسـتبەرداربوونەی لـه لایـەن گواردیـۆلاوە بـه ئاسـایی وەرگـرت و لـه بەرانبـەر بڕیارەکـه تووشـی هیـچ جـۆرە نیگەرانییـەک نەبـوو. دیکـۆ پێوەندیـی بـه هیـچ کـەس و یانەیەکـەوە نەمابـوو، ئـەو یاریزانێکـی ئـازاد بـوو. چەندیـن گرێبەسـتی جۆربەجـۆر لـه یانەکانـەوە بـه **خۆرخـێ مێندێس** دەگەیشت، بـه مەبەسـتی بەدەستهێنانی تواناکانـی دیکۆ، بەڵام

**خۆرخێ** دەیزانی خولی ئینگلیزی یەکێکە لەو خولانەی یانەکانی تامەزرۆی بەدەستهێنانی تواناکانی ئەستێرە ناودارەکانی تۆپی پێن، بۆیە دەستەوارەکەی چێلسی لەنێو هەموو ئەو بۆندانەی پێی گەیشتبوو، قەبووڵ کرد.

سەبارەت بە واژۆکردنی گرێبەست لەگەڵ چێلسی، دیکۆ دەڵێت: «ئارەزووم دەکرد بۆ ماوەیەکی زۆر لە ڕیزی چێلسی یاریی بکەم، هێشتا ماوەی گرێبەستەکەم کۆتاییی نەهاتبوو، کە سێ ساڵ بوو (٢٠٠٩- ٢٠١١) بەر لە ڕۆیشتنی کارلۆ ئەنچیلۆتی لە یانەی بلووز، حەزم دەکرد لەگەڵ چێلسی بەردەوام بم، بەڵام کاتێک لە ساڵی٢٠١٠ لە وڵاتی بەرازیل و لە لایەن یانەی ‹فلۆمینێنزی- Fluminense› دەستەوارەیەکم پێشکەش کرا، بیرم لەوە کردەوە جارێکی دیکە بۆ نیشتمانەکەم بگەڕێمەوە.» پاش کۆتاییهاتنی وێستگەی یاریکردنی لە ئەورووپا، چیتر دیکۆ پێویستی بە یارمەتیدانی **خۆرخێ مێندیس** نەمابوو، تا لەوە زیاتر درێژە بە خەونەکانی بدات لە کیشوەری پیر ‹ئەورووپا› چیتر پێویستی بەوە نەبوو خەون بەوەوە ببینێت بۆ یانەی گەورە یاریی بکات، چونکە بۆ هەر یەکە لە یانە گەورەکانی پۆرتۆی پۆرتوگال و بارسیلۆنای ئیسپانیا و چێلسی لە خولی ئینگلیزی یاریی کردووە. سەرجەمی گرێبەستەکانی دیکۆ لە وێستگەی یاریکردنی لەگەڵ **مێندیس** جگە لە گرێبەستێکی لە ساڵی١٩٩٧ و هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستەکەی لە ساڵی٢٠٠٨ لەگەڵ بارسیلۆنا، سەرجەم ژیانی وەرزشی و جێبەجێکاری

ئیشـــەکانی تەنیـــا و تەنیـــا ‹**خۆرخـــێ مێندێـــس**›ی بریـــکاری یاریزانەکانـــی تۆپـــی پـــێ بـــووە.

دیکـۆ لـە باسـکردنی **خۆرخـێ مێندێس** بـە لایـەوە سـەیر نییــە، کــە دەڵــێ: «گرێبەســتکردن و خۆدانەدەســت قــەدەری **مێندێس** بـۆ مـن پێش هـەر شـتێک گەڕاندنـەوەی متمانـە بـوو بـۆ منـی یاریـزان.»

# بەشی چوارەم

## خۆرخێ مێندێس؛ کلیلی گرێبەستەکان

### چۆن پردی پەڕینەوەی مۆرینیۆ و پیاوەکانی بۆ گەیشتنە ئینگلتەرا دروست بوو؟ کارڤالیۆ و بەدیهێنانی خەونەکەی

وا دادەنرێت خۆرخێ مێندێس ڕەگەزێکی گرنگی پشت سەرکەوتنەکانی وێستگەی چەندین یاریزان بووە، بەڵام لە هەمان کاتدا ئاسان نەبووە بێ بوونی پاڵپشتی کەسایەتییەک ئەو هەموو دەستکەوت و سەرکەوتنە بە دەست بهێنێت، کە ئەو کەسایەتییە بەلای زۆربەمانەوە نائاشنا و نەناسراوە، هەر ئەویش کلیلی پشت نهێنییەکانی ئەو شۆڕشە بووە، کە پیاوە پۆرتوگالییەکە لە وێستگەی کارکردنی لە بواری بازرگانی و بریکاریی لە بواری تۆپی پێدا پەرەی پێداوە. ئەو کەسەیش ‹پیتەر کینیۆن-Peter Kenyon›[1]، کە کەسێکی داهێنەرە و

[1] پیتەر کیونیۆن لە ساڵی١٩٥٤ لە شاری بۆرن بەریتانیا لە دایک بووە، پێشتر بریکاری جێبەجێکاری هەر یەکە لە یانەکانی مانچێستەر یونایتد و یانەی چێلسی بوو. ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە گرێبەستەکانی خولی ئینگلیزی لەسەر دەستی ئەم بریکارە بە ئەنجام گەیشتووە. پیتەر کینیۆن ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لە قایلکردنی سێر ئەلێکس فێرگسۆنی ڕاهێنەری پێشووی مانچێستەر تا درێژە بە کاروانی ڕاهێنەری یانەکە

بلیمەتـە لـە بـواری بـازاڕی کڕیـن و فرۆشـتنی یاریزانـان لـە میرکاتۆی گواسـتنەوەی یاریزانـان، خاوەنـی بیرۆکـەی گەشـتی یانـەکان بـووە بـۆ ئاسـیا و فرۆشـی کەلوپەلـی وەرزشـیی یانـەکان بـە شـێوەی ئۆنلایـن و ئەلیکترۆنـی، هەروەهـا پیتـەر کینتـۆن وەک بەڕێوەبـەری جێبەجێکاری یانەکانـی مانچێسـتەر یونایتد و چێڵسیی ئینگلیزی کاری کردووە، هەروەهـا بـووە بـە پردێکی ئاسانی پێوەندیی **خۆرخێ مێندێس** بە جیهانی خولی ئینگلیزییـەوە.

کینتۆن، ئەو کەسـە بوو، کە ئامۆژگاری ئەلێکس فێرگسـۆنی ڕاهێنـەری پێشـووی یانـەی مانچێسـتەر یونایتـدی کـرد لـە یاریگـەی سـپۆرتینگ لیشـبۆنە نەڕواتـە دەر تـا گرێبەسـت لەگەڵ کریستیانۆ ڕۆناڵـدۆ واژۆ نـەکات.

هـەر پیتـەر کینتـۆن بـوو بەهـۆی پێوەندیـی بەهێزی لەگـەڵ **خۆرخێ مێندێس** ڕێگـەی بـۆ گەیشـتنی هـەر یەکـە لـە خۆسـێ مۆرینیـۆ، پاولـۆ فێریـرا، ڕیـکاردۆ کارڤالیـۆ و تیاگـۆ مێندێـس

---

بـدات، لـە کاتێکـدا فێرگسـۆن دەیویسـت لـە سـاڵی٢٠٠٢ بـە یەکجـاری واز لـە پیشـەی ڕاهێنـەری بهێنێـت. کاتێـک کینیـۆن بڕیـار دەدات وەک بەڕێوەبـەری جێبەجێکاری گرێبەسـتی یاریزانانی چێڵسـی دەسـتبەکار بێت، هاندەرانی مانچێسـتەر تووشـی سەرسـوڕمان دەبن، چونکە پێشتر کینیۆن گوتبـووی تـا مـردن پاڵپشـتی مانچێسـتەر دەکـەم و ئینتیمـام تەنیا بۆ یانـەی شـەیتانە سـوورەکان. ئەوکاتـەی وەک بریـکار لـە یانـەی چێڵسـی ڕاهێنـەر بـوو، هەوڵێکـی بێوچانـی دا لەپێنـاو قاییلکردنـی زڤیـن گـۆران ئەریکسـۆنی بەڕێوەبـەری هونـەری هەڵبـژاردەی ئینگلتـەرا تـا وەک ڕاهێنـەری چێڵسـی دەسـتبەکار بێـت. هـەر یـەک لـە گرێبەسـتەکانی ئەشـلی کـۆڵ بـۆ چێڵسـی، خـوان سیبەسـتیان ڤیرۆن و ریۆ فێردیناند بۆ مانچێسـتەر لەسـەر دەسـتی پیتـەر کینیۆن واژۆ کران. سـاڵی٢٠٠٩ بەرپرسـانی چێڵسـی لە کار لابردنی پیتـەر کینیۆنیـان ڕاگەیانـد.

خۆش کرد، کە پێوەندیی بە ڕیزەکانی یانەی چێلسی لەندەنییەوە بکەن.

سەبارەت بە پێوەندیی نێوان خۆی و **مێندێس**، پیتەر کنتۆن دەڵێت: «من و **مێندێس** هەر یەکەمان ئەوی دیکەمان تەواو دەکەین و ئێمە لە پیشەکەماندا تەواوکەری یەکدین. هەر یەکێک لە ئێمە شارەزاییەکی باشی لە جیهانی تۆپی پێ هەیە. منیش کەسانێکی زۆرم بە **خۆرخێ مێندێس** ناساند، بۆ نموونە پیتەر لیم، کە ماوەی بیست ساڵە دەیناسم و پێوەندیم لەگەڵیدا هەیە، هەروەها لە نێویشیاندا ‹ڕۆمان ئەبرامۆڤیچ›ی سەرۆکی یانەی چێلسی، دوای ئەوەی بوو بە خاوەنداری یانەی بلووزی چێلسی.»

## کارڤالیۆ و چێلسی

**مێندێس** وەک پیشەی هەمیشەیی، کە کردبووی بە بەرنامەی کارەکانی، دەبوو لانیکەم هەفتانە تەماشای یارییەک بکات بە ئامانجی گەڕان بە دوای یاریزانی بەتوانا و بەهرەمەندی نوێی دونیای تۆپی پێ.

لە ٢٥ی یەنایەری١٩٩٨ **مێندێس** چوو بۆ تەماشاکردنی ڕووبەڕووبوونەوەی هەردوو یانەی ‹لیسا– سالجیرۆس› لە خولی پلە یەکی پۆرتوگال. **خۆرخێ** بە هۆشیارییەوە چاوی چووە سەر یاریزانێک، کە لە هێڵی بەرگری یاریی دەکرد و

یاریزانی تیپی خاوەن یاریگە بوو، درێسی ژمارە سیانزەی دەپۆشی. ناوی ئەو بەرگریکارە ڕیکاردۆ کارڤالیۆ[1] بوو. ئەوکات تەمەنی نۆزدە ساڵی تێنەپەڕاندبوو، بۆ یانەی لیسا یاریی دەکرد، کە بە شێوەی خواستن لە یانەی پۆرتۆوە هاتبوو.

سەبارەت بە چیرۆکی ئەو ڕۆژانە و یەکەم یەکتربینینی خۆی و **خۆرخێ مێندێس**، کارڤالیۆ دەڵێت: «زۆر بە باشی ئەو ڕۆژەم لە یادە، کە وا دەزانم دوێنێ بووە، پاش کۆتاییهاتنی یاریی نێوان لیسا و سالجیرۆس، بۆماڵەوە گەڕامەوە، دوای ماوەیەک لە پشوودان، گوێم لە زەنگی دەرگەکە بوو، کاتێک دەرگەکەم کردەوە، کەسێک بەرانبەرم لەناو دەرگەکە وەستابوو، نەمدەناسی، دواتر ئەو دەستپێشخەریی کرد و خۆی

١ ڕیکاردۆ ئەلبەرتۆ سێلڤێرا دی کارڤلیۆ، لە ڕێکەوتی ١٨ی مایۆی١٩٧٨ لە ناوچەی ئەمارانتی نزیک شاری پۆرتۆی وڵاتی پۆرتوگال لە دایک بووە. شوێنی یاریکردنی لە یاریگە دڵی بەرگریی بوو. سەرەتای وێستگەی یاریکردنی کارڤالیۆ بۆ ساڵی١٩٩٨ دەگەڕێتەوە. سەرەتای دەرکەوتنی وەک بەرگریکار، بە فێرناندۆ کوتۆی ئەستێرەی هێڵی بەرگریی هەڵبژاردەی پۆرتوگال و یانەی لازیۆ بەراورد دەکرا، بەتایبەت کاتێک لە وەرزی٢٠٠٣-٢٠٠٤ لەگەڵ یانەی پۆرتۆ توانییان هەر سێ ناسناوی چامپیۆنس لیگ و خولی سووپەر لیگی پۆرتوگال و جامی پۆرتوگال بە دەست بهێنن. هەر لەو ساڵەدا وەک باشترین بەرگریکاری ئەو پاڵەوانێتییە دەستنیشان کرا. کارڤالیۆ لە ساڵانی١٩٩٧ تا ٢٠٠٤ لە پۆرتۆ بەشداریی(٧٣) یاریی کردووە و توانیویەتی سێ گۆڵ تۆمار بکات. ٢٠٠٤- ٢٠١٠ لە یانەی چێلسی ئینگلیزی بەشداریی(١٣٥) یاریی کردووە و حەوت گۆڵیشی بۆ یانەی بلوزی چێلسی تۆمار کردووە. لە٢٠١٠ لە ڕیاڵ مەدرید لە(٦١) یاریی بەشداریی کردووە و توانی سێ گۆڵ تۆمار بکات. هەروەها لە ساڵانی٢٠٠٣ تا ٢٠١١ لە هەڵبژاردەی پۆرتوگال بەشداریی (٧٥) یاریی کردووە و لەو ماوەیەدا توانی چوار گۆڵ بۆ هەڵبژاردەی وڵاتەکەی تۆمار بکات.

پێ ناساندم و پیرۆزبایی لێ کردم بۆ ئەو ئاستە بەرزەی، کە لەو یارییەدا پێشکەشم کردبوو، بەڵام لە ڕاستیدا من زۆر بایەخم بە قسەکانی نەدا. ئەوکات یاریزانێکی پیشەگەر بووم و گرێبەستێکم بۆ ماوەی پێنج ساڵ لەگەڵ پۆرتۆی پۆرتوگالی واژۆ کردبوو، هیچ پێویستیم بە بریکار نەبوو.»

سەرباری هەموو ئەمانە هەردووکیان ژمارەی تەلەفۆنیان گۆڕییەوە. **خۆرخێ مێندێس** سوور بوو لەسەر ئەوەی لە ڕێگەی پێوەندیی تەلەفۆنییەوە لەگەڵیدا بەردەوام بێت و چاوی لەسەر لا نەبات. پاش ئەنجامدانی هەر یارییەک، **خۆرخێ** پێوەندیی بە کارڤالیۆ دەکرد و لە هەواڵی دەپرسی و بەردەوام وەک هاندانێک و بۆ پتەوترکردنی پێوەندیی نێوانیان لە دوای هەر یارییەک، کە کارڤالیۆ ئەنجامی دەدا، ئەم دەستخۆشی لێ دەکرد و بەردەوام بۆ ئەو ئاستە بەرزەی پێشکەشی دەکات پیرۆزبایی لێ دەکرد. ئەمەیش بۆ کارڤالیۆ جۆرە هاندانێک بوو، هاوکات جۆرێک بوو لە نەهێشتنی بەربەستی بەردەم ڕێگەی گەیشتن بە یەکدی.

دوای ئەوەی ماوەی گواستنەوە بە شێوەی خواستن لە یانەی لیسا کۆتاییی هات، کارڤالیۆ بۆ یانەی پۆرتۆ گەڕایەوە، بەڵام دیسانەوە داوای لە بەرپرسانی یانەکە کرد، جارێکی دیکە بە شێوەی خواستن بۆ ڕیزی یانەیەکی دیکە بگوازرێتەوە، چونکە هەستی دەکرد لە ڕیزی پێکهاتەی یانەی پۆرتۆ ئەستەمە جێگەی ببێتەوە و ئاسان نییە دەرفەتی یاریکردنی بۆ دروست ببێت، بۆیە بە شێوەی خواستن

پێوەندیی بە یانەی ڤیتۆریا ستیوباڵ کرد و تەواوی ئەو وەرزە بەشداریی یارییەکانی لەگەڵ ئەو یانەیە کرد؛ لێرەدا مەبەست لە یانەی ڤیتۆریا ستیوباڵە.

دوای ئەم گواستنەوەیەش هێشتا **مێندێس** بە بەردەوامی پێوەندیی پێوە دەکات و هەواڵی دەپرسێت و چاودێری ئاست و تواناکانی دەکات، بەڵام وەرزی داهاتوو (٢٠٠٠– ٢٠٠١) کۆتا وەرزی یاریکردنی کارڤالیۆ بوو بە شێوەی خواستن یاریی بکات، کە بۆ یانەی ئەلفریکا یاریی دەکرد. پێش ئەوەی بۆ هەمیشە کۆتایی بە یاریکردنی بە شێوەی خواستن بهێنێت، بۆ ریزەکانی پۆرتۆ گەڕایەوە و بوو بە یەکێک لە یاریزانە سەرەکییەکانی پێکهاتەی یەکەمی یانەکە، هەروەها کارڤالیۆ بەهۆی بەهێزبوونی پێوەندیی دۆستانەی لەگەڵ **خۆرخێ مێندێس** بڕیاری دا گرێبەستی لەگەڵ واژۆ بکات، ئەمەیش بەرهەمی دانبەخۆداگریی **خۆرخێ** لە بەرانبەر مکوڕبوونی لە بەدەستهێنانی کارڤالیۆ نیشان دەدات، کە ماوەیەکی زۆر بوو نیشانی لەم یاریزانە گرتبوو، تا بیخاتە ژێرباڵی خۆی. لە وەرزی ٢٠٠٤ ڕیکاردۆ کارڤالیۆ بە ئاستبەرزییەکەی توانی هەمووان سەرسام بکات و بیسەلمێنێت یەکێکە لە بەرگریکارە ئاستبەرزەکانی تۆپی پێ.

لە دەرگادانی ڕیاڵ مەدرید لە ڕێگەی (**خۆرخێ مێندێس**)ـەوە بوو، هەروەها ڕیکاردۆ کارڤالیۆ سەرەتای چیرۆکی چێبوونی پێوەندییەکانی لەگەڵ یانەی ڕیاڵ مەدرید دەگێڕێتەوە و دەڵێت: «ئەو ڕووداوەم زۆر بە باشی لە یاد

ماوە، وەک ئەوەی دوێنێ بووبێت. من و **خۆرخێ** پێکەوە بووین، لەناکاو زەنگێک بۆ مۆبایلەکەی **خۆرخێ** هات، کەسێک بوو لە یانەی ڕیاڵ مەدریدەوە پێوەندیی پێوە کرد. لە بەرانبەر دەستبەرداربوونم یانەی پۆرتۆ داوای پارەیەکی زۆری دەکرد، بەڵام ڕیاڵ مەدرید ئەو پارەیەی پۆرتۆ وەک مەرجی دەستبەرداربوون لەسەر منی دانابوو، پێی ڕازی نەبوون و ڕەتیان کردەوە، ئەو کاتە خەونی گەورەم ئەوە بوو لە ڕیاڵ مەدرید یاریی بکەم.»

کارڤالیۆ سەبارەت بە گرێبەستی لەگەڵ چێلسی دەگێڕێتەوە: «دەستەوارەیەکی دیکەم لە یانەی چێلسی لەندەنییەوە بە بڕی سێ ملیۆن یۆرۆ پێ گەیشت، بەڵام هەرگیز ناتوانم ئەوە لە بیر بکەم، یانەی ڕیاڵ مەدرید یەکەم یانە بوو، کە گرنگی بە تواناکانی من دا و دەیانویست پێوەندییان پێوە بکەم، بەڵام لەو کاتەدا کاتی ئەوە هاتبوو بۆ ئینگلتەرا بڕۆم و لە خولی پریمەرلیگ یاریی بکەم.»

لە ساڵی ٢٠٠٤ کارڤالیۆ تەنیا یاریزان نەبوو، کە لە ڕێگەی ‹**خۆرخێ مێندێس**›ـەوە پێوەندیی بە چێلسییەوە بکات، بەڵکو بە هاوڕێیەتیی هەر یەکە لە پاولۆ فێرێرا، تیاگۆ مێندێس و نونۆ مانیچ[١] پێوەندییان بە یانەی چێلسییەوە کرد. ئەم سێ

---

١ نونۆ ڕیکاردۆ دا ئۆلیڤێرا ڕیبیرۆیە، کە بە مانیچ ناسراوە. مانیچ لە ڕێکەوتی ١١ی نۆڤەمبەری١٩٧٧ لە شاری لیشبۆنەی وڵاتی پۆرتوگال لە دایک بووە. سەرەتای وێستگەی یاریکردنی لەگەڵ یانەی بەنفیکا بوو، کاتێک لە وەرزی١٩٩٥- ١٩٩٦ بۆ بەنفیکا یاریی دەکرد و دوای شکستی لەگەڵ یانە سوورپۆشەکە لە ساڵی١٩٩٦ پێوەندیی بە یانەی ئالڤێرکا دەکات و تا ساڵی١٩٩٩ لەگەڵ ئالڤێرکا درێژە بە یاریی تۆپی

پۆرتوگالییە لەژێر سەرپەرشتی خۆسێ مۆرینیۆی ڕاهێنەری هاونیشتمانیان لە ڕیزەکانی یانەی بلووزی چێلسی بوون. ئەمەیش هێزێکی زیاتری بە کۆمپانیای ‹جیستیفوتی›، بە ڕادەی دەنگدانەوەیەکی گەورە بەخشی، ناوی ئەم کۆمپانیایە لە هەر کاتێکی تەمەنی دروستبوونی زیاتر ناسرا و دەنگدانەوەی پەیدا کرد.

لە ماوەی وەرزی یەکەمی لە ڕیزەکانی یانەی چێلسی کارڤالیۆ توانی یەکەم ناسناو لەگەڵ چێلسی بە دەست بهێنێت، کە بۆ سێیەم جار بوو لە مێژوودا یانە شینپۆشەکەی شاری لەندەن بتوانێ ناسناوی خولی ئینگلیزی دەستەبەر بکات، هەروەها لە یەکەم وەرزی یاریکردنی بە درێسی چێلسییەوە لە سەرجەم پاڵەوانێتییەکان لە سیونۆ یاری بە هاوبەشی

پێ دەدات. لەو ماوەیەدا ‹٧٨› یاریی ئەنجام دەدات و دە گۆڵ تۆمار دەکات. ساڵی١٩٩٩ جارێکی دیکە بۆ یانەی بەنفیکا دەگەڕێتەوە و تا ٢٠٠٢ لەگەڵ بەنفیکا بەردەوام دەبێت. لەو ماوەدا بەشداریی ‹٥٤› یاریی دەکات و یانزە گۆڵ تۆمار دەکات. لە ساڵی٢٠٠٢ پێوەندیی بە ڕیزەکانی یانەی پۆرتۆی پۆرتوگالییەوە دەکات و تا ساڵی٢٠٠٥ لەگەڵ پۆرتۆ بەردەوام دەبێت و لە‹٨٠› یاریی بەشداریی دەکات و پانزە گۆڵیش بۆ پۆرتۆ تۆمار دەکات. وەرزی٢٠٠٥-٢٠٠٦ ڕوو لە خولی ڕووسیی دەکات و گرێبەست لەگەڵ یانەی دایناملۆ مۆسکۆ واژۆ دەکات، بەڵام تەنیا‹١٣› یاریی لەگەڵ ئەم یانەیە بەشدار دەبێت و دوو گۆڵ بۆ ئەم یانە ڕووسییە تۆمار دەکات. ساڵی٢٠٠٦ بە شێوەی خواستن ڕوو لە یانەی چێلسی دەکات و تەنیا لە هەشت یاریی بەشداریی دەکات. دواتر بۆ یانەکانی ئەتلەتیکۆ مەدرید و ئینتەرمیلان یاریی دەکات. سەرەتای بانگهێشتکردنی بۆ ڕیزەکانی هەڵبژاردەی پۆرتوگال بۆ ساڵی٢٠٠٣ دەگەڕێتەوە، کە تا ٢٠٠٩ بەردەوام دەبێت لە یاریکردن بۆ هەڵبژاردەکەی. لەو شەش ساڵەی تەمەنی یاریکردنی بۆ هەڵبژاردەکەی بەشداریی‹٥٣› یاریی دەکات و حەوت گۆڵ تۆمار دەکات. نونۆ مانیچ بە پیاوی یارییە سەختەکان ناوبانگی پەیدا کردبوو.

لەگەل ئەفسانەی هێلی بەرگریی جۆن تێری لە دلی بەرگریی یانەکە یارییان دەکرد.

هەر لە درێژەی گێرانەوەی بەسەرهاتەکانیدا ریکاردو کارڤالیو دەلێت: «دوای دوو، یان سێ سال یانەکە بریاری دا گرێبەستەکەم لەگەلدا نوێ بکاتەوە. بۆ من و مێندیس، کە گرێبەستێکی وا لەنێوانماندا نەمابوو، بۆیە ناچار بووم بۆ مالەوە بڕۆمەوە تا گرێبەستێکی نوێی ساخلەم لەگەل ئەم یانەدا بنووسمەوە، چونکە هیچ ڕێگەچارەیەکم نەبوو، جگە لە ڕازیبوون.»

بێگومان ئەو چەند سالەی ریکاردو کارڤالیو لە ڕیزەکانی یانەی چێلسی یاریی دەکرد بە پرشنگدارترین ویستگەی تەمەنی یاریکردنی ئەم بەرگریکارە پورتوگالییە هەژمار دەکرێت، بەلام هێشتا هەستی بە خەمباری دەکرد، خەونی یاریکردنی لە یانەی ڕیال مەدرید لەناو چوو. لەو کاتەدا هەستی بەوە دەکرد، کە ئەو یانەیەی لە دلەوە خۆشی دەوێت و ئاواتی کەوردی ئەوەیە بەرگریی لە دریسەکانی بکات و نەیتوانیوە پێی بکات. ئەو یانەیەش یانەی ڕیال مەدریدی ئیسپانییە. لەو کاتەدا بیری لەوە دەکردەوە، کە پێویستە مێندیس پردی پێکەوەگرێدانی کارڤالیو و ئەو یانەیە بێت، کە هەمیشە خەونی پێوە دەبینی. لە سالی ۲۰۱۰ ڕیال مەدرید لە هەولی توکمەکردنی هێلی بەرگریی تیپەکەیدا بوو. لە هەولی ئەوەدا بوو گرنگی بە تواناکانی هێلی بەرگریی تیپەکەی بدات. خورخێ مێندیس ئەمەی بە دەرفەتێکی گونجاو زانی تا هەول بۆ بەدیهێنانی خەونەکەی کارڤالیو بدات و ئاواتی لەمێژینەی بهێنێتە دی.

لەبارەی پەیوەندییکردنی بە یانەی ڕیاڵ مەدرید ڕیکاردۆ کارڤالیۆ دەڵێت: «لە ساڵی ٢٠١٠ ڕیاڵ مەدرید بیری لە گواستنەوەی یاریزانانی هێڵی بەرگریی بۆ ڕیزەکانی دەکردەوە، بەڵام خۆرخێ توانی کارەکە بە سەرکەوتوویی بە کۆتا بهێنێت، بەوەی من گرێبەست لەگەڵ ڕیاڵ مەدرید واژۆ بکەم. بەشبەحاڵی خۆم، ئەمە ڕووداوێکی گەورەیە لە ژیانی وەرزشیمدا، کە درێسی یانەی ڕیاڵ مەدرید دەپۆشم، بەڵام پێم وابوو کاتی پەیوەندیکردنەکەم زۆر دواکەوتبوو، ئەمە پاڵی بە منەوە دەنا گومان بکەم بتوانم وەک یاریزانی سەرەکی یاریی بکەم، چونکە لووتکەی ئاستبەرزی من بۆ ئەو ڕۆژگارانە دەگەڕێتەوە، کە لەگەڵ پۆرتۆ ناسناوی چامپیۆنس لیگمان لە ٢٠٠٣ بە دەست هێنا و دواتر لە یانەی چێڵسی یارییم دەکرد. لە سەرەتادا هەموو شتێک باش دەڕۆیشت. لە وەرزی یەکەم بەردەوام وەک یاریزانی سەرەکی بەشداریی یارییەکانی ڕیاڵ مەدریدم دەکرد و چێژێکی زۆرم لە وەرزی یەکەمی پەیوەندیکردنم لە مەدرید بینی.»

دواتر کارڤالیۆ لەسەر ئاستی ئەژنۆی دووچاری پێکران بوو. ئەم پێکرانەی کارڤالیۆ بووە هۆی ئەوەی جێگەکەی بۆ سێرجیۆ ڕامۆس چۆڵ بکات، کە پێشتر ڕامۆس وەک بەرگریکاری لای ڕاست یاریی دەکرد، بەڵام بۆ شوێنپڕکردنەوەی کارڤالیۆ ناچار لە دڵی بەرگریی یاریی پێ دەکرا، دوای درەوشانەوەی ئاستی ڕامۆس لە دڵی بەرگریی و تا دەهات ئاستی پێشکەوتنی زیاتری بەخۆوە دەبینی، ئەمەیش وای لە کارڤالیۆ کرد بیر لە چارەنووسی خۆی

بکاتەوە، چونکە جیاوازییەکی گەورەی تەمەن لەنێوان ئەم دوو بەرگریکارەدا هەبوو، بۆیە هەستی کرد ئێستا کاتی ئەوە هاتووە بە دوای ڕێگەیەکدا بگەڕێت بۆ دەرچوون لە یانەی ڕیاڵ، چونکە چیتر ئاسان نییە بتوانێ دوای ئەو پێکرانە وەک یاریزانی سەرەکی لە پێکهاتەی یەکەمی ڕیاڵ مەدرید جێگەی ببێتەوە و کێبڕکێی سێرجیۆ ڕامۆس بکات، هەر بۆیە لەو کاتەدا داوای لە **مێندێس** کرد چارەیەکی بۆ بدۆزێتەوە تا ڕیزەکانی ڕیاڵ مەدرید جێ بهێڵێت، دواتر مێندێس پێوەندیی بە یانەی مۆناکۆوە دەکات، چونکە باوەڕی وا بوو هێشتا کارڤالیۆ دەتوانێ لە یاریگەکانی ئەورووپا یاریی بکات و پێویستی بەوە نییە بە ناچاری و بەهۆی داکشانی ئاستییەوە ڕوو لە خولی ئەمەریکا بکات، هەر وایش بوو، توانی لە یانەی مۆناکۆ ئاستێکی زۆر بەرز پێشکەش بکات. لە ژیانی وەرزشیی ئەم یاریزانە لە خولەکانی ئینگلیزی، ئیسپانی و فەرەنسی، قسەی کۆتایی، **خۆرخێ مێندێس** دەیکرد.

# بەشی پێنجەم

## سەیروسەمەرەیی ئەو پیاوەی،
## کە هەرگیز دووچاری شکست نابێت

تیاگۆ مێندێس و **خۆرخێ مێندێس** لـە زیـاد لـە ناسـناوێکدا بەشدارییان کردووە، زیاد لە بۆنەیەک و زیاتر لە سەردەمێکی جیاواز ئـەم دوو کەسـایەتییە پێکـەوە کۆ دەکاتـەوە. پێوەندیـی یاریزانەکـەی ئێسـتای ئەتلەتیکـۆ مەدریـد لەگـەڵ بریـکاری یاریزانـە پۆرتوگالییـەکان یەکجـار قووڵـە؛ ئـەم پێوەندییـە قووڵـە ڕیشـەیەکی مێژوویـی هەیـە، کـە وا دەکات ئـەم دوو یاریزانـە پێکـەوە کـۆ بکاتـەوە. هەردووکیـان بـۆ ڤیانینسـی یارییـان کـردووە، تەنانـەت پێشـتر تیاگـۆ زیـاد لـە جارێـک سـەردانی ‹**خۆرخێ مێندێس**›ی کـردووە، کـە ئـەوکات بریکارەکـە یانـەی ڤیدیۆیـی هەبـوو؛ **مێندێس** خاوەنـی ئـەو یانـە ڤیدیۆیـە بـوو، کـە تیاگۆ سـەردانی دەکرد، بەبێ ئـەوەی ڕۆژێـک لـە ڕۆژان بیری بۆ ئـەوە چووبێـت لـە داهاتـوودا دەبێتـە بریـکاری سـەرەکی لـە دونیـای تۆپـی پـێ.

تیاگۆ هیـچ ئاشـنایەتییەکی لەگـەڵ **خۆرخێ** نەبـوو، تـا ئـەو کاتـەی تەمەنـی بـوو بـە بیسـتویەک سـاڵ، ئەمەیـش دوای

ماوەیەک داتەپینی ئاستی و دوورکەوتنەوەی لە تۆپ، هەروەها سەرەتای ویستگەی پێوەندیی تیاگۆ لەگەڵ ئەو یارییەی لە سەرەتاوە خولیای بوو، بۆ تەمەنی هەشتساڵی ئەم یاریزانە دەگەڕێتەوە، بەڵام لە تەمەنی سیانزە ساڵیدا بە یەکجاری وازی لە یاریکردنی لە تیپەکەی هێنا، ئەو کاتە لەگەڵ هاوڕێکانی یاریی تۆپی دەستیان ئەنجام دەدا.

دەربارەی ئەو ڕۆژگارەی تەمەنی وەرزشکردنی، تیاگۆ دەڵێت: «ئەو کاتەی بۆ تیپی شارەکەم یارییم دەکرد، هەستم بە خەمبارییەکی زۆر دەکرد، هاوڕێکانم لە دەورم نەمان، ئەوان دەچوون یاریی تۆپی دەستیان دەکرد، بۆیە منیش ناچار بووم لەگەڵیان یاریی بکەم.»

ئەم بارودۆخە زۆری نەخایاند، تەنیا دوو ساڵ نەبێت، دواتر هەمدیس تیاگۆ هەستی بۆ یارییەکی دیکە جوولا و بڕیاری دا بگەڕێتەوە بۆ درێژەدان بە کاروانی یاریی تۆپی پێ و پێوەندیی بە ڕیزەکانی تیپی ئەنکۆرا برایا کرد، بەهۆی پێشکەشکردنی ئاستێکی بەرز لەو یانەیە، بەرپرسانی یانەی سپۆرتینگ براگا لە نزیکەوە چاودێری گەشەی ئاستی تیاگۆیان دەکرد، ئەنجام توانیان لەگەڵی بگەنە ڕێککەوتن بە ئامانجی واژۆکردنی گرێبەست لەگەڵ یانەی سپۆرتینگ براگا و گواستنەوەی لە یانەی ‹**ئەنکۆرا برایا Âncora Praia**› واتە ساڵی١٩٩١ پێوەندیی بە ڕیزەکانی یانەی ‹سپۆرتینگ براگا›وە دەکات.

لە ساڵی١٩٩١ تیاگۆ بوو بە یاریزانی تیپی یەکەمی یانەکەی،

واتە لە ئاستی پێکهاتەی تیپی پێشکەوتووان بەشداریی دەکرد. بە تێپەڕبوونی کات تا دەهات ئاستی بەرەوپێشچوونی زیاتری بە خۆوە دەبینی، هەر ئەمەیش وای کرد لە پێکهاتەی سەرەکی یانەکەی بەشداریی یارییەکانی سپۆرتینگ براگا بکات. پاشان درکی بەوە کرد تەمەنی بووە بە بیستوویەک ساڵ و کاتی ئەوە هاتووە کۆتاییی بە گرێبەستەکەی لەگەڵ یانەی براگا بهێنێت و پێوەندیی بە یانەی بەنفیکاوە بکات، هەڵبەت ئەو دەمە بەبێ بوونی هیچ بریکار، یان نوێنەرێک تا ئەم کاری پێوەندیکردنەی بۆ بە ئەنجام بگەیەنێت، بەڵام لەگەڵ ئامادەیی لە یانەکەی بە ڕێککەوت ‹**خۆرخێ مێندێس**›ی ناسی.

تیاگۆ دەڵێت: «تێڕوانین و تێگەیشتنم بۆ کەسایەتیی **خۆرخێ** زۆر باش بوو، بۆیە پێوەندییم پێوە کرد و داوام لێ کرد ببێت بە بریکاری کارەکانم، وەک یاریزانی یاریی تۆپی پێ، بەڵام هەرگیز **خۆرخێ** پێی نەگوتم دەبیت بە یاریزانێکی گەورەی یانەیەکی مەزن، بەڵام گوتی ئەگەر بتوانی بە ئاستێکی بەرز دەربکەویت، ئەوە ئاسانکارییەکی گەورە دەکەیت بۆ ئەوەی ئامانجەکانت بهێتە دی.»

تیاگۆ مێندێس بۆ ماوەی دوو وەرز بە درێسی یانەی بەنفیکا یاریی کرد، بەڵام بە شێوەیەکی کەموێنە ئاستی گەشەی کرد، سەرەڕای ئەوەی یاریزانی هێڵی ناوەند بەرگریی ‹الإرتكاز› بوو، بەڵام توانی ‹٢٦› گۆڵ تۆمار بکات، هەر بۆیە لە ساڵی٢٠٠٤ لە لایەن لویس فلیپی سکۆلاری ڕاهێنەری ئەوکاتی هەڵبژاردەکە بۆ ڕیزی هەڵبژاردەی پۆرتوگال بانگهێشت کرا، ئەمەیش دوای پێشکەشکردنی ئەو ئاستە بێوێنەیەی بوو لەگەڵ یانەی بەنفیکا.

## خۆسێ مۆرینیۆ

بەرپرسانی یانەی بەنفیکا لە هەوڵی نوێکردنەوەی گرێبەستەکەی تیاگۆدا بوون، بەڵام بەرپرسانی یانەکە ئامادە نەبوون بە داواکارییەکەی تیاگۆ ڕازی بن، بۆیە لە کۆتاییدا تیاگۆ ‹**خۆرخێ مێندێس**›ی ئاگادار کردەوە، کە ئێستا کاتی ڕۆیشتنی لە بەنفیکا و خولی پۆرتوگالی هاتووە. پێویستی بە چاوەڕوانییەکی زۆر نەبوو تا **خۆرخێ مێندێس** بە دەم داخوازییەکەی تیاگۆوە بچێت، تەنیا پێویستی بەوە بوو پێوەندییەکی تەلەفۆنی لە خۆسێ مۆرینیۆی ڕاهێنەری ئەوکاتی چێلسییەوە پێ بگات.

سەبارەت بە پێوەندیکردنی خۆسێ مۆرینیۆ دەربارەی گواستنەوەی بۆ یانەی چێلسی و چۆنییەتی قایلبوونی بە ڕۆیشتن بۆ خولی ئینگلیزی، تیاگۆ دەگێڕێتەوە: «خۆسێ مۆرینیۆ پێی گوتم ئەگەر تۆ ئارەزوو دەکەیت لەگەڵ من بۆ یانەی چێلسی بێیت و گرێبەست لەگەل بلووز واژۆ بکەیت، ئەوە هیچ خەمی ڕازیبوونی بەرپرسانی یانە لەندەنییەکەت نەبێت، ئەوەیان بۆ من جێ بهێڵە و پێویست بە دوودڵی ناکات. کارەکە بە ئاسانی جێبەجێ دەبێت.»

هەر لە درێژەی ئەم چیرۆکەدا تیاگۆ دەڵێت: «هیچ شتێکم نەبوو، لە دۆخی چاوەڕوانیدابووم، تا پێوەندییەکی تەلەفۆنیم لە مۆرینیۆوە بۆ هات، پێویست بوو جانتا و پێداویستییەکانم کۆ بکەمەوە و لەگەڵیدا بەرەو شاری لەندەن بە ڕێ بکەوم.»

سەرکێشییەکانی تیاگۆ لە خولی ئینگلیزی تەنیا یەک وەرز

درێژەی کێشا و لەو وەرزە لەگەڵ هاوڕێکانی لە یانەی چێلسی توانییان سێ ناسناو بە دەست بهێنن، هەروەها یەکێک بوو لە یاریزانە سەرەکیی و هەرە گرنگەکانی پێکهاتەی چێلسی، بەڵام لەگەڵ هاتنی مایکل ئیسیان بۆ ڕیزی پێکهاتەی بلووز، تیاگۆ بە پەلە یانەی چێلسی جێ هێشت و ڕووی لە یانەی لیۆنی فەڕەنسی کرد، دواتر مۆرینیۆ ددانی بە هەڵەی خۆیدا نا، کە پەشیمان بوو لەوەی بەو ئاسانییە دەستبەرداریی تیاگۆ بووە، هەر بۆیە مۆرینیۆ ڕۆیشتنی یاریزانە پۆرتوگالییەکەی بە هەڵەیەکی گەورەی خۆی زانی کاتێک دەستبەرداری بووە.

## سەرکێشیی هاوبەش

لەبارەی بەسەرهاتی لەگەڵ **خۆرخێ مێندێس** و جۆری بیرکردنەوەی ئەم بریکارە و چۆنییەتی مامەڵەی لەگەڵ بەرانبەرەکەی، تیاگۆ دەڵێت: «کاتێک لەگەڵ **خۆرخێ** دەبینیت، مانای ئەوەیە بە درێژایی ئەو ماوەیەی، کە لەگەڵ **خۆرخێ** بەسەری دەبەیت تۆ دڵخۆیشت و پێکەنین میوانێکی هەمیشەییتە. ئەو کەسێکی قسەخۆشە و وات لێ دەکات پێبکەنیت. بە باشی لە یادمە، پێکەوە لە چێلسییەوە لە شاری لەندەن بۆ لیۆن دەڕۆیشتین بە مەبەستی واژۆکردنی گرێبەست لەگەڵ یانە فەڕەنسییەکە. فڕۆکەیەکی تایبەتیان بۆ ئامادە کردبووین تا گەشتی پێ بکەین بەرەو شاری نیس، لەوێشەوە دەبوو بۆ ئەمارەتی مۆناکۆ بچین، کاتێک لە فڕۆکەخانە دەرچووین و بەرەو شوێنی تەکسییەکان دەڕۆیشتین، بەڵام بە شێوەیەکی

چاوەڕواننەکراو بەرەو ئاراستەیەکی دیکە دەڕۆیشتین، کە دیسانەوە بەرەو لای باڵەفڕکە دەچووین. لێم پرسی بۆ کوێ دەچین؟ لە وەڵامدا گوتی بە هەلیکۆپەر سەر دەکەوین بۆ ئەوەی زوو بگەینە مۆناکۆ، چونکە هەلیکۆپتەر تەنیا بە بیست خولەک دەمانگەیەنێتە شوێنی مەبەست. کاتێک وەک سەرنشین بە هەلیکۆپتەر سەرکەوتم، هەستم بە شڵەژان و ترسێکی زۆر دەکرد، تا دەهات زیاتر ترس باڵی بەسەر ڕۆح و دەروونمدا دەکێشا، زیاتر دەپەشۆکام و ڕەنگ لە ڕووم پەڕیبوو. بە چەشنێک لەرز و شڵەژان هەموو بوونمی تەنیبوو، ئاخر ئەوە یەکەم جارم بوو لە ژیانمدا بە هەلیکۆپتەر بە ئاسماندا گەشت بکەم. **خۆرخێ** بە ئاشکرا درکی بەوە کردبوو من هەست بە شڵەژان و واقوڕمان دەکەم، بۆیە بە درێژایی ماوەی گەشتەکەمان بە هەلیکۆپتەر بە چەشنی منداڵ بە چواردەورمدا دەهات و دەچوو، بۆ ئەوەی کەمێک هێمن ببمەوە، هەوڵی دەدا بمگەڕێنێتەوە بۆ دۆخی ئاسایی و کەمتر هەست بە ترس و پەشۆکان بکەم.»

**خۆرخێ مێندێس** بۆ تەماشاکردنی یاریی کۆتایی جامی سووپەری ئەورووپی تیاگۆ مێندێسی بانگهێشتی بینینی ئەو یارییە کرد، یارییەکە لەنێوان هەردوو یانەی مانچێستەر یونایتد و زینیت سانت پیتریزبۆگ لە یاریگەی مۆناکۆ ئەنجام درا، هەر لەبارەی چیرۆکی بانگهێشتکردنی لە لایەن **خۆرخێ** بۆ تەماشاکردنی ئەو یارییە، تیاگۆ دەگێڕێتەوە: «لەگەڵ **خۆرخێ مێندێس** لە شوێنی کەسایەتییە بەنێوبانگ و تایبەتییەکان دانیشتبووین(VIP)، لەو شوێنەی زۆربەی

کەسایەتییە ناودارەکان، ئەندامان، سەرۆکی یانە و یاریزانە بەنێوبانگەکان دادەنیشتن. من بە تەنیشتی چەندین کەسایەتی گەورە و بەنێوبانگەوە دانیشتبووم، کە هەرگیز بڕوام بە چاوەکانی خۆم نەدەکرد ئەوە من بم لەم جێگە تایبەتە دانیشتووم. پاش کۆتاییهاتنی یارییەکە ڕۆمان ئەبرامۆڤیچ، خاوەن و سەرۆکی یانەی چێلسی، من و (**خۆرخێ**)ی بانگهێشتی ئاهەنگێک کرد، من بە سرووشت نەدەچووم لەگەڵیدا و هۆکارەکەیش ئاشکرایە، بەڵام سەبارەت بە **خۆرخێ** و چوونی بۆ ئەو بۆنەیەی لەسەر خواستی ئەبرامۆڤیچ بوو، بۆ **خۆرخێ** چوون بۆ ئەو ئاهەنگە لەپێناو بەدەستهێنانی خۆشی و وەرگرتنی چێژ نەبوو، بەڵکو ئەبرامۆڤیچ بۆ هەر شوێنێک بچووبایە **خۆرخێ** لەگەڵیدا دەڕۆیشت.»

## ئەتلەتیکۆ مەدرید

لە ساڵی ٢٠١٠ تیاگۆ مێندێس بڕیاری دا بە یەکجارەکی واز لە وێستگەی یاریکردنی نێودەوڵەتیی لە ڕیزی هەڵبژاردەی پۆرتوگال بە کۆتا بهێنێت. یەکەم کەس، کە بەم بڕیارەی تیاگۆ نارازی بوو، **خۆرخێ** بوو، هاوکات خانەوادەکەیشی بە هەموو شێوەیەک دژی ئەم بڕیارە پێشوەختەی تیاگۆ وەستانەوە، بەڵام تیاگۆ لەسەر بڕیارەکەی سوور بوو و ئامادە نەبوو لێی پاشگەز ببێتەوە، بیانووەکەیشی ئەوە بوو پێویستە دەرفەت بۆ یاریزانە تازەپێگەیشتووەکان ببەخشن و ڕێگەخۆشکەر بن بۆیان تا چانسی پۆشینی درێسی

هەڵبژاردەی پۆرتوگالیان هەبێت، بەتایبەت ئەو یاریزانانەی بە تەمەن لەم منداڵترن، بەڵام سەربارى ئەم پاساو و ئەم بڕیارە، تیاگۆ هێشتا تەمەنی بیستونۆ ساڵ بوو، کە بڕیاری وازهێنانی لە یاریی نێودەوڵەتی ڕاگەیاندبوو، بەڵام دواتر و لە ساڵی ٢٠١٤ دیسانەوە لە بڕیارەکەی ژیوان بووەوە و هەمدیس گەڕانەوەی بۆ ڕیزی هەڵبژاردەی پۆرتوگال ڕاگەیاند. لەم بڕیارەیشی یەکەم کەس، کە پاڵپشتی پاشگەزبوونەوەی بۆ هەڵژاردەی پۆرتوگال کرد **خۆرخێ مێندێس** بوو.

کاتێک تیاگۆ لە ڕیزی یانەی یۆڤێنتۆسی ئیتاڵی یاریی دەکرد، بەهۆی کەمیی دەرفەتی بەشداریکردن لە پێکهاتەی سەرەکی یۆڤی، بڕیاری دا پێش دەستپێکردنی جامی جیهانی ٢٠١٠ بە شێوەی خواستن پێوەندیی بە یانەی ئەتلەتیکۆ مەدریدی ئیسپانییەوە بکات، دوای تێپەڕبوونی شەش مانگ بەسەر یاریکردنی بە شێوەی خواستن بۆ ئەتلەتیکۆ مەدرید، تیاگۆ یەک داواکاری لە **خۆرخێ مێندێس** هەبوو، کە بەپێی گوت: «داوات لێ دەکەم هاوکاریم بکەی، تا لێرە لە یانەی ئەتلەتیکۆ مەدرید بەردەوام بم، چونکە لێرە هەست بە ئاسوودەیی دەکەم و دەتوانم بە باشی جێگەی خۆم بکەمەوە و زۆربەی یارییەکان وەک یاریزانی سەرەکی بەشداریی بکەم.» **خۆرخێ** داواکارییەکەی تیاگۆی بە دی هێنا و ماوەی خواستنەکەی بۆ شەش مانگی دیکە لە ئەتلەتیکۆ مەدرید بۆ نوێ کرایەوە. دواتر یاریزانە پۆرتوگالییەکە ئارەزووی دەکرد بە شێوەی فەرمی گرێبەست لەگەڵ ئەتلەتیکۆ مەدرید واژۆ بکات و چیتر بۆ یانەی یۆڤێنتۆس نەگەڕێتەوە. لە کۆتاییی وەرزی ٢٠١٠–٢٠١١ تیاگۆ بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی

گرێبەستەکەی لەگەڵ یۆڤنتۆس خستە بواری جێبەجێکردن و بە شێوەی کۆتاییی گرێبەستی فەرمی لەگەڵ یانەی ئەتلەتیکۆ واژۆ کرد.

سەبارەت بە فەزڵی چەند کەسێک بە سەرییەوە یاریزانە پۆرتوگالییەکە دەڵێ: «لە جیهاندا دوو کەس هەن چاکەی زۆریان لەگەڵ کردووم و زۆر ئەستەمە بتوانم لە بیریان بکەم. یەکێکیان **خۆرخێ مێندێس**؛ کە هەمیشە خۆم بە قەرزاری ئەو دەزانم، چونکە ئەو ڕەگەزێکی گرنگ و سەرەکییە لە ژیانی من. بۆ یەکەمجار، کە گرێبەستم لەگەڵ **خۆرخێ مێندێس** واژۆ کرد، پێی گوتم هاوکاری باوکت دەکەم، بە کرداریش ئەمەی کرد و لە کۆمپانیاکەی دایمەزراند.»

باوکی تیاگۆ یاریزانی تۆپی پێ بوو، بەڵام لەو ماوەیەدا هیچ ئیش و کارێکی نەبوو و بە دەستی بێکارییەوە گیرۆدە بووبوو.

هەر لە درێژەی گێڕانەوەی بەسەرهاتی باوکی و چاکەکاری و کاریگەریی لەسەر ڕەوتی ژیانی، تیاگۆ دەڵێت: «من بۆ هەمیشە خۆم بە قەرزارباری باوکم دەزانم و ئێستا ناتوانم لەم کاتەدا ئەو قەرزە گەورەیەی باوکم بدەمەوە، بەڵام ئەو پێویستی بەوە بوو کارێکی دەست بکەوێت. ئەوکات باوکم ئامادە نەبوو لەگەڵ **خۆرخێ** ئیش بکات، ئەمەیش هۆکارەکەی بۆ کەسایەتی، یان بڕیاری **خۆرخێ** ناگەڕێتەوە، بەڵام لەو کاتەدا باوکم وازی لە ئیشکردن هێنابوو و دەستی لە کارەکەی کشاندبووەوە و هەستی بە بێزارییەکی زۆر دەکرد. لەگەڵ ئەوەی **خۆرخێ مێندێس** دەستی لە دۆزینەوەی من و

گرنگیدان بە گەشەسەندنی ئاست و ناوبانگم هەبوو، هاوکات چاوی لە باوکیشم بوو، بۆیە دوای ماوەیەک لە دابڕانی باوکم لە کار، **خۆرخێ** سەرلەنوێ باوکمی وەک یاریدەدەر و ڕاوێژکاری خۆی دامەزراند. پێکەوە بۆ تەماشاکردنی یاریی دەچوون و هەڵسەنگاندنیان بۆ ئاستی یاریزانە بەهرەمەندەکان دەکرد، هاوکات سەبارەت بە هەڵسەنگاندن و ئاشکراکردنی ئاستی یاریزانە بەهرەمەندەکان ڕاوێژی بە باوکم دەکرد. ئەمە ئەو ئیشە بوو، کە باوکم حەزێکی زۆری بۆی هەبوو، بۆیە **خۆرخێ** باوکیشمی هێنایە نێو بوارەکەوە.»

هەر لە درێژەی چیرۆکی ئەو کەسانەی ڕۆڵیان لە پێشکەوتنی ئەم یاریزانە پۆرتوگالییەدا هەبووە تیاگۆ دەڵێت:

«سەبارەت بە کەسێکی دیکە، کە کاریگەریی گەورەی لەسەر ژیانم هەبوو، کە بە هەمان شێوەی **مێندێس** شکۆ و ئیرادەی بۆ گەڕاندمەوە، ئەویش ڕاهێنەری ئێستام لە یانەی ئەتلەتیکۆ مەدرید ‹دییگۆ سیمیۆنی›ـیە. ئەم ڕاهێنەرە خۆماندووکەرە دڵسۆزە، داوای هەر شتێکمان لێ بکات، ئێمە ئامادەین بۆ جێبەجێکردنی، هەر داواکارییەک لە سیمیۆنییەوە ئاراستەمان بکرێت شتێکی ئاساییە.»

سیمیۆنی هەموو جارێک پێمان دەڵێت: «مرۆڤ بەڵێنی بە خۆی دا هەر شتێک بیەوێت بیکات، ئەوە بێگومان دەتوانێ ئەنجامی بدات.»

بۆیە لەژێر کاریگەریی ئەم بۆچوونەی سیمیۆنیی ڕاهێنەر، تیاگۆی یاریزان دەڵێت: «ئەگەر ئێمە بەڵێنمان بە خۆمان دا بەسەر پردێکەوە خۆمان هەڵواسین، کەواتە دەتوانین ئەو

کارە ئەنجام بدەین.»

لە چوارچێوەی بەسەرهاتە هاوبەشەکانی نێوان تیاگۆ مێندێس و **خۆرخێ مێندێس** و یاریزانەکانی دیکە، کە هەر **خۆرخێ** بریکاریانە و نوێنەرایەتییان دەکات، لە یاریی کۆتاییی جامی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپای ٢٠١٤ی نێوان ڕیاڵ مەدرید - ئەتلەتیکۆ مەدرید، لە یاریگەی دالوش لە شاری لیشبۆنە ئەنجام درا و تێیدا یانەی ڕیاڵ مەدرید توانی بە ئەنجامی ٤-١ بەسەر ئەتلەتیکۆ مەدرید سەربکەوێت. لەو یارییەدا لە دواساتە زیادکراوەکانی کاتی فەرمی تایمی دووەم، سێرجیۆ ڕامۆس ئەنجامەکەی یەکسان کردەوە، پاشان لە دوو تایمی زیادکراوی یارییەکە ڕیاڵ مەدرید توانی سێ گۆڵی دیکە تۆمار بکات و بۆ دەیەم جار لە مێژووی بەشداریکردنی لە جامی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا ناسناوەکە بە دەست بهێنێت.

## خۆرخێ مێندێس هەمیشە براوەیە

تیاگۆ مێندێس دەڵێ: «پێش یاریی کۆتاییی دڵنیا بووین کەسی براوە لە یاریی کۆتاییی بە پلەی یەکەم تەنیا ‹**خۆرخێ مێندێس**›ە، چونکە ئەو نوێنەرایەتیی هەشت یاریزانی بەشداربووی هەردوو یانە مەدریدییەکەی دەکرد، بۆ نموونە دیارترینەکان کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ و پێپی لە ڕیاڵ مەدرید، تیاگۆ مێندێس، دیێگۆ کۆستا و میراندا لە ئەتلەتیکۆ مەدرید... هتد»

دەربارەی گێڕانەوەی یادگارییەکانی پاش کۆتاییهاتنی

یاریی فینالی چامپیۆنس لیگ، تیاگۆ دەڵێت: «لەگەڵ دییگۆ کۆستا پێکەوە بووین، دوای یەکلاییبوونەوەی چارەنووسی جامەکە بۆ ڕیاڵ مەدرید دییگۆ کۆستا پێی گوتم ئێستا **خۆرخێ مێندێس** هەست بە دڵخۆشییەکی زۆر دەکات، چونکە کوڕەکەی بۆ تیپی دژبەر یاریی دەکات، براوە بووە، ئاخر ڕۆناڵدۆ قورساییەکی گەورەی لەسەر شانی **خۆرخێ** لا برد، چونکە دەیویست بۆ دەیەم جار ناسناوی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا بۆ ڕیاڵ مەدرید بە دەست بهێنێت، هاوکات بۆ یەکەم جار لە مێژووی یاریکردنی بە دریێسی ڕیاڵ مەدریدەوە ئەو ناسناوە بە دەست بهێنێت و یەکێک بوو لە پاڵێوراوەکان بۆ وەرگرتنی خەڵاتی بالۆندۆر. سەرئەنجام توانی خەڵاتی بالۆندۆر بەدەست بهێنێت.»

هەڵبەت پێشتر بە دریێسی مانچێستەر یونایتد کریستیانۆ توانیویەتی ناسناوی چامپیۆنس لیگ لەگەڵ شەیتانە سوورەکان بە دەست بهێنێت.

هەروەها لە درێژەی گێڕانەوەی ئەم چیرۆکەدا تیاگۆ دەڵێت: «هەرچییەک ڕوو بدات **مێندێس** براوەیە، دەمەوێت بڵێم مامەڵەی لەگەڵ سەرجەم ئەو یاریزانانەی بریکاریان بوو، بە یەک چاو تەماشای هەموویانی دەکرد، هیچ جۆرە جیاوازییەکی لەگەڵ ئەم یان ئەو یاریزانی دیکە نەدەکرد، گەورەیی ئەمی نەدەدا بەسەر ئەوی دیکەدا، بەرانبەر سەرجەم ئەو یاریزانانەی ئەو بریکاریان بوو کەسێکی دڵسۆز و خەمخۆر و دادپەروەر بوو، بەلام لای هەمووان ئەوە ئاشکرا بوو، کە بە ڕادەیەکی سەیر خۆشەویستییەکی

سەرشێتانەی بۆ کریستیانۆ هەبوو؛ خۆشەویستییەک بە ڕادەی پێوەندیی نێوان باوک و کوڕ. هەموومان دەمانزانی **خۆرخێ** بە باوکی ڕۆنالدۆ لە دونیای تۆپی پێ هەژمار دەکرێت، ڕۆنالدۆ بەختێکی گەورەی هەیە، کە مرۆڤێکی وەک **مێندێس** ڕۆڵی باوکی ڕۆحی بۆ دەبینێت.»

چیرۆکی **مێندێس** و یاریی کۆتاییی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپای ٢٠١٤ باوەڕپێکراو نەبوو، چونکە هەشت یاریزان، کە **مێندێس** بریکاریان بوو، یا نوێنەرایەتیی دەکردن، بەسەر هەردوو یانەی ڕیاڵ مەدرید و ئەتلەتیکۆ مەدرید دابەش بووبوون و لەگەڵ ئیمپراتۆریەتی وەرزشی (جیستی فوتی) گرێبەستیان کردبوو.

لەو بارەیەوە دییگۆ کۆستا دەڵێت: «ئەگەر ئێمە ناسناوەکەمان بە دەست بهێنایە، زۆر باشە، ئەوە دەبووە مایەی دڵخۆشبوونی **خۆرخێ مێندێس**، ئەگەر ڕۆنالدۆ لەگەڵ ڕیاڵ ناسناوەکەی بەدەست هێنابا، بۆ **خۆرخێ** زۆر باشتر و نایابتر دەبوو، چونکە کریستیانۆ دەبوو بە باشترین یاریزانی جیهان؛ هەر وایش بوو، هەر بۆیە هەرگیز شکستی هەر یەکێک لەم دوو تیپە نابێتە هۆی خەمباریی **خۆرخێ مێندێس**. بەم شێوەیە **خۆرخێ** هەرگیز دووچاری شکست نابێت و هەمیشە براوەیە.»

# بەشی شەشەم

## خۆرخێ مێندێس، کلیلی گرێبەستەکان

### لەپێناو فێرگسۆن ڕووبەڕووی مەرگ بووەوە. کریستیانۆ و نهێنی گرێبەستەکەی لەگەڵ مانچێستەر یونایتد

لەنێوان سەرجەم ئەو ئەستێرانەی جیهانی تۆپی پێ، کە **خۆرخێ مێندێس** نوێنەرایەتییان دەکات، یەکێک هەیە لە سەروو هەمووانەوەیە؛ تەنیا یەک ئەستێرە، ئەو کەسە نەوەی ‹**خۆرخێ**›یە لە جیهانی تۆپی پێ، ئەو کەسە کریستیانۆ ڕۆناڵدۆی ئەستێرەی گەورەی تۆپی پێیە. ئەمە ئەو ڕاستییە حاشاهەڵنەگرەیە، کە هەموومان دەیزانین.

یەکجار قورس و سەختە بتوانیت بە وشە گوزارشت لە پێوەندیی خۆشەویستی و ڕۆحی نێوان ئەم دووانەیە بکەیت، ئاسان نییە بتوانیت گرنگیی هەر یەکێک لەم دووانە کەم بکرێتەوە لە کاریگەربوون و هۆگربوون بە ئەوی دیکە، بەڵام ئەگەر ڕەگەزی سێیەم لەم پێوەندییەدا بوونی هەبێت، کە توانیویەتی لە پشت هەموو سەرکەوتن و دەستکەوتەکانی ڕۆناڵدۆ و قازانجی ماددی ‹**خۆرخێ مێندێس**›ەوە بێت، ئەوە ئەو کەسە سێر ئەلێکس فێرگسۆنی ڕاهێنەری پێشووی مانچێستەر یونایتدە.

## خوێنرشتن لەپێناو فێرگسۆن

چیرۆکی یەکەم دیداریی نێوان ئەلێکس فێرگسۆن و **خۆرخێ مێندێس** لێوانلێوە لە ڕووداوی سەیر و خوێن؛ خوێن بە مانا مەجازییەکەی نا، بەڵکو بە ڕاستی **خۆرخێ** بە سەریدا هات و بەرگەی گرت تاوەکو دەستگیرۆیی چانسی یەکەمین دیدار بێت لەگەڵ ڕاهێنەرە سکۆتلەندییەکە، کە ماوەیەک بەر لە گواستنەوەی کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ بۆ یانەی مانچێستەر یونایتد ئەم یەکتربینینە ڕووی دا.

لە ساڵی٢٠٠٢ یانەی شەیتانە سوورەکان پێویستی بە گۆڵپارێزێک هەبوو، لە هەمان کاتدا ‹کارلۆس کیرۆش›[1]ی پۆرتوگالی وەک یاریدەدەری ڕاهێنەر لە مانچێستەر کاری دەکرد، لەو کاتەدا **خۆرخێ مێندێس** ‹ڕیکاردۆ لۆپێز›[2]ی

---

١ کارلۆس کیرۆش، لە ١ی مارسی١٩٥٣ لە دایک بووە، کیرۆش ڕاهێنەری یاریی تۆپی پێیە. پێش چوونە نێو دنیای ڕاهێنەرایەتی، گۆڵپارێز بوو. سەرەتای هاتنەناو دنیای کاری ڕاهێنەری لە یاریدەدەری ڕاهێنەرییەوە دەستی پێ کرد. سەرەتا وەک یاریدەدەری ڕاهێنەر ئیستۆریل پیریای پۆرتوگالی دەستبەکار بوو، پاشان بوو بە یاریدەدەری ئەلێکس فێرگسۆن لە یانەی مانچێستەر یونایتد، دواتر بوو بە ڕاهێنەر. ڕاهێنەری هەر یەک لە یانەکانی ئۆلیگیش لیشبۆنە، بلینێنسیش، سپۆرتینگ لیشبۆنە، نیویۆرک ڕیدبۆلز و ناگویا گرامپۆسی ئەفریقای باشووری لە ئەستۆ گرتووە. دواتر بوو بە یاریدەدەر لە یانەی مانچێستەر یونایتد. لە ساڵی٢٠٠٣ بوو بە ڕاهێنەری ڕیاڵ مەدرید، ساڵی٢٠٠٨ تا ٢٠١٠ ڕاهێنەری هەڵبژاردەی پۆرتوگال بوو. لە ساڵی٢٠١٠ تا ٢٠١٦ ڕاهێنەری هەڵبژاردەی ئێران بوو.

٢ ڕیکاردۆ لۆپێز فیلیپی، لە ٣٠ دیسەمبەری١٩٧١ لە مەدریدی پایتەختی ئیسپانیا لە دایک بووە. لۆپێز یاریزانی تۆپی پێی ئیسپانییە و شوێنی

بۆ کیرۆشـی هاونیشـتمانی بەربـژار کـرد. ڕۆڵـی **مێندێس** لـە ئەنجامدانـی ئـەم گرێبەسـتەدا تەنیـا ڕۆڵـی پـرس و ڕاوێژپێکـردن بـوو و هیچـی دیکـە، چونکـە یاریزانـی ناوبـراو بریـکار و جێبەجێکاری کارەکانـی هەبـوو، کـە پیـدرۆ براڤـۆ بوو. سـەرەڕای ئـەوەی **مێندێس** ڕەگەزێکی گرنگی نێو ئـەم گرێبەستە نەبوو، بەڵام ناوبراو مکووڕ بوو لەسـەر ئـەوەی بۆ شـاری مانچێسـتەر بـە ڕێ بکەوێت بـە مەبەستی ئامادەبوون لە کاتی واژۆکردنـی ئـەم گرێبەسـتە، چونکـە ئەمـە دەرفەتێکی یەکجـار گرنـگ بـوو بـۆ **مێندێس** تـا لـە دەرگـەی مانچێسـتەر یونایتـد بـدات، هـاوکات دەیویسـت ئاشـنایەتی و یەکترناسـینی لەگـەڵ فێرگسـۆن پەیـدا بـکات، بـەڵام بـۆ دەسـتپێکردنی ئـەم گەیشـتە و لـە شـوێنی واژۆکردنـی گرێبەسـتەکە ئامـادە بـوون،

---

یاریکردنـی گۆڵپارێزییـە. سـەرەتای وێسـتگەی گۆڵپارێـزی بـۆ ئـەو کاتـە دەگەڕێتـەوە، کـە لـە ڕیزەکانی یانـەی ڕیـاڵ ئاڤیلا لـە سـاڵی١٩٩١ گۆڵپارێز بـوو، پاشـان پێوەندیـی بـە یانـەی ئەتلەتیکـۆ مەدریـدەوە دەکات و لـە سـاڵی١٩٩٢ تـا ١٩٩٥ لەگـەڵ ئەتلەتیکۆ گۆڵپارێز دەبێت. سـەرەتا لـە تیپی دووەم بەشـداریی پـێ دەکـرا، سـەرەتای بەشـداریکردنی لـە تیپـی یەکەمـی ئەتلەتیکـۆ مەدریـد بـۆ وەرزی١٩٩٥ دەگەڕێتـەوە و تـا ١٩٩٧ بـەردەوام دەبێت. دواتر لـە سـاڵی١٩٩٨پێوەندیی بە یانـەی ڕیـاڵ بەلـەد وەلید دەکات و تـا٢٠٠٢ لەگـەڵ ئـەم یانـە ئیسـپانییە بـەردەوام دەبێـت لـە کاری گۆڵپارێزی. سـاڵی٢٠٠٢ پێوەندیـی بـە یانـەی مانچێسـتەر یونایتدەوە دەکات، پاشـان بۆ مـاوەی وەرزێـک لەگـەڵ یانـەی ڕاسـینگ سـانتاندێر بـەردەوام دەبێت لـە گۆڵپارێـزی لـە خولـی ئیسـپانی، لـە وەرزی٢٠٠٤ بـۆ ٢٠٠٥ هەمدیـس بـۆ یانەی مانچێسـتەر یونایتـد دەگەڕێتـەوە، پاشـان ڕوو لـە یانـەی ئوساسـۆنا دەکات، لـە سـاڵی٢٠٠٥ تـا ٢٠١٣ لەگـەڵ ئوساسـۆسـنا بـەردەوام دەبێت. لـە کۆتاییدا لـە ڕێکەوتـی ٦ی یۆنیـۆی٢٠١٣ بـە یەکجارەکی واز لـە گۆڵپارێزی دەهێنێـت و ماڵئاواییـی لـە یاریگـەکان دەکات. دوای وازهێنانـی لـە یاریـی، دەبێتـە ڕاهێنـەری گۆڵچییەکانـی یانـەی کلـۆب برووجـی بەلژیـکا.

پێشتر پێویست بوو **خۆرخێ** لە شاری مەدریدەوە بەرەو پۆرتۆ گەشت بکات، بەڵام بۆ بەدبەختی **خۆرخێ** لە ڕێگەی چوونی بە ئۆتۆمۆبێل لە مەدریدەوە بۆ شاری پۆرتۆی پۆرتوگال، تووشی ڕووداوێکی هاتووچۆ بوو، پێکدادانێکی قورس لەنێوان ئۆتۆمۆبێلەکەی ئەم و ئۆتۆمۆبێلێکی بارهەڵگر ڕووی دا، بەڵام پیاوانی تیمی فریاکەوتن ژیانی ‹**خۆرخێ**›یان ڕزگار کرد، ئەمە مانای ئەوە نییە **خۆرخێ** دووچاری پێکران و برینداربوون نەبووبێت، بەڵکو بە سەختی بریندار بوو.

سەبارەت بەم ڕووداوە و چەشتنی تاڵاوی ئازار و دواکەوتنی لە وادەی دیاریکراو بە مەبەستی گەیشتن بە شاری مانچێستەر، **خۆرخێ** دەگێڕێتەوە: «کاتێک لە ئۆتۆمۆبێلەکەم هاتمە دەر، خۆم بینی تێکەڵ بە خوێن بووبووم، پێم وابوو خوێنم لێ دەڕوات هەتاوەکو دەمرم، نەمدەزانی چی ڕوو دەدات. هەر ئەوەندەی پێم کرا، بە لینگەخشکێ خۆم گەیاندە دەرەوەی ئۆتۆمۆبێلەکەم، هەرچەند بە دەستەکانم ئاماژەم بۆ ئۆتۆمۆبێلەکانی ڕێگەکە دەکرد، تا بە هانامەوە بێن، هەرچەند هاوارم دەکرد تا بوەستن و هاوکاریم بکەن، بەڵام کەس بە دەنگمەوە نەهات و هاوکارییان نەکردم، تا چاوەڕێم کرد تیمی فریاگوزاری بە پەلە بە هانامەوە هاتن و تیماری برینەکانیان بۆ کردم.»

سەبارەت بەم ڕووداوە **خۆرخێ** درێژە بە گێڕانەوەکە دەدات و دەڵێت: «دەستم بۆ گوێیەکانم برد، پێستەکەی داماڵرابوو، گوێیەکانم بووبوون بە پارچەیەک گۆشتی سوور، بەتایبەت لای چەپی ڕووخسارم بووبوو بە یەکپارچە خوێن؛ من خەڵتانی خوێن بووبووم.»

لەگەڵ گەیشتنی ئۆتۆمۆبیلی تیمی فریاگوزاری، **خۆرخێ** هێمن بووەوە، لەناو ئەو دۆخە سەخت و سیخناخ بە ئازارەدا بیری لە گرنگی و پێویستی گەشتەکەی دەکردەوە بۆ مانچێستەر، گەشتێک لە بەردەم **مێندیس** بوو بەرەو مانچێستەر، ئەگەر ئەم دەرفەتەی لە دەست بچووایە، ئەوە دەرفەتی تەمەنی لە دەست دەچوو.

خورخێ ڕووداوەکانی ئەو ساتەی بە باشی لە یادە و لەبارەی گەیشتنی تیمی فریاگوزارییەوە دەڵێت: «بە پیاوانی تیمی فریاگوزاریم گوت تکایە هەر لێرەدا بە کەرەستەی برینپێچی تیماری سەر و گوێچکەم بکەن، چونکە ناتوانم بۆ نەخۆشخانە بچم. لەبەر ئەوەی زۆر لەسەر داواکارییەکەم مکووڕ بووم، تیمی فریاگوزاری بە ناچاری ملیان بە داخوازییەکەم دا. لە کاتی تێپەڕبوونم بە ڕێگەکە، گەیشتم بە دەرمانخانەیەک، چەند پارچە لەفافێکی تەنکم کڕی، وابزانم نزیکەی سێ تا چوار لەفافی تەواوم بۆ داپۆشینی برینی گوێچکەم و لای چەپی ڕووخسارم بە کار هێنا. بە بەردەوامی خوێنم لێ دەڕۆیشت، بۆیە هەموو لەفافەکەم بە کار هێنا، تا وای لێ هات خوێنبەربوونم کەم بووەوە.»

**خۆرخێ** توانی خۆی بگەیەنێتە شاری پۆرتۆ تا سەرەتای گەشتەکەی بۆ شاری مانچێستەر دەست پێ بکات. بە هەرحاڵ، هێندە ئاسان نییە تا بتوانین تەواوی ئەو چیرۆکە بگێڕینەوە، چونکە سەختی و زەحمەتی زۆر هاتە پێش **خۆرخێ**، ئەوەتا هەر لەبارەی ئازاری برینداربوونی و سەختی برینەکەیەوە، دەڵێت: «دەتوانم بڵێم هەر سێ چرکە و هەستم دەکرد خوێن و لینجاو بە گوێچکەمدا دەهاتە خوارەوە، بە جۆرێک ڕەنگی لەفافەکە

لە سپییەوە یەکپارچە بووە سوور، هەر ئەوەیش نا خوێنم لێ دەچۆڕا، ئەمە ئازارێکی بەسوێ بوو. لە سەرووی ئەمانەوە نەمدەتوانی بە شێوەی ڕاستەوخۆ گەشت بۆ شاری مانچێستەر بکەم و ناچار بووم لە فڕۆکەخانەی پۆرتۆ ترانزێت بکەم و بۆ ماوەیەکی زۆر دوا بکەوم، لەو کاتەدا بیرم لە هیچ کام لەم ڕووداوە ئازاربەخشانە نەدەکردەوە، هەروەها بیرم لە مەترسیی تەرندروستیم نەدەکردەوە، تەنانەت پزیشکەکان هۆشدارییان پێ دام سەبارەت بە تەندروستیم و پێیان ڕاگەیاندم ئەگەر بێت و نەخرێیتە ژێر چاودێری وردەوە، دوور نییە ئەو برینە زۆرە سەر بۆ مەترسیی گەورە بکێشێت، بەڵام من بێ گوێدانە مەترسی لەسەر تەندروستی ژیانم بەردەوامیم بە گەشتەکەم دا.»

ئەوەی بە لای ‹**مێندیس**›ـەوە گرنگە، گەیشتنە بەو کۆبوونەوەیە، هەرگیز ئەوەی بە بیری خۆیدا نەهێنا داخۆ ئامادەبووانی کۆبوونەوەکە چۆن بیر لەم دەکەنەوە، کە بەو شێوەیە دەیبینن، ئەوەی بۆ **خۆرخێ** گرنگ بوو، ئارەزووی گەیشتن بوو بە کۆبوونەوەکە؛ هەر وایش بوو، توانی ئەوەی ویستی ئەنجامی بدات و لە کۆبوونەوەی گرێبەستی گۆڵپارێزە نوێیەکەی مانچێستەر ‹ڕیکاردۆ لۆپێز› ئامادە بێت. لە چوارچێوەی کۆبوونەوەی واژۆکردنی گرێبەستەکە **خۆرخێ** لە گۆشەیەکی ژووری نووسینگەکە دانیشت.

لەبارەی ئامادەبوونی لە کاتی واژۆکردنی گرێبەستی گۆڵپارێزەکە ‹ڕیکاردۆ لۆپێز› لەگەڵ مانچێستەر، **خۆرخێ** دەڵێت: «ئەوە یەکەم جار بوو لە نزیکەوە سێر ئەلێکس فێرگسۆن بمبینێت، هیچ قسەوباسێک لەنێوانماندا نەهاتە ئاراوە، من تەنیا دەمویست تەماشام بکەن و بمبینن، بە

دڵنیاییەوە ئەوان بیریان بۆ ئەوە دەچوو ئەم پیاوە نەناسەکێیە و بە ئێمە و دانیشتنەکە نامۆیە، ڕەنگە ئەمە شۆفێرەکەی گۆڵپارێزە ئیسپانییەکە بێت، دیارە پێش ناسینی من ڕەنگە بیریان بۆ شتی تر چووبێت.»

**خۆرخێ مێندێس** ئەم هەموو سەرکێشیی و ڕیسکەی لەپێناو چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرپرسانی مانچێستەر یونایتد و سێر ئەلێکس فێرگسۆن کرد، بەڵام لەو ساتەدا هیچ یاریزان و گرێبەستێک نەبوو تا بۆ بەرپرسانی ئەو یانە ئینگلیزییەی پێشنیار بکات، بەڵکو ئەو ئیشی بۆ داهاتوو دەکرد، دەیویست بناغەیەکی بەهێزی پێوەندیی لەنێوان خۆی و بەرپرسانی ئەو یانەیە لەپێناو داهاتوودا دروست بکات، کە پێویستە لە داهاتوویەکی نزیکدا بۆ لای بەرپرسانی ئەم یانەیە بگەڕێتەوە، بەڵام پێویستە بە پێشنیار و یاریزانەوە سەردانی مانچێستەر بکاتەوە.

هەڵبەت دوای ناسینی کریستیانۆ ڕۆناڵدۆی تەمەن حەڤدە ساڵ، کە بەهۆی هاوڕێیەکی هاوبەشی نێوان **خۆرخێ** و کریستیانۆوە توانیی مووشەکهاوێژەکەی دوورگەی مادێرا بناسێت و ئاشنایەتی و پێوەندیی لەگەڵ دروست بکات.

## ناسینی کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ

هۆکاری لێکنزیکبوونەوەی نێوان **خۆرخێ مێندێس** و کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ بەهۆی ژمارەیەک یاریزانەوە دروست بوو، ئەوکات ئەو یاریزانانە کارەکانیان لە لایەن کۆمپانیای (جیستی فوتی) جێبەجێ دەکرا، بۆ نموونە کوارێزما و هۆگۆ ڤیێنا، هەروەها

یەکەم دیداری نێوانیان تەنیا لە کاتی نانخواردنی ئێوارەیەک دروست بوو.

سەبارەت بە سەرەتای یەکترناسینی نێوان ڕۆناڵدۆ و **خۆرخێ مێندێس**، کریستیانۆ ئەستێرەکەی دوورگەی مادێرا بەسەرهاتی سەرەتای یەکترناسینی خۆی و **خۆرخێ** دەگێڕێتەوە: «کارەکان بە شێوەیەکی زۆر ئاسایی دەچوونە پێش، **خۆرخێ** لەپشت گرێبەستەکەمەوە نەبوو، کاتێک پێکەوە قسەی زیاترمان کرد پێی گوتم دەمەوێت زۆر بە شکاویی پێت بڵێم کەسانێک ئیش و کارەکانی تۆ بە ڕێوە دەبەن و نوێنەرایەتیت دەکەن، کە نەیانتوانیوە ئیشەکانت بە شێوەیەکی باش بۆ بە ڕێوە ببەن.»

لەو ڕۆژگارەدا بریکاری کارەکانی کریستیانۆ و زۆربەی ئەستێرەکانی تۆپی پێی پۆرتوگال، خۆسێ فیگا بوو. بە گەورە و بچووکەوە زۆربەیان چاوەڕوانی خۆسێ فیگا بوون تا نوێنەرایەتییان بکات.

سەبارەت بەم چیرۆکە سێرجیۆ ئالڤێس، هاوبەشکاری **مێندێس** سەبارەت بە یەکەم دیداری ئەم چیرۆکە دەڵێت: «ئێمە بە باشی درکمان بەوە کردبوو، کە بەهرەمەندییەکی گەورە لە ڕۆناڵدۆدا بە دی دەکرێت، لە ماوەی پێکەوەدانیشتنی نێوان من، **مێندێس**، ڕۆناڵدۆ و دۆلۆریس، زۆربەی گفتوگۆی من لەگەڵ ڕۆناڵدۆ تایبەت بە خودی خۆی بوو، بەڵام **خۆرخێ مێندێس** زیاتر لەگەڵ ‹دۆلۆریس›[1]ی دایکی

---

١ مارییا دۆلۆریس دۆسانتۆس ئەڤێرۆ، دایکی کریستیانۆ ڕۆناڵدۆی ئەستێرەی تۆپی پێی پۆرتوگال و یانەی ڕیاڵ مەدرید. دۆلۆریس لە ٣١-٩ – ١٩٥٤ لە پۆرتوگال لە دایک بووە، هاوسەرەکەی ناوی جۆزێ دینیس ئاڤیرۆیە، کە لە لە لەندەنی پایتەختی بەریتانیا لە دایک بووە و ساڵی ٢٠٠٥

ڕۆناڵدۆ قسەی دەکرد، هەر دۆلۆریسیش ڕەگەزێکی گرنگی ڕازیکردنی کریستیانۆی کوڕی بوو، تا گرێبەست لەگەڵ ئێمە واژۆ بکات، هونەری لێزانیی ڕازیکردنی ڕۆناڵدۆ بۆ ژێری **خۆرخێ** دەگەڕێتەوە، کە دەزانێ دەست بۆ کام کلیلە دەبات و درکی بەوە کردبوو، کە ڕۆناڵدۆ چەندە دایکی خۆش دەوێت و چەندەیش گوێڕایەڵی داواکارییەکانی دەکات.»

لە درێژەی گێڕانەوەی ئەم چیرۆکەدا ڕۆناڵدۆ دەڵێت: «من تەمەنم کەم بوو، هێشتا گەنج بووم و تەمەنم حەڤدە ساڵی تێپەڕ نەکردبوو، نەمدەزانی بارودۆخەکان لە دونیای تۆپی پێ چۆن دەگوزەرێن. لە ڕاستیدا **خۆرخێ** یارمەتیدەرێکی زۆر باشم بوو، ئەو زۆر ڕاستگۆ بوو لەگەڵم، چاوی منی بە ڕووی زۆر شتی نوێدا کردەوە، ئەو پیاوێکە سەرباری ئەوەی بریکارم بوو، بیری لە هەر بڕیارێک بکردایەتەوە سەرەتا بیری لە بەرژەوەندیی من دەکردەوە. هەرگیز درۆی لەگەڵ نەکردووم. من پێشتر لەگەڵ فێل و تەڵەکەبازیدا دەژیام، هەمیشە بە ناوی بریکاری و دڵسۆزییەوە فێڵیان لێ دەکردم، بەڵام کاتێک تێکەڵی **خۆرخێ** بووم، هەستم کرد دۆخی من بەرەو باشبوون هەنگاو هەڵدەگرێت. لە سەرەتادا بەردەوام وەک کەسێکی خەمخۆر و دڵسۆز ئامۆژگاریی دەکردم، تێکەڵبوون و یەکترناسینەکەمان بەردەوام بوو؛ تێکەڵبوونمان وێنەیەکی گەورەی وەرگرت و بووین بە دوو هاوڕێی ئازیزی یەکدی، ئینجا بە شێوەی فەرمی لە جیهانی تۆپی پێ بوو بە بریکاری من. ئێستا ئەو بۆ من یەکێکە لە ئەندامانی خانەوادەکەم.»

---

کۆچی دوایی کردووە. منداڵەکانی پێک هاتوون لە ‹کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ، لیلینا کاتیا ئاڤیرۆ، ئیلما ئاڤیرۆ و هۆگۆ ئاڤیرۆ›.

گرنگترین ئەو ئەستێرانەی تۆپی پێ، کە **خۆرخێ مێندێس** وەک بریکار کاری لەگەڵ کردوون، بریتیبوون لە ڕیکاردۆ کوارێزما، تیاگۆ مێندێس، کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ، ڕادۆمێل فالکاو گارسیا، جێمس ڕۆدریگێز، دیماریا و پێپی و...هتد.

سەبارەت بە چۆنییەتی مامەڵەکردنی لەگەڵ ئەو یاریزانانەی، کە ئەم بریکاری سەرەکییان بوو، **خۆرخێ** بە ڕاشکاوی دەڵێت: «سەرەتا کۆمەڵێک پلانم بە شێوەی خانەبەندیی لە مێشکی خۆمدا ڕیز دەکرد، کۆمەڵێک ئامانجم لە بیردا بوو، کە چۆن کارەکانم بەرەو پێشەوە ببەم، یاریزانەکان چۆن بۆ یانە گەورەکان بگوازمەوە. هۆگۆ ڤییەنا پێوەندیی بە نیوکاسڵەوە کرد، کوارێزما گرێبەستی لەگەڵ بارسیلۆنا واژۆ کرد، چونکە ئەو جگە لە بارسیلۆنا حەزی بە چوون بۆ هیچ یانەیەکی دیکە نەدەکرد، بەردەوام دەیگوتەوە: بارسیلۆنا، بارسیلۆنا، ئەوەی مایەوە تەنیا کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ بوو.»

## کریستیانۆ کێیە؟

سەرەتا با بپرسین کریستیانۆ کێیە؟ قسەی ئێمە سەبارەت بەو کریستیانۆ بەنێوبانگەی مێژووی تۆپی پێ نییە، کە هەموومان دەیناسین و ڕۆژانە لە ڕێگەی گۆڵی بێژمار و تۆمارکردنی ڕیکۆردە یەک لە دوای یەکەکان بە وێنەکەی ئاشناین، بەڵکو قسەی ئێمە سەبارەت بە کریستیانۆی گەنجە، کە کاتێک منداڵ بووە، کۆمەڵێک ڕووداو بەسەر سەربووردەی

ڕۆنالدۆدا بە شێوەی ڕاگوزەر، یان فەرامۆشکراو بە سەریدا تێپەڕیوین و نەزانراوە، هەروەک ئەوەی یەکێک لە ئەندامانی دەستەی کارگێڕی یانەی سۆرتینگ لیشبۆنە بە ناوی کارلۆس فیرتاس دەگێڕێتەوە، سەبارەت بە نهێنییە نەزانراوەکانی سەردەمی منداڵی ڕۆنالدۆ. هەڵبەت کارلۆس فیرتاس ماوەی بیست ساڵە هاوڕێ و دۆستێکی هەرە نزیکی **خۆرخێ مێندێس**یشە.

فیرتاس لەبارەی بەهرەمەندی و جیاوازی ڕۆنالدۆ لە تەمەنی منداڵیدا دەگێڕێتەوە: «هەستم دەکرد ڕۆنالدۆ هەر لە تەمەنی منداڵییەوە زۆر جیاوازتر بوو لە تەواوی منداڵانی هاوڕێی. ئەو هێشتا تەمەنی لەنێوان سیانزە بۆ چواردە ساڵیدا بوو، زۆر بە ئاسانی بە هەردوو پێیەکانی یاریی بە تۆپ دەکرد، خێرا بەسەر تۆپەکەدا زاڵ دەبوو، بە جۆرێک نمایشی بە تۆپ دەکرد باوەڕپێکراو نەبوو، لەو سەردەمەدا پەیمانگەی پێگەیاندنی تۆپی پێ وەک ئێستا پێشکەوتوو نەبوو، ئەوکات یاریگەی یەکەی مەشق و ڕاهێنان هەبوو، کاتی نانخواردن دیاری دەکرا، لەگەڵ خوێندن و نووستن، واتە کەرەستە، پێداویستی، خزمەتگوزاری و گرنگیدان بە منداڵانی فێرگە وەرزشییەکان وەک ئێستا ئەو هەموو لقەی لێ نەدەبووەوە و هێندە فراوان نەبوو، ئەو هەموو خزمەتگوزارییە پێشکەوتووە و کەرەستەی تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو لە بەردەست نەبوو تا ئاستی یاریزانی پێ پێش بخرێت.»

هەروەها فیرتاس دەڵێ: «پاسەوانانی شەوانەی فێرگە وەرزشییەکەی سپۆرتینگ لیشبۆنە سەبارەت بە ڕۆنالدۆ بەسەرهاتێکیان بۆ گێڕامەوە، بۆیان باس کردم شەوانە لە

کاتژمێر دووی بەرەبەیان ئەو منداڵە (ڕۆناڵدۆ) ڕووناکی یاریگەکە هەڵ دەکات و سەرقاڵی مەشق و ڕاهێنانە و بە تەواوی یاریگەکەدا ڕا دەکات و سەرباری ئەو هەموو ماوەیە مەشق و ڕاهێنان و پشوونەدان، بەرەبانیش کاتژمێر شەش بەر لە هەر فێرخوازێکی دیکەی فێرگەکە لە مەشق و ڕاهێنان ئامادە دەبێت. بەرەبەیان دەستی بە مەشقەکانی گەشەپێدان بە ماسوولکەکانی دەکرد، هاوکات زۆر بە باشی کاری لەسەر کێشی دەکرد. لەو ماوەی کریستیانۆ لەو فێرگەیە مەشقی دەکرد، کەسم هاوشێوەی کریس نەبینی هێندە مکووڕ بێت لەسەر خۆپێگەیاندن و پێشخستنی ئاست و تواناکانی. ئەو لە یاریزانەکانی هاوتەمەنی خۆیدا باشترین یاریزانی جیهان بوو.»

هەڵکشانی ئاستی ڕۆناڵدۆ بۆ ڕاهێنەرەکانی چاوەڕوانکراو بوو، بەتایبەت کاتێک لە یەکەم یاریکردنی ئەمان سەرنجی ئاست و جووڵەی هونەریی ئەم بەهرەمەندەیان دەدا و دەیانزانی بەهرەیەکی جودا لە هاوڕێکانی لەم منداڵەدا بە خێرایی گەشە دەکات، بەڵام پێش هەر کەسێک بەهۆی ئەو باوەڕە بێسنوورەی فیرتاس بە تواناکانی ڕۆناڵدۆ وای کرد، کە یەکەم کەس بێت لە بەردەم ڕاهێنەری تیپەکەی بووەستێتەوە، کە ئەوکات لە تیپی یەکەم (لادیسلاو بۆلۆنی) ڕاهێنەری ڕۆمانی بوو، فیرتاس داوای لە ڕاهێنەرەکە کرد، کە پێویستە گرێبەست لەگەڵ ڕۆناڵدۆی هێرشبەر واژۆ بکەن.

هەر لەبارەی ئەم چیرۆکەوە فیرتاس دەگێڕێتەوە: «ڕۆناڵدۆم ئاگادار کردەوە، کە بە نیازین بۆ تیپی یەکەم گرێبەستی لەگەڵ واژۆ بکەین، بەڵام لە وەڵامدا ڕۆناڵدۆ

گوتی، من ئێستا بۆ ئەو ئەرکە ئامادە نیم، بەلام ئایندەی گەشم ڕوون و ئاشکرایە؛ داهاتوویەکی گوڵی چاوەڕێم دەکات. ئێمە لە بولگاریا بە ڕۆناڵدۆف ناومان دەهێنا، یان بە زمانی ڕۆمانی پێی دەڵێین ڕۆناڵدیف. بە تێڕوانینی من یاریزانێکی نایاب بوو، کە تەمەنی تەنیا حەڤدە ساڵە و ئەو ئاستە ناوازەیە پێشکەش دەکات، بۆیە شایستەی ئەوەیە لەگەڵ سپۆرتینگ لیشبۆنە گرێبەست واژۆ بکات، بەلام نەوەی ئەندۆرینیا لە ناسیۆناڵ مادێرا چی داوا دەکات و چی دەوێت؟

لە ماوەی ساڵی یەکەمی وەک یاریزانێکی پیشەگەر، ١١ یاریی ئەنجام دا و توانی ئاستێکی بەرز پێشکەش بکات، بەتایبەت لە یاریی بەرانبەر یانەی مۆرینێنسی دژی بواڤیستا، بەلام **مێندێس** سەبارەت بە ‹لادیسلاو بۆلۆنی›ی ڕاهێنەری ڕۆناڵدۆ هەستی بە ترس و دوودڵی دەکرد، کاتێک لێدوانی بۆ ڕۆژنامەکان دا و گوتی: «پێویستە ڕاهێنەرێکی بەتوانا و شایستە هەبێت بۆ ئەوەی بتوانێ توانا هونەرییەکەی ڕۆناڵدۆ وەک بوورکانێک بتەقێنێتەوە، نەوەک تەنیا وردبینی بخرێتە سەر بچووکیی تەمەنی. ئەوە باشترین شتێکە بۆ ئەو یاریزانە لاوە بکرێت و شایستەی بێت.» ئەمە جۆرێک بوو لە پەسنکردنی توانابەرزیی ڕۆناڵدۆ و جۆرە ئاشکراکردنێکی ئاستبەرزی ئەم لاوە پۆرتوگالییە بوو، کە **خۆرخێ** حەزی بەم ئاشکراکردنە نەدەکرد، چونکە دەیزانی بۆ کاتی ئەم ستایشکردنە هێشتا زووە.

## نمایشە سەرنجڕاکێشەکەی کۆتاییی نایەت

وەرزی یەکەمی یاریکردنی ڕۆناڵدۆ لەگەڵ سپۆرتینگ لیشبۆنە کۆتاییی هات، لە یەکەم وەرزی لەگەڵ ئەم یانە پۆرتوگالییەدا ڕۆناڵدۆ توانی هەر سێ ناسناوەکەی ئەو وەرزە بە دەست بهێنێت. ‹خولی پۆرتوگالی، جامی پۆرتوگال و جامی سووپەری پۆرتوگال› وەرزی دواتر سەرەتای پێشکەشکردنی دەستەوارە بە ڕۆناڵدۆ دەستی پێ کرد، یەکەم دەستەوارەی لە لایەن یانەی مانچێستەر یونایتدی ئینگلیزییەوە پێگەیشت، کە ئەوە یەکەم جار بوو لە یانەیەکی گەورەوە دەستەوارە پێشکەش بە ڕۆناڵدۆی لاو بکرێت. دواتر هەر یەکە لە یانەکانی ڕیاڵ مەدرید، بارسیلۆنا، پارما، یۆڤێنتۆس و ئەرسیناڵ بە نیاز بوون ڕۆناڵدۆ بۆ ڕیزەکانی خۆیان بگوازنەوە، بەڵام **مێندێس** پێی باش بوو، ڕۆناڵدۆ لەگەڵ باشترین یانەی ئەورووپا کۆ ببێتەوە، هاوکات بیری لەوە دەکردەوە پێوەندیی بە هەر یانەیەکەوە بکات باشترین شتێک بۆ ڕۆناڵدۆ ئەوەیە زۆرترین خولەک بەشداریی لە یارییەکان بکات و پارەیەکی باش لە بەرانبەر واژۆکردنی گرێبەستەکەی چنگ بکەوێت.

سەبارەت بەو چیرۆکە فیرتاس دەڵێت: «**خۆرخێ مێندێس** زۆر شتی بە ڕۆناڵدۆ بەخشی، لەو چرکەساتەدا ئامانجی گەورەی **خۆرخێ** ئەوە بوو ڕۆناڵدۆ بۆ یانەیەکی گەورە بگوازێتەوە و بەختی ئەوەی هەبێت زۆرترین خولەک بەشداریی پێ بکرێت. بەبێ ئەوەی زۆر بیر لە بڕی پارەی

گرێبەست و دەستکەوتنی داهات بکاتەوە، چونکە هێشتا ڕۆناڵدۆ لە قۆناغی گەشەکردن و پێشخستنی ئاستیدا بوو.»

فیرتاس لە هەر کەسێک زیاتر ئاگادارە، کە چۆن گرێبەستی نێوان ڕۆناڵدۆ و مانچێستەر بە سوودی یانە ئینگلیزییەکە کۆتایی هات. سەبارەت بەو دەستەوارانەی لە یانەکانی دیکەوە بە ڕۆناڵدۆ گەیشتبوو، فیرتاس دەڵێت: «گفتوگۆ و دانووستانەکان لەگەڵ یانەی یۆڤێنتۆس گەیشتە قۆناغی ڕێککەوتن، کە ڕۆناڵدۆ پێوەندیی بە یانەی یۆڤێنتۆسەوە بکات، بەڵام یەکێک لە ڕەگەزە گرنگەکانی نێو ئەم گرێبەستەی نێوان سپۆرتینگ لیشبۆنە و یۆڤێنتۆس یاریزانی پێشووی هەڵبژاردەی چیلی ‹مارسیلۆ سالاس› بوو، کە هێرشبەرەکەی هەڵبژاردەی چیلی ڕەتی کردەوە ڕوو لە یانەی سپۆرتینگ بکات و ئامادە نەبوو لە خولی ئیتاڵییەوە بەرەو خولی پۆرتوگالی بڕوات.»

هەر دەربارەی ئەو دەستەوارانەی پێشکەش بە ڕۆناڵدۆ دەکرا، یانەی پارمای ئیتالی ئامادەیی پیشان دا بڕی هەشت ملیۆن یۆرۆ بە ڕۆناڵدۆ و چوار ملیۆن یۆرۆ بە ‹**خۆرخێ مێندێس**›ی بریکاری ببەخشێت، بە مەبەستی پێوەندیکردنی ڕۆناڵدۆ بە یانەی پارمای ئیتاڵییەوە، بەو مەرجەی تا یەک وەرز چاوەڕێ بکات، ئینجا بۆ ڕیزەکانی پارما بگوازرێتەوە، بەڵام **مێندێس** ئامادە نەبوو بە داواکەی بەرپرسانی یانەی پارما ڕازی بێت و ڕەتی کردەوە کاری لەو شێوەیە قەبووڵ بکات، ئینجا ڕامۆن مارتینێزی نوێنەری ڕیاڵ مەدرید بۆ لیشبۆنە هات بە مەبەستی واژۆکردنی گرێبەست لەگەڵ ڕۆناڵدۆ، بەڵام پارەیەکی کەمی بە مەبەستی گواستنەوەی ڕۆناڵدۆ تەرخان

کردبوو، هەر بۆیە گفتوگۆکان لەگەڵ نوێنەرەکەی ڕیاڵ مەدرید بە هیچ ئەنجامێک نەگەشت. دوا یانەیش، کە دەستەوارەی پێشکەشی ڕۆناڵدۆ کرد یانەی ئەرسیناڵ بوو، دیڤید دین وەک نوێنەری ئەرسیناڵ سەبارەت بە گواستەوەی ڕۆناڵدۆ بۆ ڕیزی یانە شووتهاوێژەکان گفتوگۆی لەگەڵ کردن، بەڵام ئەم هەوڵەیش هیچ ئەنجامێکی ئەرێنی لێ نەکەوتەوە.»

## سەرکێشییەکانی ئەرسیناڵ

**خۆرخێ مێندێس** درێژە بە باسکردنی چیرۆکی ئەو دەستەوارانە دەدات، کە پێشکەشی ڕۆناڵدۆ دەکران، دەگێڕێتەوە: «لەو کاتەی لەگەڵ بەرپرسانی ئەرسیناڵ دەستم بە گفتوگۆ کرد، وا گومانم دەکرد ئەمە دواچرکەساتەکانی یەکلاییکردنەوەی ئەم پرسەیە و بە ڕۆیشتنی ڕۆناڵدۆ بۆ ئەرسیناڵ کۆتایی بەم چیرۆکە دێت، دیڤید دین کەسێکی بەڕێز و زۆر نایاب بوو، بەڵام بەهۆی ئەو دۆخەی ئەرسیناڵی تێکەوتبوو، کە بە قۆناغێکی دژواری ماددیدا تێدەپەڕین، چونکە یانەکە مژۆڵی دروستکردنی یاریگەی ئیمارات ستادیۆم بوون، ئەمەیش وای کردبوو پارەی پێویست لە بەردەست بەرپرسانی ئەرسیناڵ نەبێت تا هەردوو لا لەسەر بڕە پارەیەک ڕێک بکەون و ڕازی بن بە مەبەستی یەکلاییکردنەوەی گواستنەوەی ڕۆناڵدۆ، بۆیە ئەرسیناڵ ئامادە نەبوو ئەو بڕە پارەیە لە بەرانبەر بەدەستهێنانی ڕۆناڵدۆ بدات، کە ئێمە دەستنیشانمان کردبوو، بەڵام سەرەڕای هەموو ئەمانەیش گەشتێکی نهێنیم بۆ شاری لەندەن کرد.»

سەبارەت بە هەمان چیرۆک ڕۆناڵدۆ دەگێڕێتەوە: «لە چەندین یانەوە کۆمەڵێک دەستەوارەمان پێگەیشتبوو، لەگەڵ سێرجیۆ ئالڤێیسی هاوبەشکاری **مێندێس** بە ئۆتۆمۆبیل گەشتێکمان بۆ شاری مەدرید کرد بە مەبەستی گەشتکردن بە فڕۆکە لە شاری مەدریدەوە بۆ لەندەن، لەپێناو ئەوەی لە نزیکەوە تەماشای دامەزراوە وەرزشییەکانی ئەرسینال بکەین، بەڵام لەو گەشتەدا **مێندێس** بە شێوەیەکی زۆر سەرشێتانە مامەڵەی لەگەڵ دەکردم، حەزی نەدەکرد هیچ کەسێک بمبینێت، هەر پێنج خولەک جارێک تەلەفۆنێکی بۆ دەکردین و پێی دەگوتین نابێ کەس ڕووخسارت ببینێت، ڕووخسارت نەبینرێت، تکایە! تکایە! با کەس نەتبینێت. تکایە... تکایە.. تکایە... ئاگادار بە! بە هیچ شێوەیەک خۆت ئاشکرا نەکەیت. ئەو حەزی دەکرد کەس ئاگاداری ئەم گەشتەی ئێمە نەبێت و کەس نەزانێت ئێمە لە مەدریدەوە گەشتمان بۆ شاری لەندەن کردووە.»

## ئەو یارییەی، کە بیر ناچێتەوە

لە هاوینی ساڵی٢٠٠٣ یارییەکی دۆستانە لەنێوان هەردوو یانەی سپۆرتینگ لیشبۆنە و مانچێستەر یونایتد لە شاری لیشبۆنە ئەنجام درا، ئامانج لە سازدانی ئەم یارییە دۆستانەیە بە بۆنەی کردنەوەی یاریگەی ‹خۆسێ ئەل ڤالایدی›ی نوێ بوو، کە یەکێک بوو لە یاریگە سەرەکییەکان، چەند یارییەکی

یۆرۆی ۲۰۰٤ی تێیدا ئەنجام دەدرا. دوای گەشتەکەیان بۆ لێشبۆنە، یانەی مانچێستەر گەشتێکی دوورمەودایان لە پێش بوو بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، بەڵام ڕۆناڵدۆ لە بەرنامە و پلانی یانە ئینگلیزییەکەدا بوو.

سەبارەت بە ڕووداوەکانی ئەو یارییە دۆستانەیە، فیرتاس یادەوەرییەکانی زۆر بە باشی لە یاد ماوە و دەگێڕێتەوە: «ڕۆناڵدۆ لە هەموو جێگەکانی یاریگە یاریی دەکرد، لە چەپ، لە ڕاست، زۆر بە باشی لە یادمە لە باڵی چەپەوە فێل نیڤێلی تووشی شەرمەزاری و شپرزەییەکی زۆر کرد، بە جۆرێک زۆر بە سانایی چۆنی بویستایە یاریی پێ دەکرد، لەو یارییەدا نیڤێل بە دەست ڕۆناڵدۆوە گیری خواردبوو. بە کورتی بە شێوەیەکی ئابڕوومەندانە فێل نیڤێلی تێکشاندبوو.»

چیرۆکێک لەو بارەیەوە باس دەکرێت، کە بووە بە چیرۆکێکی نەریتی و هەمووان دەیزانین، گوایە هەموو یاریزانەکانی مانچێستەر یونایتد لە ژووری جلگۆڕین لە فێرگسۆن کۆ دەبنەوە و داوای لێ دەکەن بە پەلە دەست بە گفتوگۆ بکات بە مەبەستی گرێبەستکردن لەگەڵ ڕۆناڵدۆ، بەڵام هیچ کام لە یاریزانەکان ئاگادار نەبوون، کە ڕۆژێک پێش ئەنجامدانی ئەو یارییە، هەموو شتێک سەبارەت بە چارەنووسی کریستیانۆ یەکلایی بووەتەوە، کە ڕۆژێک پێشتر کۆبوونەوەیەکی تایبەت لەنێوان ئەلێکس فێرگسۆن، **مێندیس** و لویس کۆریا لە میوانخانەی ‹کینتا دا مارینیا› بە ڕێوە چووە.

## بەڵێنەکەی فێرگسۆن

**خۆرخێ مێندێس** سەبارەت بە پەیمانێکی ڕاستگۆیانەی فێرگۆسن دەڵێت: «ئەلێکس فێرگسۆن کلیلی پشت هەموو شتەکانە. ئەو بە تەواوی توانی من ڕازی بکات بەوەی ئەگەر ڕۆناڵدۆ گرێبەست لەگەڵ مانچێستەر واژۆ بکات، بە دڵنیاییەوە پەنجا لە سەدی یارییەکان بەشداریی پێ دەکات. ئەوە قسەیەک بوو، کە من دەمویست گوێیەکانم بیبیستن. هەر بەهۆی ئەم بەڵێنەی فێرگسۆنەوە بوو، ڕۆناڵدۆ بۆ ڕیزەکانی یانەی مانچێستەر یونایتد گوازرایەوە.»

هەموو یانە گەورەکانی ئەورووپا ئارەزوویان دەکرد گرێبەست لەگەڵ ڕۆناڵدۆ واژۆ بکەن، بەڵام خواست و ئامانجی **خۆرخێ** ئەوە بوو ساڵێکی دیکەش لە سپۆرتینگ لیشبۆنە درێژە بە یاریکردن بدات، بەڵام بە دیاریکراوی **مێندێس** دەیزانی یاریزانی ناوبراو چی دەوێت و هەر بە زوویی تێگەیشت ئەم یاریزانە دەیەوێت لە هەمان ساڵدا لە هەر تیپێک یاریی بکات حەز دەکات زۆرترین خولەک بەشداریی یاریی بکات.

مانچێستەر یونایتد تەنیا یانە بوو تامەزرۆی ئەوە بوو لە هەمان ساڵدا ڕۆناڵدۆ بۆ ڕیزەکانی بگوازێتەوە و ئەوەیش بڕیارێکی ڕاست و گونجاو بوو. دواتر **مێندێس** دڵنیا بوو ڕۆناڵدۆی بە هەژدە ملیۆن یۆرۆ بە مانچێستەر فرۆشتووە، بەڵام کاتی پێویستی لە بەردەست نەبووە تا لە خۆشیدا لەگەڵ نەوەکەی لە جیهانی تۆپی پێ ‹ڕۆناڵدۆ› ئاهەنگ بگێڕێت، چونکە کۆمەڵێک کاری دیکەی بەسەردا کەوتبوون، دەبوو

خەریکی چەند گرێبەستێکی نوێ بێت و کۆتاییان پێ بهێنێت.

ڕۆناڵدۆ زۆر بە باشی لەو بڕیارە تێگەیشتبوو، هەر بۆیە لەو بارەیەوە دەڵێت: «**خۆرخێ مێندێس** متمانەپێکراوترین کەسی ژیانمە، کە ناسیبێتم. ئەو تەنیا کەسە لە جیهانی تۆپی پێ لەگەڵیدا هەست بە دڵنیایی و متمانەیەکی زۆر دەکەم، ئەمەیش لە جیهانی تۆپی پێ شتێکی ئاسان نییە کەسێکی وا ڕاستگۆ و متمانەپێکراو بناسیت، چونکە جیهانی تۆپی پێ جیهانێکی یەکجار ئاڵۆزە، هەر کەسە و تەنیا لە ڕوانگەی بەرژەوەندییەکانی خۆیەوە لە کاری ئەوانی دیکە دەڕوانێت. هەر کەسە و تەنیا بیر لە بەرژەوەندییەکانی خۆی دەکاتەوە، بەڵام **خۆرخێ مێندێس** پێچەوانەی هەموو ئەو کەسانە، بەرژەوەندیی یاریزانەکانی دەخاتە پێش هەر شتێکی دیکەوە. ئامادەیە لەپێناو یاریزانەکانی هەتا مردن بجەنگێت. ئەو باوکی ڕۆحی منە لە جیهانی تۆپی پێ.»

# بەشی حەوتەم

## خۆرخێ مێندێس، کلیلی گرێبەستەکانی بازاڕی گواستنەوەی ئەستێرەکانی تۆپی پێ

### لە دەرگەدانی ڕیاڵ مەدرید بە شێوە ئەندازەی تا گەیشتن بە گرێبەستە گەورەکە

یەکەم پێوەندیی تەلەفۆنی نێوان ڕیاڵ مەدرید و **خۆرخێ مێندێس** لەپێناو ئەنجامدانی گرێبەستدا نەبوو. لە سەرەتای ساڵی٢٠٠٠ بریکاری یاریزانە پیشەگەرەکان هیچ ئاشنایەتی و دۆستایەتییەکی لەگەڵ هیچ کەسێکی نێو یانەی مێرەنگی نەبوو، هیچ کەسێکی نەدەناسی، کە پێوەندیی بە یانەی ڕیاڵ مەدریدەوە هەبێت، نە سەرۆکی یانەکەی دەناسی، نە هیچ کام لە ئەندامانی یانەکە و نە ئەندامانی دەستەی کارگێڕی؛ تەنانەت بەڕێوەبەری وەرزشی یانەی ڕیاڵ مەدریدیشی نەدەناسی.

سەرەداوی زانیاری لەسەر یەکدی لەنێوان بریکاری یاریزانانی تۆپی پێ و بەرپرسانی ڕیاڵ مەدرید بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دروست دەبێت، ئەمەیش لە ڕێگەی گەشتەکانی **خۆرخێ** دەبێت لەو ماوەیەدا و لە پشووی هەفتەکاندا بە ئۆتۆمۆبیلەکەی لە پۆرتوگالەوە بە مەبەستی تەماشاکردنی

یاریی بەهەرەمەندەکان گەشتی بۆ شاری مەدرید دەکرد، کە دەبوون بە جێگەی بایەخی دۆزەرەوە ‹کشاف›ی ئەستێرە تازەپێگەیشتووەکان. لەو ماوەیەدا سەردانی یاریی بەهرەمەندەکانی لە شاری مەدرید دەکرد، ئاشنایەتیی لەگەڵ ‹پاکۆ دی گراسیا›ی بەرپرس لە دۆزەرەوەی بەهرەمەندان لە ڕیاڵ مەدرید پەیدا کرد.

سەبارەت بە کارامەیی و ئەزموونگەریی **خۆرخێ مێندێس** لە چۆنییەتی هەڵسەنگاندنی یاریزانان و پەسەندکردنی ئاستی ئەو بەهرەمەندانەی داهاتوویەکی گەش لە بەردەمیاندایە و خاڵی جیاکەرەوەی **خۆرخێ** لە هەر بریکارێکی دیکەی ئەم بوارە، پاکۆ دی گراسیا دەڵێت: «هیچ کام لە بریکاری یاریزانان ئەو کارەیان نەدەکرد، کە **خۆرخێ مێندێس** ئەنجامی دەدا. دەتوانم زۆر بە ڕاشکاوی ددان بەو ڕاستییەدا بنێم، ئەو تەنیا کەسە، کە سەرەتای وێستگەی کارکردنی بە دۆزینەوەی یاریزانە بەهرەمەندەکان دەست پێ کرد، ئەمەیش دیاردەیەکی ناوازە و دەگمەنە بریکارێکی یاریزان چاودێری ئاستی منداڵانی فێرگە وەرزشییەکان بکات.»

هەر لە درێژەی قسەکردن لەبارەی **خۆرخێ مێندێس**، پاکۆ دی گراسیا دەڵێت: «**خۆرخێ** گرێبەستی لەگەڵ هیچ یاریزانێکدا واژۆ نەکردووە تا تەماشای ئاست و یارییەکانی نەکردبێت. هەر بەمەیش توانی بگاتە ئەم قۆناغە و ئەو کەسە سەرکەوتووەی لێ دەربچێت. زۆربەی بریکاری یاریزانانی تۆپی پێ تەنانەت پێیەکانیان بە ڕێککەوتیش بەر تۆپ نەکەوتووە و هیچ شتێکی ئەوتۆیان سەبارەت بە تۆپی پێ نەزانیوە، ئەمە ڕێک پێچەوانەکەی لە **مێندێس** بە دی دەکرێت.»

لەو کاتەدا **مێندێس** بۆ تەماشاکردنی یارییەکانی تیپی لە چەشنی خیتافی و ڕایۆ ڤایۆکانۆ دەچوو، هاوکات سەردانی شاری وەرزشیی ڕیاڵ مەدریدی دەکرد، هەروەها بە وردی سەرنجی لە ئاستی تیپە جیاجیاکانی ئەتلەتیکۆ مەدریدی بۆ هەموو تەمەنە جیاوازەکان دەدا. تەماشای زۆربەی تیپی تەمەنە جیاوازەکانی ئەتلەتیکۆی دەکرد و لە ئاست و توانایان ورد دەبووەوە و هەڵسەنگاندنی بۆ ئاستی یاریزانەکانی ئەم یانە مەدریدییە دەکرد.

هەر سەبارەت بە **مێندێس**، دی گراسیای؛ سەرپەرشتیاری دۆزینەوەی بەهرەمەندەکان، دەڵێت: «ئەو دەیویست لەبارەی هەموو شتێکەوە زانیاریی هەبێت، پرسیاری زۆری دەکرد و پێی خۆش بوو بەردەوام فێر بێت و شتی نوێ بزانێت. بەوەدا بە خێرایی بۆمان ڕوون بووەوە، کە هەموو پێوەرەکانی تایبەتمەندی شارەزایی ناسینی ئەستێرە بەهرەدارەکان لەم کەسایەتییەدا بە دی دەکرا.»

بە خێرایی ناوی **خۆرخێ مێندێس** بە خۆسێ ئانخێل سانچێز، بەڕێوەبەری گشتیی ڕیاڵ مەدرید گەیشت، کە ئانخێل پیاوە ڕاستەقینەکەی پشت هەموو شتێک بوو لە یانەکە. لە هەموو یانەیەکی گەورە هەمیشە ئەمە ڕوو دەدات کەسێک ئەرکەکەی بە ئاشکرا ئەنجام دەدات و هەموو شتێک بە ناوی خۆیەوە بڵاو دەکاتەوە، لە چۆنییەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ڕۆژنامەکاندا و فشارە فەرمییەکان و هەمیشە دەیەوێت هەر شتێک ڕوو بدات بە ناوی خۆیەوە و لەسەر زاری خۆیەوە بڵاو ببێتەوە، بەڵام سانچێز وەک کەسی دووەم

مامەڵە دەکات، ئەو کاپیتانی کەشتی فریادڕەسی یانەکە بووە بە مانا هەرە ڕاستەقینەکەی، بەڵام هەمیشە خۆی لە خۆنواندن و خۆدەرخستن بە دوور دەگرت و بڕوای بە خۆنمایشکردن نەبوو، هەردەم خۆی لەو هەڵسوکەوتە پووچ و ناپەسەندە دوور گرتووە، ئەو کەسە ‹خۆسێ ئانخێل سانچێز›ی بەڕێوەبەری گشتیی ڕیاڵ مەدریدی ئیسپانییە.

## گرێبەستەکە گەورەکان بە شێوەی ئەندازەیی

مێژووی یەکەم پێوەندیی نێوان **خۆرخێ مێندێس** و سانچێزی بەڕێوەبەری ڕیاڵ مەدرید بۆ ساڵی٢٠٠٤ دەگەڕێتەوە، لە پێوەندیدا سەبارەت بە ڕێکاردۆ کارڤالیۆی بەرگریکاری پۆرتوگال بوو، بەڵام لەو دانووستاندنەی نێوانیان بە هیچ ئەنجامێک نەگەیشتن، چونکە لەو کاتەدا یانەی چێڵسی دەستەوارەیەکی بە بڕی سی ملیۆن یۆرۆ خستە بەردەم کارڤالیۆ، کە ئەمە نرخێک بوو بە لای **خۆرخێ** پەسەند بوو، چونکە ئەو پارەیە زۆر زیاتر بوو لەوەی سانچێز لەسەر بەدەستهێنانی تواناکانی کارڤالیۆ دایانبوو، بەڵام دواتر **خۆرخێ** قەرەبووی ئەم ڕێکنەکەوتنەی نێوان خۆی و مەدریدی بە گواستنەوەی کلیبەر پیپی بۆ ڕیزەکانی یانەی ڕیال مەدرید کردەوە، بەڵام ئەم کارە هیچ پێوەندییەکی بە قەرەبووکردنەوەی نەچوونی کارڤالیۆوە نەبوو، بەڵکو ئەمە پێوەندیی بە شێوەکارکردنی ئەندازەیی ‹**خۆرخێ مێندێس**›ەوە هەبوو، کە دواتر گرێبەستە گەورەکەی بەدوادا دێت، کاتێک

کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ پێوەندیی بە یانەی ڕیاڵ مەدریدەوە دەکات.

لە ساڵی ٢٠٠٥ ماوەیەکی زۆر بەسەر پێوەندییکردنی ڕۆناڵدۆ بە یانەی مانچێستەر یونایتدەوە تێپەڕ نەبووبوو، پێوەندییەکی نوێ لەنێوان **خۆرخێ مێندێس** و خۆسێ ئانخێل سانچێز سەبارەت بە گواستنەوەی کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ بۆ ڕیزەکانی یانەی مێرەنگی دروست بووەوە.

خۆسێ ئانخێل سانچێز سەبارەت بە وەرگرتنی بەڵێنێکی نێوان خۆی و **خۆرخێ مێندێس** نهێنییەکی نەزانراو ئاشکرا دەکات و دەڵێت: «زۆر بە باشی دیمەنی ئەو ساتەم لە یادە، کاتێک سەرقاڵی شۆفێریکردن بووم، بە ‹**خۆرخێ**›م گوت، کەی ڕۆناڵدۆ بۆ پێکهاتەی ڕیاڵ مەدرید دەهێنی؟ لە وەڵامدا پێی گوتم بۆ ئێستا ئەوە کارێکی ئەستەم و دژوارە تا بتوانم کاری لەو شێوەیە ئەنجام بدەم، هەمدیس منیش بە ‹**خۆرخێ**›م گوتەوە بەڵام ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەو کارە دەبێ هەر بکەیت و پێویستە هەموو توانای خۆت بە کار بخەیت تا ڕۆناڵدۆ درێسی یانەی شاهانە دەپۆشێت.»

بۆ بەجێگەیاندنی ئەم بەڵێنە هەردوو لا پێویستیان بە چوار ساڵ چاوەڕوانیی هەبوو تا ڕیاڵ مەدرید ئاواتەکەی بێتە دی و کریستیانۆ گرێبەست لەگەڵ یانەی شاهانە واژۆ بکات.

هەمیشە قسەوباسێکی زۆر سەبارەت بە ناسنامەی سەرۆکی یانەی ڕیاڵ مەدرید دێتە گۆڕێ و دەگوترێت فلۆرێنتینۆ پێرێز؛ سەرۆکی یانەکە توانای ئەوەی هەیە هەر گرێبەستێکی گەورەی بوێت بە ئاسانی و بەبێ بوونی هیچ ڕکابەرێک بە سوودی خۆی و یانەکەی یەکلایی دەکاتەوە، بەڵام سەبارەت بەم تێڕوانینە لەسەر پێرێز، سانچێز بۆچوونێکی تەواو پێچەوانەی

هەیە و بەوپەڕی ڕاشکاوییەوە دەڵێت: «کێ گرێبەستی لەگەڵ ڕۆناڵدۆ واژۆ کرد؟ بێگومان ئەوە ڕیاڵ مەدرید بوو. ئەم جۆرە گرێبەستانە هەمیشە پێویستی بە دانبەخۆداگریی و پشوودرێژیی هەیە، تەنانەت هەندێ جار تا چەندساڵێک دەخایەنێت و پێویستە بەرگەی ئەو چاوەڕوانییە بگریت، بەڵام لە کۆتاییدا ئەوە لە سەردەمی سەرۆکێکی وەک پێرێز دێتە دی. لەو ماوەدا تێڕوانینێکی نەرێنی لەسەر ڕیاڵ مەدرید دروست بووبوو، کە وا دەکات کارەکانی بە سەختی ئەنجام بدات، چونکە تیپی بەرانبەر ئەو یەقینەی بۆ چێ بووبوو ڕیاڵ ئامادەیە چی لە دەست بێت بە مەبەستی گواستنەوەی ئەستێرە گرانبەهاکانی تۆپی پێ دەیکات و کەمتەرخەمی ناکات، جیا لە دانانی نرخی مەرجی هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی ڕۆناڵدۆ، کە نرخەکەی دەگەیشتە نەوەدوشەش ملیۆن یۆرۆ، بەڵام گرفتێکی دیکە هاتە پێش ئەم گرێبەستە، ئەویش یانەی مانچێستەر یونایتد بە هیچ جۆرێک ئامادە نەبوو دەستبەرداری تواناکانی کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ ببێت و هەموو هەوڵێکیان دەدا لەپێناوی ئەوەی ئەستێرەکەی پۆرتوگال یانەی شەیتانە سوورەکان جێ نەهێڵێت.

لە کۆتاییی وەرزی٢٠٠٧- ٢٠٠٨ ڕۆناڵدۆ بیری کردەوە، کە ئێستا کاتی ئەوە هاتووە یانەی مانچێستەر جێ بهێڵێت، بەڵام سێر ئەلێکس فێرگسۆن بڕیاری دا کۆبوونەوەیەکی دووقۆڵی سەبارەت بەم بیرکردنەوەیە لەگەڵ ڕۆناڵدۆ ئەنجام بدا و ئەنجام توانی کریس بەوە قایل بکات تا ساڵێکی دیکە لە ڕیزی یانەی شەیتانە سوورەکان درێژە بە کاروانی یاریکردنی خۆی بدات، ئەگەریش ئارەزووی جێهێشتنی یانەکە دەکات، ئەوە دوای ئەو ماوەیەی فێرگسۆن داوای مانەوەی کردووە، ئازادە

لەوەی ڕیزی یانەکە جێ بهێڵێت، واتە فێرگسۆن دەیویست ڕۆناڵدۆ تەنیا یەک ساڵی دیکە لە ڕیزی یانەکە بمێنێتەوە، ئیدی ئازادە لەوەی هەر بڕیارێک دەدات.

بەڵام ئەم جۆرە کارانە تەنیا پەیمانێکی سەرزارەکییە و هیچی دیکە، بۆیە سانچێز لەبارەی بەڵێنی نێوان یاریزان و یانە، یاریزان و ڕاهێنەری تۆپی پێ، دەڵێت: «لە تۆپی پێ زۆر بە ئاسانی دەتوانی بەسەر بەڵێندا زاڵ بیت، تەنانەت ئەگەر سەرزارەکیش بێت. ناتوانی بڵێیت فڵانە یاریزان لە یەنایەردا بۆ فڵانە یانە دەڕوات، ئەگەر هاتوو گرێبەستێکی باشتری لە یانەیەکی دیکەوە پێ بگات، ئەوە پشت لە بەڵێنەکەی خۆی دەکات و پەیمانەکەی هەڵدەوەشێنێتەوە. لە تۆپی پێدا شتێک نییە بە ناوی گەرەنتی یاریزان بە مانەوە، یان ڕۆیشتن لە تیپێک.»

هەر لەبەر ئەو هۆکارە بە دیاریکراوی کاری یەکلاییکردنەوەی ئەم گرێبەستە، لە هاوینی ٢٠٠٩ کۆتایی هات و ڕیاڵ مەدرید بە ئاواتە لەمێژینەکەی گەیشت، کە خەونی بە واژۆکردنی گرێبەست لەگەڵ ڕۆناڵدۆ دەبینی، هاوکات ئاواتی لەمێژینەی ڕۆناڵدۆیش هاتە دی، کە ئاوات و ئارەزووی گەورەی ئەوە بوو بۆ یانەی ڕیاڵ مەدرید یاریی بکات و بەشداریی (جەنگە گەورەکەی کلاسیکۆ) بکات، هەروەها یانەی مانچێستەریش توانی ببێت بە خاوەنی گرانبەهاترین گرێبەست لە مێژووی تۆپی پێدا، ‹**خۆرخێ مێندێس**›یش توانی هەموو لایەن و کەسەکان لە خۆی ڕازی بکات.

ئەم کارە تاقەتپڕووکێنە کۆتایی هات و دواجار **خۆرخێ مێندێس** لە لایەن بەرپرسانی ڕیاڵ مەدرید دیارییەکی

پێشکەش کرا، کە درێسێکی یانەکە بوو، تا ئێستایش مێندێس ئەم درێسەی لای خۆی پاراستووە، کە لە پێشی درێسەکە وشەیەک نووسراوە وەک پێناسەی مکووڕبوونی مێندێس لەسەر هەر شتێک، کە بیەوێت ئەنجامی بدات، ئەویش تەنیا وشەیەک ‹مەحاڵ- imposible› بوو.

بەبێ ئەوەی هەندێ ڕاستی لەسەر زاری کەسێکی دیکەوە ببیستین مەحاڵە بتوانین ئەم چیرۆکەی نێوان خۆرخێ مێندێس و ڕیاڵ مەدرید تەواو بکەین، بۆیە ناچارین لە لایەکی دیکەوە گوێ بۆ قسەکانی سێر ئەلێک فێرگسۆن ڕادێرین.

## گێڕانەوە لەسەر زاری سێر ئەلێکس فێرگسۆن

دەربارەی خۆرخێ مێندێس و کاریگەریی ئەم کەسایەتییە، فێرگسۆن دەڵێت: «دوای ٤٠ ساڵ بەڕێکردنی تەمەن لەنێو جیهانی تۆپی پێ، دەتوانم بڵێم مێندێس باشترین بریکاری یاریزانانی تۆپی پێیە، کە لە ژیانمدا ناسیبێتم. یەکەم و گرنگترین یادگاری لای من ئەوەیە، کە خۆرخێ بڕوایەکی لەئەندازەبەدەری بە کەسایەتیی خۆی هەیە، دوای ئەوەی یانەی مانچێستەر لە هەوڵی ئەوەدا بوو گرێبەست لەگەڵ کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ واژۆ بکات، خۆرخێ پێی گوتم تۆ هیچ خەمت نەبێ تەنیا متمانەت بە من هەبێت ئەو کارەت بۆ جێبەجێ دەکەم، تەنیا یەک تکایەکم لە تۆ هەیە، ئەویش ئەوەیە تکایە! تکایە ئاگات لەو منداڵە بێت. دەبێ بەڵێنم پێ بدەیت چاوت لە ڕۆناڵدۆ دەبێت و هاوکاری دەکەیت. ئەو

دەیویست لەمەڕ داهاتووی ڕۆناڵدۆ لە من دڵنیا بێت. ئەو تەنیا شتێک، کە بۆی گرنگ بوو بەرژەوەندیی یاریزانەکانی بوو، کە وەک بریکار کاریان لەگەڵ دەکات.»

دەربارەی وردەکاری گرێبەستی گواستنەوەی کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ بۆ یانەی ڕیاڵ مەدرید سێر ئەلێکس فێرگسۆن لە درێژەی گێڕانەوەی ئەم چیرۆکە دەڵێت: «ساڵێک پێش گواستنەوەی کریستیانۆ بۆ یانەی مێرەنگی، هەمووان ئاگاداری ئەو ڕووداوەن، کە پێکداهەڵپژان لەنێوان وەین ڕوونی و ڕۆناڵدۆ لە یاریی نێوان هەردوو هەڵبژاردەی ئینگلتەرا و پۆرتوگال ڕووی دا، کە ئەنجام بە کردنەدەرەوەی وەین ڕوونی بە کارتی سوور لە لایەن داوەری یارییەکەوە کۆتایی بەو ڕووداوە هات. دوای ئەم ڕووداوە ڕۆناڵدۆ هەستی بە دوودڵی لە هەمبەر هاندەرانی ئینگلتەرا دەکرد و دەترسا کاردانەوەی نەرێنییان لە بەرانبەر پێکداهەڵپژانی نێوان ڕوونی و ڕۆناڵدۆ بۆ دروست ببێت. واتە سەبارەت بە دڵڕەنجانی هاندەرانی یانەی مانچێستەر و هەڵبژاردەی ئینگلتەرا جۆرە دوودڵییەکی تیا دروست بووبوو، چونکە وەین ڕۆنی بە منداڵی ئاڵتوونیی تۆپی پێی ئینگلیزی ناوزەند دەکرێت و یەکێک بوو لە ئەستێرە هەرە پڕ جەماوەر و خۆشەویستەکانی ئینگلتەرا، هەر لەم ڕوانگەیەوە ڕۆناڵدۆ ترسی لە گەڕانەوە هەبوو. ئەو ڕووداوە هاوکات بوو لەگەڵ ئارەزووکردنی ڕۆناڵدۆ بۆ ڕۆیشتن لە یانەکە، هەر بۆیە بڕیارم دا لە ڕێگەی فڕۆکەوە گەشتی ئاسمانی بۆ وڵاتی پۆرتوگال بکەم و لەگەڵ ڕۆناڵدۆ و **خۆرخێ** لە ماڵەکەی کارلۆس کیرۆش کۆ بووینەوە.»

هەر لە درێژەی قسەکانیدا، فێرگسۆن دەڵێت: «لەو کۆبوونەوەیەدا ئارەزووی خۆمم وەک ڕاهێنەرێک بۆ ڕۆناڵدۆ خستە ڕوو، کە دەمەوێت بۆ ساڵێکی دیکە لەگەڵمان بەردەوام بێت، هاوکات ‹خۆرخێ مێندێس›یش باوەڕی پێ کرد، کە پێویستە شتەکان بەم شێوەیە بڕوات، کریستیانۆ لەگەڵ مانچێستەر بەردەوام بێت، ئێمە هەمیشە دەمانویست بە باشترین شێوە پاڵپشتی بکەین، چاودێری بکەین و زیاتر بایەخی پێ بدەین.»

## گوتەی فلۆرێنتینۆ پێرێز

بێگومان ئەم کارە ناتەواوییەکی گەورەی تێدەکەوێت ئەگەر گوێبیستی سەرنجەکانی فلۆرێنتینۆ پێرێزی سەرۆکی یانەی ڕیاڵ مەدرید نەبین، چونکە پێرێزیش یەکێکە لە کاراکتەرە هەرە گرنگەکانی نێو ئەم گرێبەستە گرانبەهایەی مێژووی بازاڕی گواستنەوەی یاریزانانی تۆپی پێ. دەربارەی واژۆکردنی گرێبەستی ڕۆناڵدۆ لەگەڵ ڕیاڵ مەدرید و سەبارەت بە ئاشنایەتیی لەگەڵ **مێندێس** فلۆرێنتینۆ دەڵێت: «یەکترناسینی من و **خۆرخێ مێندێس** بۆ ساڵی٢٠٠٩ دەگەڕێتەوە، کاتێک لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی یانەی ڕیاڵ مەدرید بۆ جاری دووەم وەک سەرۆکی یانەکە هەڵبژێردرامەوە، یەکەم کارێک کە کردم، ئەنجامدانی تەلەفۆنێک بوو بۆ **خۆرخێ مێندێس** بە مەبەستی والاکردنی دەروازە سەبارەت بە واژۆکردنی

گرێبەست لەگەڵ کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ. دوای ئەوەی ئامادەییمان پێشان دا، ئەو پارەیە بە یانەی مانچێستەر بدەین، کە وەک مەرجی هەڵوەشاندنەوە لەسەر گرێبەستەکەی ڕۆناڵدۆ دایاننابوو، هەر بۆیە بە بوێرییەکی زۆرەوە توانیمان لەپێناو بەدەستهێنانی ڕۆناڵدۆ ئەو بڕەپارە زۆرە خەرج بکەین و توانیمان ڕۆناڵدۆ وەک ئەستێرەیەکی گرانبەهای مێژوو بە دەست بهێنین. سەرکەوتنی یاریزانەکانی **مێندێس**، سەرکەوتنێکە بۆ خودی **مێندێس** دەگەڕێتەوە، بەڵام پێم وایە سەرکەوتنی کریستیانۆ لە هەموو سەرکەوتنەکانی دیکە بۆ **مێندێس** گرنگترە.»

لە پێنج ساڵی ڕابوردووی پەیوەندیی نێوان فلۆرێنتینۆ پێرێز و **خۆرخێ مێندێس** ناجێگیرییەکی زۆری بە خۆوە بینی، هەروەک بەردەوام ڕۆژنامەکان ئاماژەیان بە ناجێگیریی پەیوەندیی نێوان ئەم دوو کەسایەتییە دەکرد، بەڵام سەرۆکی یانەی ڕیاڵ مەدرید شتێکی دیکە لەبارەی ئاڵۆزبوونی پەیوەندیی نێوان خۆی و **خۆرخێ** دەڵێت: «پەیوەندیی نێوان من و **خۆرخێ** وەک دوو کەس زۆر باشە و هێندەیە، تا جێگەی ناکۆکی تێدا ببێتەوە. **مێندێس** کەسێکی زۆر پیشەگەرە، بە ئاسانی تووشی ماندووبوون نابێت، دەتوانێ لە بیستوچوار کاتژمێردا بە بەردەوامی کار بکات، ئەمەیش کارەکانی ئەوی بە تەواوی ئاسان کردووە، بەڵام شتگەلێکی ناڕاست و نادروستی زۆر لەبارەی ئەم کەسایەتییەوە دەگوترێت، کە هیچ بنەمایەکی نییە و لە ڕاستییەوە دوورە.»

لە درێژەی باسکردنی پەیوەندیی نێوان خۆی و **مێندێس**، سەرۆکی یانەی ڕیاڵ مەدرید دەڵێت: «من و **مێندێس** خاڵی

هاوبەش و هیی ناکۆک لەنێوانماندا هەیە، زۆر بە ڕوونی و ڕاشکاویی دەڵێم ئەو لە پشت سەرکەوتنی باشترین یاریزانەکانێتی، منیش لە پشت سەرکەوتنی باشترین یانەی تۆپی پێم، کە ئەویش ڕیاڵ مەدریدە.»

مێژووییەکی دووردرێژ لە پێوەندیی و مامەڵەکردن لەنێوان ئەم دوو کەسایەتییەدا هەیە، هەموو ئەوەی، کە ئەم پێوەندییە مێژووی پشتڕاست دەکاتەوە ئەوەیە، مێندێس ژمارەیەکی زۆر لە ئەستێرەکانی بۆ یاریگەی سانتیاگۆ بێرنابیۆ گواستووەتەوە، بۆ نموونە یاریزانەکانی بە چەشنی «کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ، ئانخێل دیماریا، فابیۆ کوێنتراو، ڕیکاردۆ کارڤالیۆ، خامێس ڕۆدریگز و خۆسێ مۆرینیۆ.» بە دڵنیاییەوە لیستی ئەو یاریزانانەی لە ڕێگەی «خۆرخێ مێندێس»ەوە پێوەندیی بە ڕیاڵ مەدریدەوە دەکەن لە داهاتوودا درێژتر دەبێتەوە.

# بەشی هەشتەم

## «بیهێنە بەرچاوت ئەگەر مێسی، ڕۆناڵدینهۆ و کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ پێکەوە لە بارسیلۆنا یاریی بکەن.»

لە هاوینی٢٠٠٣ لە شاری مۆنت کارلۆ[١]، کە دەکەوێتە ئەمارەتی مۆناکۆوە، هەواڵێک بڵاو کرایەوە گوایە شەپۆلێکی گەرما بەڕێوەیە و نیوەی ئەورووپا دەگرێتەوە. باشترین کارێک دانیشتووانی ئەم ناوچەیە لە بەرانبەر ئەم شەپۆلی گەرمایە ئەنجامی بدەن ئەوەیە لە ماڵەکانیان بمێننەوە و کەس دەرنەچێت، ئەوە ئەو کارە بوو، کە ڕافایل مارکێز، یاریزانی یانەی مۆناکۆ و هەڵبژاردەی مەکسیک، پاش بەدەستهێنانی جامی فەڕەنسا لەگەڵ یانەی مۆناکۆ، ئەنجامی دا، بەڵام بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو لەپڕ گوێبیستی زەنگی دەرگەی

١ مۆنت کارلۆ یەکێکە لە ناوچە گەشتیارییەکان، کە دەکەوێتە ئەمارەتی مۆناکۆی وڵاتی فەڕەنساوە. مۆنت کارلۆ لەسەر کەناری دەریای ناوەڕاستە و پایتەختی ئەمارەتی مۆناکۆیە. مۆن کارلۆ یەکێکە لە شوێنە هەرە گرنگ و گەشتیارییەکان، کە خەڵکی لە سەرجەم کیشوەرەکانەوە بۆ بەسەربردنی پشو، ڕوو لەم شارە دەکەن. ڕێژەی دانیشتوانی ئەم شارە (٣٥٠٠) کەسە. مێژووی دروستبوونی بۆ ساڵی١٨٦٦ دەگەڕێتەوە. مۆت کارلۆ ناوێکی ئیتاڵییە و بە واتای چیای کارلۆ دێت. لە ساڵی١٨٥٦ چارلیسی سێیەمی ئەمیری مۆناکۆ ئەم ناوەی لەم شارە ناوە.

ماڵەکەی بوو، کاتێک مارکێز دەرگەکەی کردەوە بینی **خۆرخێ میندێس** لە بەردەم دەرگە وەستاوە، وەک خوویەکی هەمیشەیی بەردەوام **خۆرخێ** پەلەیەتی و هەر دەڵێی بەسەر ئاگرەوەیە!

**خۆرخێ** گوتی: «ڕافا، هەموو کەرەستە و پێداویستییەکانت لە ماڵەوەیە؟ هەر ئەوەندە جلوبەرگ و کەلوپەل لەگەڵ خۆت بهێنە، کە پێویستت پێی دەبێت.»

مارکێز گوتی: «بۆچی کەلوپەلەکانم بگوازمەوە، چی بووە؟»

لە وەڵامدا **میندێس** گوتی: «چونکە دەچین بۆ شاری بارسیلۆنا.»

## کۆی چیرۆکەکە

ئاسان نییە لە وردەکاری چیرۆکی نێوان **خۆرخێ میندێس** و خوان لاپۆرتا[1]، سەرۆکی پێشووی یانەی

١ خوان لاپۆرتا، لەدایکبووی ٢٩ یۆنیۆی١٩٦٢ی شاری بارسیلۆنای ئیسپانیایە. لە ساڵەکانی٢٠٠٣ تا ٢٠١٠ سەرۆکی یانەی بارسیلۆنا بووە. لاپۆرتا پارێزەر و دەرچووی زانکۆی بارسیلۆنایە. ژیانی هاوسەرگیریی لەگەڵ خاتوو کۆنستانزا ئیشی ڤاریا دروست کردووە، بەڵام دوای لە دایکبوونی سێ منداڵ لە یەکدی جوودا بوونەوە. کاتێک خوان لاپۆرتا بوو بە سەرۆکی بارسیلۆنا توانی شۆڕشێکی گەورە بۆ یانەکە لە جیهانی تۆپی پێ بەرپا بکات، دوای ئەوەی گرێبەستی لەگەڵ فرانک ڕایکاردی هۆڵەندی وەک ڕاهێنەری یانەکە و ڕۆناڵدینهۆ گاوچۆی بەڕازیل واژۆ کرد. لە سەردەمی سەرۆکایەتیی لاپۆرتا بارسیلۆنا لە ساڵی٢٠٠٩ توانی شەش ناسناو لە ساڵێکدا بە دەست بهێنێت، کە پێشتر هیچ یانەیەکی تۆپی پێ نەیتوانیوە ئەو ژمارە زۆرەی ناسناو لە ساڵێکدا بۆ خۆی بباتەوە. ویلایەتی دووەمی سەرۆکایەتیی لاپۆرتا لە ساڵی٢٠١٠ کۆتایی هات. خوان لاپۆرتا بە چوار زمان قسە دەکات، ئیسپانی، کەتەلۆنی، ئینگلیزی

بارسیلۆنا تێبگەین، ئەگەر بۆ سەرەتا و وردەکاریی چیرۆکەکە نەگەڕێینەوە، ئەمە باشترین کارێکە ئەنجامی بدەین تا لە دیوە نەزانراوەکەی ئەم سەربووردەیە تێبگەین، ئەمەیش دوای ئەوەی لاپۆرتا توانی لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی یانەی بارسیلۆنا سەرکەوتن بە دەست بهێنێت و لە ساڵی۲۰۰۳ وەک سەرۆکی نوێی یانە کەتەلۆنییەکە هەڵبژێردرا. کاتێک ئەم پۆستەی وەرگرت، یانەکە بە دۆخێکی دژواری ئابووریدا تێپەڕ دەبوو.

ئەوکات خەزێنەی یانەی بارسیلۆنا نیمچەبەتاڵ بوو، بەڵام لە هەمان کاتدا یانەکە پێویستی بەوە بوو چەندین گرێبەستی نوێ لەگەڵ ئەستێرە بەنێوبانگەکانی جیهانی تۆپی پێ واژۆ بکات، چونکە یانەکە لە لێواری کەوتندا بوو، هێزی کێبڕکێی لە خولی ئیسپانی و چامپیۆنس لیگ لە دەست دابوو، بۆیە یانەکە پێویستی بە خۆنوێکردنەوە هەبوو، بەڵام سەرۆکێکی نوێ بە دەستی خاڵییەوە دەتوانێت چی بکات بۆ ڕزگارکردنی یانە کەتەلۆنییەکە، لەو نەهامەتییەی تێی کەوتووە؟ کاری لەپێشینەی خوان لاپۆرتا، سەرۆکی یانەکە لەگەڵ تێکسیکی بیگرستان، کە ڕۆڵی نوێنەرایەتیکردنی سەرۆک بۆ ئەنجامدانی گرێبەست، هاوکاتیش بە دەستەڕاستی سەرۆکی یانەکە ناوزەندە دەکرێت، چی بوو؟ لە سەرەتادا بە نیاز بوون گرێبەست لەگەڵ یاریزانێکی دڵی بەرگریی «قلب دفاع» واژۆ بکەن.

لەو کاتەدا هەموو چاوەکان لەسەر ڕۆبەرتۆ ئایالا[1]ی

---

و فەڕەنسی.

١ ئایالا، ناوی تەواوی ڕۆبەرتۆ فابیان ئایالایە و لە ١٤ی ئەپریلی١٩٧٣ لە شاری بارانای ئەرجەنتین لە دایک بووە. ئایالا یاریزانی تۆپی پێی ئەرجەنتین بوو و لە هێڵی بەرگریی یاریی دەکرد. سەرەتای وێستگەی

یاریزانی یانەی ڤالێنسیا بوو، بە پشتبەستن بەو ڕاپۆرتانەی دەستەی کارگێڕی بارسیلۆنا وەک هەڵسەنگاندن بۆ ئاستبەرزیی ئایالا ئامادەیان کردبوو، هاوکات بە کۆی دەنگ لەسەر بەربژارکردنی ئایالا و واژۆکردنی گرێبەست لەگەڵ ئەم بەرگریکارە ئەرجەنتینییەی، کە بەرگریی لە درێسی یانەی شەمشەمە کوێرەکان دەکرد، هاوڕا بوون، بەڵام ئاستەنگییە گەورەکەی بەردەم گواستنەوەی ئایالا ئەوە بوو، کە بەرپرسانی یانەی ڤالێنسیا ئامادە نەبوون بە کەمتر لە دوانزە ملیۆن یۆرۆ دەستبەرداری ئایالا بن.

لەو کاتەدا **خۆرخێ مێنێس** لەگەڵ بەرپرسانی بارسیلۆنا لە پێوەندیدا بوو و توانی چاوی بە خوان لاپۆرتا بکەوێت،

---

یاریکردنی لەگەڵ یانەی فیرۆکاریل ئۆستی ئەرجەنتینی بوو، کاتێک لە ساڵی١٩٩١ پێوەندیی بەم یانەیەوە کرد و تا١٩٩٤ بەردەوام بوو لەگەڵ یانەی فیرۆکاریل و لە حەفتاوچوار یاریی بەشداریی کرد و توانی یەک گۆڵ تۆمار بکات. ساڵی١٩٩٤ بۆ یانەی ڕیڤەر پلەیتی ئەرجەنتین گوازرایەوە. لەگەڵ ڕیڤەر چل یاریی ئەنجام دا. ساڵی١٩٩٥ ڕووی لە خولی ئیتاڵی کرد و پێوەندیی بە یانەی ناپۆلییەوە کرد و تا ساڵی١٩٩٨ لەگەڵ یانەکەی باشووری ئیتاڵی بەردەوام بوو. لە ٨٧ یاریی لەگەڵ ناپۆلی بەشداریی کرد. لە ساڵی١٩٩٨ تا٢٠٠٠ لە ڕیزەکانی ئەی سی میلان یاریی دەکرد، بەڵام لە میلان چانسی بەشداریکردنی وەک پێویست نەبوو، تەنیا لە(٢٤) یاریی بەشداریی یارییەکانی لەگەڵ میلان کرد. لە ساڵی٢٠٠٠ تا ٢٠٠٧ لە یانەی ڤالێنسای ئیسپانی یاریی دەکرد. لە ساڵی٢٠١٠ لە یانەی ڕاسینگ کلوپی ئەرجەنتینی بە یەکجارەکی وەک یاریزان ماڵئاوایی لە یاریی تۆپی پێ کرد. لە ساڵی١٩٩٤ تا ٢٠٠٧ بۆ هەڵبژاردەی تانگۆی ئەرجەنتینی یاریی کردووە و لە کوپا ئەمێرکای٢٠٠٧ وازهێنانی لە یاریی نێودەوڵەتی ڕاگەیاند. لە مێژووی یاریکردنی لە هەڵبژاردەکەی لە(١١٥) یاریی بەشداریی کرد و توانی حەوت گۆڵ بۆ هەڵبژاردەکەی تۆمار بکات. سەرجەمی یارییەکانی ئایالا بۆ ئەو یانانەی یاریی کردووە(٤٤٩) یاریی ئەنجام دا و توانی پانزە گۆڵ تۆمار بکات.

دوای یەکترناسین، **خۆرخێ** ناوی ژمارەیەک یاریزانی ئاستبەرزی بۆ سەرۆکی بارسێلۆنا پێشنیار کرد، بۆ ئەوەی بزانێت کامیان جێی بایەخی بەرپرسانی یانە کەتەلۆنییەکەن.

**خۆرخێ** دەڵێت: «گرێبەستەکانم یەکلایی دەکردەوە بەبێ ئەوەی هیچ نێردەرێک لە پشتمەوە بوونی هەبێت، بەڵام ناتوانیت هەموو شتێک لە یەک ڕۆژدا بکەیت؛ لە هەموو ڕۆژێکدا دەتوانی هەموو شتێک بکەیت.»

ڕووخساری **مێندێس** لە یەکەم دەرفەتی یەکترناسینی خوان لاپۆرتا دڵی بە خێرایی لێی دەدا و تووشی جۆرێک لە شپرزەیی و شڵەژان بووبوو. دوای تێپەڕبوونی چەند ڕۆژێک بەسەر ئەم یەکترناسینە، سەرلەنوێ **مێندێس** بۆ بینینەوەی خوان لاپۆرتا سەردانی شاری بارسێلۆنای کرد، لە هۆش و گۆشیدا تەنیا یەک یاریزانی دەستنیشان کردبوو، بۆ ئەوەی لەگەڵ سەرۆکی یانەی بارسا قسەوباسی لەبارەوە بکەن، ئەویش ڕافایل مارکێز بوو، سەرەڕای ئەوەی ڕۆبەرتۆ ئایالا بژاردەی لەپێشینەی بەرپرسانی یانەکە بوو تا گرێبەستی لەگەڵ واژۆ بکەن، بەڵام **خۆرخێ** باوەڕی بەوە هەبوو هەرچەندە کارێک لە سەرەتاوە وەک مەحاڵیش دەربکەوێت، ئەوا لە ژیاندا هیچ شتێک مەحاڵ نییە. واتە تووشی نائومێدی نەبوو، یانی دەستەوەستان نەبوو لە بەرانبەر خۆساخکردنەوەی زۆربەی ئەندامانی دەستەی کارگێڕی یانەکە بۆ پەسەندکردنی بەرگریکارە ئەرجەنتینییەکە و لە هەوڵەکانی خۆی بەردەوام بوو لەپێناو بە ئاکامگەیشتنی ئامانجەکەی.

# ڕافایل مارکێز

بەرپرسانی یانەی مۆناکۆ ‹**خۆرخێ مێندیس**›یان لەوە ئاگادار کردەوە، کە ئەوان بە مەرجێک ئامادەن دەستبەرداری مارکێز بن، کە لە بەرانبەردا بڕی سیانزە ملیۆن یۆرۆ وەربگرن، بەڵام **مێندیس** ئەوەی دەزانی ئەم نرخەی بەرپرسانی مۆناکۆ لەسەر مارکێز دایاننـاوە، نرخێکە لەگەڵ دۆخی دارایی بارسێلۆنا یەک ناگرێتەوە، چونکە وەک پێشتر ئاماژەی پێ کرا یانە ئیسپانییەکە بە قەیرانێکی دژواری ئابووریيدا گوزەر دەکات، بەڵام **خۆرخێ** لە بەرانبەر بەرپرسانی مۆناکۆ وا خۆی پیشاندا، کە هیچ نازانێت.

دیسانەوە چاوی بە لاپۆرتا کەوت و لێی پرسی: «ئێوە لە بەرانبەر بەدەستهێنانی تواناکانی ڕافایل مارکێز ئامادەن چەند پارە بدەن؟»

لە بەرانبەر شێوازی مامەڵەی **خۆرخێ** و چۆنییەتی دانووستاندنی سەبارەت بە گواستنەوەی مارکێز، لاپۆرتا دەڵێت: «وا گومانم دەکرد **خۆرخێ** ڕاستەوخۆ نرخی یاریزانەکە بڵێت، بۆ نموونە بڵێ نرخی ئەم یاریزانە نرخی گواستنەوەی سیانزە ملیۆن یۆرۆیە، لەبەر ئەوەی یاریزانی یانەیەکی وەک مۆناکۆی فەڕەنسییە، نەوەک پرسیارم لێ بکات ئێوە دەتوانن چەندێک پارە لە بەرانبەر بەدەستهێنانی مارکێز بدەن، ئەو پێش هەر شتێک توانای ئابووریی ئێمەی لە بەرچاو دەگرت، منیش پێم گوت ئێمە لای زۆرییەکەی دەتوانین بڕی پێنج ملیۆن یۆرۆ بە یانەی مۆناکۆ بدەین. لێی پرسیم تۆ دەتوانی بەڵێنم پێ بدەیت

تا لەسەر ئەم نرخە قسە لەگەڵ بەرپرسانی مۆناکۆ بکەم؟ لە وەڵامدا پێم گوت بە دڵنیاییەوە.»

**خۆرخێ مێندیس** لە وشەی ‹پەیمان› زیاتر پێویستی بە هیچ وشەیەکی دیکە نەبوو تا لە خوان لاپۆرتای ببیستێت و پێویستی پێی بێت بۆ ئەوەی لە ڕێگەی کەناڵی گەیاندنی یاریزانەکە بە بارسیلۆنا بە تەواوی کارەکەی بۆ ئاسان بکات.

دۆخێکی پەنهان لە یانەی مۆناکۆ دەگوزەرا، بەڵام ئەوکات کەم کەس ئاگاداریی ڕووداوەکانی نێو یانەی مۆناکۆ بوو. **خۆرخێ** شتێکی دەزانی، کە کەم کەس ئاگاداری ئەو نهێنییە بوون ‹جیان لویس کامپۆرا Jean-Louis Campora› دەستبەرداری پۆستی سەرۆکایەتیی یانەی مۆناکۆ دەبێت، بە مانایەک لە ماناکان بڕیار لەسەر چارەنووسی مارکێز لە دەستی ئەم سەرۆکەدا نییە، هەروەها پیاوە پۆرتوگالییەکە تەنیا کەس بوو، دەیزانی کە ‹پییێری سڤارا- Pierre Svara› وەک سەرۆکی نوێی مۆناکۆ دەستبەکار دەبێت.

**خۆرخێ مێندیس** بۆ ماوەی شەش کاتژمێر لەگەڵ پییێری سڤارای سەرۆکی نوێی یانەکە لە کۆبوونەوەدا بوو، لە کۆتاییدا پەیمانێک لەنێوان هەردوو لا واژۆ کرا سەبارەت بەوەی یانەی مۆناکۆ ئامادەییی خۆی پیشان بدات بە بڕی پێنج ملیۆن یۆرۆ دەستبەرداری ڕافایل مارکێز بێت.

سەبارەت بەم ڕووداوە، **خۆرخێ** دەڵێت: «ڕەنگە وا گومان بکەن دوای ئەم ڕێککەوتنە پێوەندیم بە بەرپرسانی بارسیلۆناوە کردووە و لەم هەواڵە ئاگادارم کردوونەتەوە، بێ گومان نەخێر، کاری لەو شێوەیەم ئەنجام نەدا، بەڵکو

ڕاستەوخۆ بۆ لای ماکێز چووم و داوام لێ کرد هەموو کەلوپەل و پێداویستییەکانی بپێچێتەوە و خۆی بۆ گەشتی شاری بارسێلۆنا ئامادە بکات.»

لە ڕاستیدا خوان لاپۆرتا لەو باوەڕەدا نەبوو، کە ڕافایل ماکێزی بە بڕی پێنج ملیۆن یۆرۆ دەست بکەوێت.

ئەوە ڕوون بوو **مێندێس** دەیزانی باشترین کارێک ئەنجامی بدات ئەوەیە، بە ئەمری واقیع مامەڵە لەگەڵ گواستنەوەی مارکێزدا بکات، بە کردەوە یاریزانەکە بباتە بەردەم سەرۆکی بارسێلۆنا، بەبێ ئەوەی پێوەندیی تەلەفۆنی پێوە بکات و پێشوەخت ئاگاداری بکاتەوە، بۆ ئەوەی هیچ شتێکی ناخۆش و نەخوازراو ڕوو نەدات، هاوکات ڕووبەڕوو سەرۆکی یانەکە بخاتە بەردەم ئەو بەڵێنەی، کە پێشتر بە ‹**خۆرخێ**›ی دابوو، کە ئامادەیە لە بەرانبەر دەستکەوتنی مارکێز بڕی پێنج ملیۆن یۆرۆ بدات.

## ئێمە لێرەین!

**خۆرخێ مێندێس**، مارکێز و ئێنریکی نیتۆ، کە کەسی سێیەمی نێوانیان بریکاری یاریزانە مەکسیکییەکە بوو، لە شاری مۆنت کارلۆ بە بارهەڵگرێکی کۆنی بێکەڵک بۆ شاری بارسێلۆنا گەشتیان کرد، ئەنجام گەیشتنە شوێنی مەبەست. هەر لەگەڵ گەیشتن بە شاری بارسێلۆنا ڕاستەوخۆ بەرەو نووسینگەی یانەکە بە ڕێ کەوتن، ئینجا بریکارە پۆرتوگالییەکە بە مۆبایلەکەی پێوەندیی بە خوان لاپۆرتاوە کرد.

**خۆرخێ مێندێس:** «سڵاو بەڕێز خوان لاپۆرتا، ئێستا من لە بەرانبەر یانەی بارسێلۆنا وەستاوم و ڕافایل مارکێزیشم لەگەڵدایە.»

خوان لاپۆرتا: «ڕافا، کێیە؟»

**خۆرخێ مێندێس:** «ڕافا ئەو بەرگریکارە مەکسیکییەیە، کە لەبارەیەوە پرسیارت کردبوو، ئەو یاریزانەی، کە گوتت ئامادەم لە بەرانبەر بەدەستهێنانی تواناکانی بڕی پێنج ملیۆن یۆرۆ بدەم و دواتریش من بەڵێنم لە بەڕێزت وەرگرت.»

ئەم ڕووداوە لەناو دەستەی کارگێڕیی یانە کەتەلۆنییەکە هاوشێوەی شۆڕشێک بوو، ئەمە وای کرد جۆرێک لە پاشاگەردانی بۆچوونی لێکدژ دروست ببێت، هەر کەس بۆ خۆی بۆچوونێکی دەردەبڕی، بە جۆرێک، ناکۆکییەکی زۆر کەوتە نێوان ئەوانەی دژی هاتنی مارکێز بوون و ئەوانەیشی پاڵپشتی ئەم گرێبەستەیان دەکرد، بەڵام لە کۆتاییدا یانەکە لەگەڵ ڕافایل مارکێز گرێبەستی واژۆ کرد.

لاپۆرتا دەربارەی پێوەندییە تەلەفۆنییەکەی **خۆرخێ مێندێس** و ئەو ڕووداوە چاوەڕواننەکراوەی، کە **خۆرخێ** لەگەڵ یاریزانێکی پیشەگەر لە بەردەم بارەگای یانەکە لە چاوەڕوانیی ئەودان تا ڕێککەوتنەکە واژۆ بکەن، دەڵێت: «بیهێنەرە بەرچاوی خۆت لە بەردەم بارەگای یانەکە مارکێز و **خۆرخێ** ببینم. بیرم دەکردەوە چۆن بتوانم لەگەڵ ڕافایل مارکێز بچمە بەردەم ئەندامانی دەستەی کارگێڕیی یانەکە، بەڵام خۆشبەختانە **خۆرخێ** توانای چارەسەرکردنی هەموو گرفتێکی هەیە و پێداگرییەکی زۆری لەسەر ئەو بۆندە

کردبوو. من لەگەڵ خۆرخێ سەبارەت بەم گرێبەستە ڕێک کەوتبووم، نەدەکرا لەو بەڵێنەکەم پاشگەز ببمەوە، هاوکات پێویستی بەوە نەدەکرد لە نرخەکەی دابشکێنم، چونکە پەمانێک لەنێوانماندایە و بۆ من ئەستەمە بیشکێنم. دیارە لەو کاتەدا زۆر بە باشیی یەکترمان نەدەناسی، چونکە سەرەتای پێوەندیی نێوانمان بوو، پێکەوە بۆ یەکەمجار گواستنەوەی یاریزانێک بە یەکدی ئاشنای کردین.»

کەم کەس هەیە ئەم نهێنییە بزانێت، وردەکاری ئەم چیرۆکە نەزانراوەی پێ گەیشتبێت. ئەوە سەرەتای چیرۆکی پێوەندیکردنی مارکێز بوو بە یانەی بارسیلۆناوە.

## ڕۆناڵدینهۆ و کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ

گرنگترین دوو گرێبەستی ئەو ساڵەی خوان لاپۆرتا، کە وەک سەرۆکی نوێی یانەی بارسیلۆنا هەڵبژێردرابوو، گواستنەوەی ڕۆناڵدینهۆ گاوچۆی بەڕازیلی بوو لە پاریس سانت جێرمان و ڕافایل مارکێزی مەکسیکی لە مۆناکۆ. ئەگەر پێوەندیکردنی ئایالا بۆ یانەکە بە دوور زانرابێت، ئەوا لە گواستنەوەی ڕافایل مارکێز سەرکەوتوو بوون. بەڵام پێوەندیکردنی جادووگەرە بەڕازیلییەکە بە یانەی بارسیلۆناوە بە هێزی بڕەپارەیەکی زۆر سەری گرت.

سەرۆکی بارسیلۆنا خوان لاپۆرتا لەبارەی گرێبەستەکانی یەکەم وەرزی دەستبەکاربوونی وەک سەرۆکی تازە هەڵبژێردراوی یانەی بارسیلۆنا دەڵێت: «تێچووی گرێبەستی

ڕۆناڵدینهۆ (٢٧,٥) ملیۆن یۆرۆ بوو، تا یاریزانە بەڕازیلییەکە بۆ ماوەی چوار ساڵ بەرگریی لە درێسی یانەی بارسیلۆنا بکات. لە واژۆکردنی ڕۆناڵدینهۆ و مارکێز سەرکەوتنمان بە دەست هێنا، کە ڕۆناڵدینهۆ بۆ ماوەی حەوت ساڵ لە ڕیزی یانەکەمان یاریی کرد و ئەستێرەکەی مەکسیکیش بۆ ماوەی پێنج ساڵ. بەم شێوەیە ڕافایل مارکێز بوو بە یەکەم گرێبەستی **خۆرخێ مێندێس** لەگەڵ یانەی بارسیلۆنا.»

هەر لەو ساڵەدا بە مەبەستی گواستنەوەیان بۆ ڕیزەکانی بارسیلۆنا گفتوگۆ سەبارەت بە چەندین یاریزانی دیکە کرا، هەروەک ئەوەی لاپۆرتا دەگێڕێتەوە: «**مێندێس** لەبارەی چەند یاریزانێکی دیکەوە کەوتە گفتوگۆ لەگەڵمان، بەڵام ئێمە پێمان ڕاگەیاند دوای ئەو گرێبەستەی لەگەڵ ڕۆناڵدینهۆ بەستمان، ناتوانین لەگەڵ هیچ یاریزانێکی دیکە گرێبەست واژۆ بکەین، لە ڕاستیدا هەژاریی خەزێنەی یانەکە و کەمیی داهات یارمەتیدەر نەبوو، تا بتوانین یاریزانی دیکە بۆ پێکهاتەی تیپەکەمان بگوازینەوە.»

لەو کاتەدا یانەکە لە ڕووی ئابوورییەوە پێویستی بە پلانێکی ستراتیژیی بەڕێوەبردن هەبوو، تا دۆخی ئابووریی یانەکە بووژانەوە بە خۆیەوە ببینێت، تاوەکو بتوانین بۆ وەرزی داهاتوو گرێبەستی زیاتر لەگەڵ یاریزانە ناودارەکان واژۆ بکەن، بەتایبەت ئەو یاریزانانەی سەرپەرشتانی ستافی هونەریی یانەکە دەیخوازن بۆ یانەکەی بگوازنەوە.

هەر سەبارەت بە زمانشیرینی و هونەری گفتوگۆ و کاریگەریی **خۆرخێ مێندێس** لەسەر بەرانبەرەکەی، خوان لاپۆرتا دەڵێت: «قسەکانی **مێندێس** وەک هەنگوین وان لەسەر

لێوەکانی، بۆ نموونە سەبارەت بە کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ ئەو دەیویست بە هەموو شێوەیەک ئاسانکاریمان بۆ بکات، تا کریستیانۆ گرێبەست لەگەڵ بارسێلۆنا واژۆ بکات. بەڵام ئەوەی ئێمە بە ‹خۆرخێ›مان گوت، ڕاستی دۆخی ئابووریی یانەکە بوو، کە یارمەتی ئێمەی نەدەدا تا بتوانین گرێبەستی زیاتر لەگەڵ یاریزانان ئەنجام بدەین.»

قەد ئەوە بە خەیاڵتدا هاتووە ڕۆژێک لە ڕۆژان بارسێلۆنا دەرفەتی ئەوەی بۆ بێتە پێش خاوەنی کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ و مێسی بێت؟ زۆر ئەستەم نەبوو ئەم دوو یاریزانە لە یەک یانە یارییان کردبایە، بەڵام ئەوەی بووە هۆکاری لەناوچوونی ئەم خەونە، تەنیا و تەنیا خراپی باروودۆخی ئابووریی یانەی بارسێلۆنا بوو لە بەردەم یاریکردنی ئەم دوو ئەفسانەیەی تۆپی پێ لە یەک یانەدا.»

## متمانەگۆڕینەوەی نێوان خۆرخێ مێندێس و خوان لاپۆرتا

هەر سەبارەت بە پێوەندیی نێوان سەرۆکی پێشووی بارسێلۆنا و **خۆرخێ مێندێس**، لاپۆرتا دەڵێت: «**خۆرخێ** قسەی زۆری دەربارەی دیکۆ بۆ ئێمە کردبوو، گفتوگۆی زۆر لەنێوانمان ئەنجام درا. لە کۆتاییدا توانیمان گرێبەستی لەگەڵ واژۆ بکەین و تواناکانی ئەم ئەستێرەیە بە دەست بهێنینت.»

لە ڕاستیدا **مێندێس** توانیویەتی چەندین یاریزان بۆ یانەی بارسێلۆنا بگوازێتەوە. مامەڵەی زۆر لەنێوان لاپۆرتا و **خۆرخێ**

وای کرد، متمانەیەکی گەورە لەنێوانیاندا دروست ببێت، ئەمەیش گەشەی بە پێوەندیی نێوان ئەم دوو کەسایەتییە دا، بە ڕادەی دوو دۆستی زۆر نزیک.

سەرۆکی بارسیلۆنا دەڵێت: «ئێمە زۆر دڵخۆش بووین بەوەی دەمانزانی چۆن کار دەکەین، سەرەڕای ئەوەی شێوازی ئیشکردنمان لەگەڵ سەرجەم یانەکانی دیکەدا یەکجار جیاواز بوو. ئێمە ساڵانە بەردەوام پارەمان بە بریکاری یاریزانەکانی تۆپی پێ دەدا، تا هانی بریکاری یاریزانانی تۆپی پێ بدەین بەردەوام لەگەڵمان بە شێوەیەکی چالاک کار بکەن.»

هەر ئەم متمانە بەهێزەی نێوان یانەکە و **خۆرخێ مێندیس** هۆکاری سەرەکیی دروستبوونی پێوەندیی بوو لەگەڵ خۆسێ مۆرینیۆ، تا وەک شوێنگرەوەی فرانک ڕایکارد بۆ ڕاهێنەری بارسیلۆنا دەستنیشان بکرێت، بەڵام لەناو یانەکە بژاردەی دیکە خرایە سەر مێزی سەرۆکی یانەکە و ڕاهێنەرێکی دیکەیان لەبری مۆرینیۆ بۆ جێگرەوەی ڕایکارد پێشنیار کرد، ئەو کەسەیش پێپ گواردیۆلا بوو.

لاپۆرتا دەڵێت: «کێ لە ئێوە دەیەوێت مۆرینیۆ ببێتە ڕاهێنەری بارسیلۆنا پێوەندیی بە ‹**خۆرخێ مێندیس**›ەوە بکات، ئەو دەتوانێ هیوایەکتان پێ بدات، بەڵام لە کۆتاییدا بژاردەیەکی دیکەمان لە بەردەست بوو، کە ئەویش پێپ گواردیۆلا بوو. من پێشتر بە ‹**خۆرخێ**›م گوتبوو گواستنەوەی مۆرینیۆ بۆ یانەی بارسیلۆنا کارێکی زۆر زەحمەت و دژوارە بەهۆی ئەو بۆچوونە ناکۆک و جیاوازانەی لەسەر مۆرینیۆ دروست بووە، ئەمەیش هۆکارەکەی بۆ ناکۆکی پێشوەختەی

مۆرینیۆ و ڕایکارد لە لایەک و مۆرینیۆ و بارسیلۆنا لە لایەکی دیکەوە دەگەڕێتەوە، بەتایبەت ڕووبەڕووبوونەوەکانی نێوان بارسیلۆنا و چێلسی زیاتر بەنزینی بەسەر شەڕی نێوان ئەم دوو لایەنەدا دەکرد، هەر بۆیە کاردانەوەکانی مۆرینیۆ وەک ڕاهێنەری چێلسی و لێدوانە ئاگرینەکانی تا ئەندازەیەکی زۆر گیانی دوژمنکارانەی لە ناخی هەردوو لا دروست کردبوو، بۆیە دەستنیشانکردنی مۆرینیۆ وەک ڕاهێنەری بارسیلۆنا گرفتی لەنێوان ئەندامانی دەستەی کارگێڕی یانەکە لە لایەک و تووڕەیی هاندەرانی بارسیلۆنا لە لایەکی دیکە دروست دەکرد، کە پێشووتر بەهۆی کاردانەوەکانی مۆرینیۆ لە دژی یانەکەیان تووڕەیی ناخی داگیر کردبوون؛ بە ڕادەی دووژمنایەتیکردنی ئەو ڕاهێنەر پۆرتوگالییە. هاوکات دەبووە جۆرێک لە دژایەتیکردنی خودی فرانک ڕایکاردی ڕاهێنەری یانەکە، کە وەک ڕاهێنەری بارسیلۆنا چەند جارێک لەگەڵ مۆرینیۆ دەمەقاڵێ لەنێوانیاندا ڕووی دابوو.»

لەو ڕۆژگارەدا **خۆرخێ مێندێس** میوانی هەمیشەیی بەرپرسانی یانەی بارسیلۆنا بوو، بەڵام ئەوە بوو بە ڕابوردوو. تۆپی پێ هەمیشە لە گۆڕاندایە. ڕەنگە لە داهاتوودا ئەم پێوەندییە گۆڕانی بەسەردا بێت و دیسانەوە پێوەندیی نێوان **خۆرخێ** و بەرپرسانی یانەی بارسا دەست پێ بکاتەوە.

هەروەها لاپۆرتا دەڵێت: «من هەمیشە ئامادەم سڵاو لە **خۆرخێ** بکەم و لە یانەکەم پێشوازی لێ بکەم؛ لانی کەم وەک خوان لاپۆرتا، چونکە ئەو پشکی هەبووە و هاوبەشی لە دروستکردنی باشترین تیمی بارسیلۆنا لە مێژوودا کردووە.»

# بەشی نۆیەم

## ڕاستییەکی شاراوە لە پشت ئەتلەتیکۆ مەدریدەوە؛ دوو گۆڵکەرە بکوژەکە.. بۆچی هاندەرانی ئەتلەتیکۆ مەدرید خۆشیان بە چارەی خۆرخێ مێندێس نایەت؟

بۆچوون و تێگەیشتنێکی بەربڵاو و تا ئەندازەیەکی زۆر هەڵە لە لایەن هاندەرانی ئەتلەتیکۆ مەدرید سەبارەت بە **خۆرخێ مێندێس** دروست بووە و پێیان وایە هەرچییەک **خۆرخێ** حەزی پێ بکات، ئەوە زیانێکی گەورە بە بەرژەوەندییەکانی ئەتلەتیکۆ مەدرید (ڕۆخی بلانکۆس) دەگەیەنێت، لەبەر ئەوەی پێشوەخت نیازی خۆی نەشاردۆتەوە و دەڵێن گوایە هەست و سۆزێکی زۆری بۆ یانەی ڕیاڵ مەدریدی ڕکابەری هاوشاری ئەتلەتیکۆ هەیە، چونکە لە یانەی مێرەنگی نەوەکەی لە جیهانی تۆپی پێ بەرگریی لە درێسەکانی ڕیاڵ مەدرید دەکات، هەڵبەت مەبەست لە کریستیانۆ ڕۆناڵدۆیە.

ئەم تێگەیشتنە لە کردار هیچ بنەمایەکی نەبوو، بەتایبەت سەرپەرشتیاری مێرکاتۆی ئەتلەتیکۆ مەدرید ‹میگێل ئانخێل خیل›، کە پێوەندییەکی دۆستانەی قووڵ بە ‹**خۆرخێ مێندێس**›ـەوەی دەبەستێتەوە. نەک تەنیا لە ڕێگەی وشەوە

بە هەموو شێوەیەک ئەو تێگەیشتنە هەڵەیەی هەوادارانی یانەکەی لەسەر **مێندێس** ڕەت دەکاتەوە، بەڵکو لە ڕێگەی گێڕانەوەی کۆمەڵە چیرۆکێکی ڕاستەقینە و بە بەڵگەوە ئەو تێگەیشتنە پووچەڵ دەکاتەوە، دیارە ئەو چیرۆکانەی میگێل دەیگێڕێتەوە، هەردووکیان شاهیدحاڵی ڕاستیی گێڕانەوەکانن.

میگێل ئانخێل دەڵێت: «باشترین بریکاری یاریزانانی جیهان (**خۆرخێ مێندێس**)ـە. دەتوانم ددان بەو ڕاستییەدا بنێم ئەو پیاوی پشت پەردەی کۆمەڵێک گرێبەستی نهێنیی یانەکەمانە، بەتایبەت لە چەند گرێبەستێکی گرنگ لە مێژووی یانەی ئەتلەتیکۆ مەدرید ڕۆڵی کەسێکی دڵسۆز و بە پەرۆشی بۆ بەرژەوەندیی یانەکەمان بینیوە. یەکەم گرێبەست کە **خۆرخێ مێندێس** و ئەتلەتیکۆی پێکەوە کۆ کردەوە، یاریزان (هۆگۆ لیال) بوو، کە لە بەشەکانی پێشووی ئەم پەرتووکە باسمان کرد، بەڵام نەوەی دواتری ئەستێرەکانی ئەتلەتیکۆ ژمارەیەکی زۆر لەو یاریزانانەی، کە **خۆرخێ** بریکاری سەرەکیان بوو، پێوەندییان بە یانەکەمانەوە کرد، بۆ نموونە دییگۆ کۆستا، تیبۆ کۆرتوا، تیاگۆ مێندیس، ئاردا توران، فلیپی لویس و ڕادۆمێل فالکاو گارسیا.

## ڕاستگۆیی و پیشەگەریی لە کارکردندا

لە سەرەتای قسەکردنی دەربارەی کەسایەتیی **خۆرخێ میندێس** و کاریگەریی ئەرێنی لەسەر ژمارەیەک گرێبەست لە بەرژەوەندی ئەتلەتیکۆ مەدرید، ئانخێل دەڵێت: «**خۆرخێ** هاوڕێمە. شانازی پێوە دەکەم. ئەو کەسێکی پیشەگەری نایابە، یارمەتی هیچ یاریزانێکی نەداوە، تا ڕێزی یانەکەمان جێ بهێڵێت. سەرباری هەموو ئەمانەیش هەمیشە ڕێزێکی زۆر لە هەڵوێست و بارودۆخی یانەکەمان دەگرێت. **میندێس** لە جیهانی تۆپی پێ پیاوی ژمارە یەکە دەربارەی بەرزکردنەوەی نرخی یاریزانان. ئەوە کارێکی یەکجار سوودبەخشە، کە بریکاری هاوشێوەی **خۆرخێ** دەبێتە هۆی ئاڵوگۆڕپێکردنی بڕەپارەیەکی زۆر لە جیهانی تۆپی پێدا، ئەمەیش وا دەکات ژمارەیەک یانە لە بازاڕی گواستنەوەی یاریزانان قازانجێکی زۆر بکەن.»

هەر لە درێژەی قسەکردنی دەربارەی بریکارە تایبەتەکە، ئانخێل دەڵێت: «پێوەندیی نێوان ئەتلەتیکۆ مەدرید و **خۆرخێ میندێس** لە بەرزترین ئاستی دۆستایەتیدایە، بەڵام ئەمە مانای ئەوە ناگەیەنێت ئێمە داوای یاریزانی زۆر یان کەم لە **خۆرخێ** بکەین، ئێمە هەمیشە تەماشای بارودۆخی ئابووری خۆمان دەکەین، بەپێی دۆخ و داهات لە خەزێنەی یانەکەمان داوای یاریزان دەکەین. ئەویش ڕێزێکی زۆر لە توانای ئابووریی یانەکەمان دەگرێت و نایەوێت هیچ زیانێکی ماددی بەر ئەتلەتیکۆ مەدرید بکەوێت.»

یەکێک لەو هۆکارانەی وا لە هاندەرانی ئەتلەتیکۆ مەدرید دەکات، کە خۆشەویستییان بۆ **مێندێس** نەبێت و بە چاوی گومانەوە بڕواننە کارەکانی بۆ یانەکەیان ئەوەیە، کە ناوبراو بریکاری سەرەکی دییگۆ کۆستای بە ڕەگەز بەڕازیلی و یاریزانی هەڵبژاردەی ئیسپانیا و ڕادۆمێل فاڵکاو گارسیای کۆلۆمبییە، هەردووکیان لە چەشنی ئەو هێرشبەرە گۆڵکەرە پڵنەگانەی یانەکە بوون، کە وەک (دوو گۆڵکەرە بکوژەکە) ناوبانگیان پەیدا کردبوو، کاتێک وەک هێرشبەری ڕۆخی بلانکۆس یارییان دەکرد، بەشێکی یەکجار زۆری هەوادارانی یانەی ئەتلەتیکۆ هۆکاری ڕۆیشتنی ئەم دوو یاریزانە لە یانەکە دەخەنە ئەستۆی **خۆرخێ مێندێس** و لە چاوی ئەوی دەبینن. پێیان وایە **خۆرخێ** هۆکار بووە بۆ ڕۆیشتنی فاڵکاو بۆ مۆناکۆ و کۆستا بۆ چێلسی، ئەم کارەیشی لەپێناوی دەستکەوتنی قازانجی ماددی زۆر کردووە، بەڵام سەبارەت بە چیرۆکی ڕۆیشتنی ئەم دوو هێرشبەرەی ئەتلەتیکۆ مەدرید ئانخێل بۆچوونێکی تەواو پێچەوانەی هاندەرانی یانەکەی دەخاتە ڕوو، کە خۆی شاهیدحاڵی ڕاستیی ڕووداوەکانە.

## ڕاستیی پشت هۆکاری ڕۆیشتنی دییگۆ کۆستا لە یانەی ئەتلەتیکۆ مەدرید

خێل باس لە وردەکاریی چیرۆکی بڕیاری ڕۆیشتنی دییگۆ کۆستا دەکات، تەنانەت باس لە سەرەتای پێوەندیکردنی کۆستا بە یانەی ئەتلەتیکۆ مەدریدیشەوە دەکات و دەڵێت: «ئێمە سەرەتا لەگەڵ سەرۆکی یانەی سپۆرتینگ براگا[1] «ئەنتۆنیۆ سیلڤادۆر»[2] کۆ بووینەوە، گفتوگۆکەمان دەربارەی ئەوە بوو، کە ڕازی بن دییگۆ کۆستا بە شێوەی خواستن بۆ یانەی ئەتلەتیکۆ یاریی بکات. دوای دوو کۆبوونەوە لەگەڵ سەرۆکی یانەی سپۆرتینگ براگا لەسەر ئەو خاڵە ڕێککەوتین خاوەنداریتیی ئێمە لەسەر دییگۆ کۆستا پەنجا لە سەد بێت، ئەمەیش بەهۆی کارامەیی و دانایی **خۆرخێ** لە چۆنییەتی گفتوگۆکردن لەگەڵ ئەنتۆنیۆ سیلڤادۆری سەرۆکی یانە پۆرتوگالییەکە، سەری گرت، دوای دوو ساڵ مافی پەنجا لە سەدی دیکەی دییگۆ کۆستامان بە دەست هێنا و بە شێوەیەکی فەرمی بوو بە یاریزانی ئەتلەتیکۆ مەدرید.»

هەر لە درێژەی گێرانەوەی ڕاستیی پشت ڕۆیشتنی کۆستا لە ڕیزی یانەی ئەتلەتیکۆ مەدرید، میگێل ئانخێل خیل دەگێڕێتەوە:

---

١ یانەی سپۆرتینگ براگا، یەکێکە لە یانەکانی وڵاتی پۆرتوگال، کە لە ١٩- ١- ١٩٢١ دامەزراوە.

٢ ناوی تەواوەتی ئەنتۆنیۆ سیلڤادۆر داکۆستا ڕۆدیگیز لە دایکبووی ٢٤ – ٩– ١٩٧٠ی شاری براگایە. یەکێک بووە لە سەرمایەدارەکانی نێو دنیای تۆپی پێ، لە ساڵی٢٠٠٣ وەک سەرۆکی یانەی سپۆرتینگ براگا هەڵبژێردرا.

«سەبارەت بە ڕۆیشتنی کۆستا لە یانەکەمان، ئەوە تەنیا ڕووداو بوو، بە درێژایی ماوەی یەکترناسینی من و **مێندێس**، کە ببینم ئەوەی ڕووی دا دۆخێکی تەواو جیاواز بوو. لەبەر ئەوە یاریزانەکە بەبێ ئاگاداری هەردوو لا و بێ پرسکردن بە هیچ لایەکمان لەگەڵ چێلسی گەیشتبووە ڕێککەوتن، بۆیە نە من و نە **خۆرخێ** هیچمان لە دەست نەدەهات تا ئەنجامی بدەین، چونکە تاکلایەن و بەبێ گەڕانەوە بۆ هیچ لایەکمان کۆستا قسەی لەگەڵ بەرپرسانی چێلسی کردبوو.»

هەر دەربارەی کۆستا، بۆ تەواوکردنی گێڕانەوەی ئەم بەسەرهاتە، ئانخێل خیل دەڵێت: «ئێمە ساڵی پێشووتر گرێبەستی دییگۆ کۆستامان نوێ کردبووەوە، لە دواهەفتەی بازاڕی گواستنەوەی یاریزانان، یانەی لیڤەرپووڵ دەستەوارەیەکی پێشکەشی دییگۆ کۆستا کردبوو، بەڵام ئێمە توانیمان لە درێژکردنەوەی گرێبەستەکەی کۆستا سەرکەوتوو بین، هاوکات نرخی مەرجی هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستەکەیمان لە بیستوچوار ملیۆن یۆرۆوە بۆ سیوهەشت ملیۆن بەرز کردەوە، ئەمەیش هەمووی بەهۆی لێهاتوویی و چاکەی **مێندێس** سەری گرت، بەڵام کۆستا هەر سوور بوو لەسەر ئەوەی ئەم بڕگەیە نەخرێتە لیستی فیدراسیۆنی لالیگاوە، بەڵکو پەیمانی لە بەرپرسانی یانەکەی وەرگرت، ئەگەر هاتوو یانەیەک ئامادە بوو ئەو بڕەپارە لە بەرانبەر بە دەستهێنانی کۆستا بدات، بەرپرسانی یانەکە ڕێگری لە ڕۆیشتنی نەکەن، تەنانەت ئەگەر ئەو بڕەپارەیە بە سێ بەش بە یانەکە بدرێت، ئێمەیش هیچ بژاردەیەکمان نەبوو، بۆیە بە ناچاری دەبوو بە داواکەی ڕازی بین. توانیمان نرخی مەرجی

هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستەکەی بەرز بکەینەوە و بۆ ساڵێکی دیکەش پارێزگاری لە هێشتنەوەی لە یانەکەمان بکەین، بەڵام مووچەکەیمان دووبەرانبەر بگرە سێبەرانبەر بەرز کردەوە.»

میگێل ئانخێل خیل گوزارشتێکی زۆر جوان لەسەر شێوەکارکردنی **خۆرخێ مێندێس** بە کار دەهێنێت: «کارکردنی **خۆرخێ** وەک بریکاری یاریزانانی تۆپی پێ هاوشێوەی یاریکردنی شەترەنجە، کە تێیدا هەر جارەی یانەیەک دەجووڵێنێت، بەڵام لە یەک کاتدا خۆشەویستیی بۆ هەموویان وەکو یەک هەیە، بەبێ ئەوەی فێڵ لە هیچ کامیان بکات. هەر ئەوەیش نهێنیی پشت سەرکەوتنەکانی ‹**مێندێس**›ـە.»

## ڕادۆمێل فالکاو گارسیا

چیرۆکی فالکاو سەربووردەیەکی دیکەیە، کە پێویستە لە سەرەتاوە باسی بکەین، بۆ ئەوەی بزانین ئاخۆ **خۆرخێ مێندێس** لە گواستنەوەی ئەم ئەستێرە ناودارەی تۆپی پێی کۆلۆمبیا بۆ یاریگەی فیسێنتی کالدیرۆن چۆن خزمەتی بە یانەی ئەتلەتیکۆ مەدرید کردووە. لەگەڵ یەکەم بینینی فالکاو وەک یاریزان، ئانخێل خیل بە ڕادەیەکی زۆر سەرسامی تواناکانی دەبێت، بەتایبەت کاتێک ئەو ئیرادە بێئەندازەیەی گۆڵتۆمارکردن لە ئەستێرە کۆلۆمبییەکە دەبینێت، هەر بۆیە لە **مێندێس** دەپرسێت دەربارەی ئەگەری گواستنەوەی ئەم یاریزانە بۆ ئەتلەتیکۆ، لە وەڵامدا **خۆرخێ** دەڵێت: «ئەوە کارێکی ئەستەمە، بەڵام هەموو هەوڵێکی خۆم دەدەم.»

# چیرۆکی کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ

چیرۆکێک، کە ئانخێل خێل بە تامەزرۆییەوە دەگێڕێتەوە، چیرۆکێکە، کە وردەکاریی زۆری لە هەناوی خۆیدا هەڵگرتووە. زۆربەی ئەم بەسەرهاتە ڕووداوگەلی سەیروسەمەرەن، کە پەیوەستە سەردەمی لاوێتیی ئەستێرە نێودارەکەی ڕیاڵ مەدرید ‹کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ›. بەرپرسە کارگێڕییەکەی ئەتلەتیکۆ مەدرید نهێنییەکی نەزانراو دەدرکێنێت، کە ڕەنگە بۆ زۆربەمان نەزانراو و شاراوە بێت دەربارەی کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ (مووشەکهاوێژەکەی دوورگەی مادێرا)، کە ڕۆژانێک کریس زۆر زۆر نزیک بووە پێوەندیی بە ئەتلەتیکۆ مەدریدەوە بکات، بەر لەوەی خۆرخێ مێندێس ببێتە بریکاری، هەر چەند هەنگاوێک لە پێوەندیکردن بە ئەتلەتیکۆ مەدریدەوە دوور بوو.

ئەم بەرپرسە کارگێڕییەی ئەتلەتیکۆ دەڵێت: «خیسوس خێلی باوکم توانی پەیماننامەیەکی هاوبەش لەگەڵ هەردوو یاریزان ڕیکاردۆ کوارێزما و ڕۆناڵدۆ بۆ بەدەستهێنانیان پڕ بکاتەوە، بە مەبەستی پێوەندیکردن بە یانەی ئەتلەتیکۆ مەدریدەوە. کار گەییشت بە قۆناغی واژۆکردنی گرێبەستەکە، بەڵام ئەم کارە هەر لە سەرەتاوە کێشەی تێکەوت، تا گەیشت بە ناکۆکی و شکاتکاریی داوەری نێوان هەردوو یانە. مێژووی ئەم ڕووداوە بۆ چواردە ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە، پێم وایە ئەوکات تەمەنی ڕۆناڵدۆ لەنێوان پانزە بۆ شانزە ساڵان بوو. ئەو پەیماننامە هاوبەشەی نێوان هەردوو لا هەر

گرفتێک تێیدا ڕووی دابا، دەبوو یاریزانەکە بەرپرسیاریێتیی بگرێتە ئەستۆی خۆی، بەڵام لە کۆتاییدا کارەکان بەو شێوە ئەنجام نەدران و نەچوونە پێش، واتە لە دەرەوەی ڕێککەوتن و پرۆتۆکۆڵەکان ئاڕاستەیەکی پێچەوانەی دیوە یاساییەکەی وەرگرت.»

لە لایەکی دیکەوە دەڵێت: «ئێنریکی سیریزۆی، سەرۆکی یانەی ئەتلەتیکۆ مەدرید لە سەرەتای کارکردنی وەک بریکار بە ڕادەیەکی زۆر هاوشێوەی **خۆرخێ مێندێس** بوو. ئەویش خاوەنی یانەی ڤیدیۆیی یارییە ئەلیکترۆنییەکان بوو، ئەوە یەکەم یانەی ڤیدیۆیی بوو لە مەدرید، کە زۆربەی ئەوانەی ڕوویان تێ دەکرد یاریزانانی تۆپی پێ بوون.»

هەروەها دەگێڕێتەوە: «ئەگەر سەرۆکی یانەکان پێویستیان بە کەسێک بێت بە دروستی و سەرکەوتوویی نوێنەرایەتییان بکات، ئەوە **مێندێس** باشترین کەسە بتوانێت بە نایابترین شێوە ئەو کارە بە سەرکەوتوویی ئەنجام بدات. ئەو هاوشێوەی پاڵەوانەکانی فیلمە جووڵاوەکانە، بەهۆی شێوەی مامەڵە و هەڵسوکەوتەکانییەوە، کە شێوەیەکی زیندووی بە کەسایەتیی ئەو بەخشیوە.»

# بەشی دەیەم

## کلیلی گرێبەستەکان، خۆرخێ مێندێس. گواستنەوەی مۆرینیۆ و تاقیکاری، کۆبوونەوەی نهێنی و ماسی و قرش

لە ئەپرەیلی٢٠٠٤ خۆسێ مۆرینیۆ بۆ یانە پۆرتوگالییەکە لە ڕێگەی بەدەستهێنانی دوو ناسناوی یاریی کۆتاییی پاڵەوانێتییە ئەورووپییەکان لەسەر یەک، مژۆڵی دروستکردنی مێژوویەکی گەشاوە بوو، ساڵێک لەوەوبەر ناسناوی جامی یەکێتی ئەورووپای بۆ پۆرتۆ دەستەبەر کرد. ساڵی دواتر بەسەر پشتی یانەی دیپۆرتیڤۆی ئیسپانی خۆی گەیاندە یاریی کۆتاییی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا و ناسناوەکەی بە دەست هێنا، دوای ئەوەی توانی بەسەر یانەی مۆناکۆ سەرکەوتن تۆمار بکات و بۆ دوو وەرز لەسەر یەک بوو بە پاڵەوانی هەردوو پاڵەوانێتییە ئەورووپییەکە جیاوازەکە. چامپیۆنس لیگ و جامی یەکێتیی ئەورووپا،"یۆرۆپا لیگ" دوای ئەم ئەنجامە گرنگانە تا دەهات زیاتر پڕوپاگەندەی گواستنەوەی خۆسێ مۆرینیۆ بۆ یانەی چێلسی باسی لێوە دەکرا. میدیاکان باسی ئەوەیان دەکرد یانەی چێلسی بایەخێکی زۆر بە تواناکانی ڕاهێنەری لاو «خۆسێ مۆرینیۆ»ی ڕاهێنەری پۆرتۆ دەدات و دەیەوێت گرێبەستی لەگەڵ واژۆ بکات.

## کەسی چوارەم، چوار بریکاری یاریزانانی تۆپی پێ

مۆرینیۆ هیچ نوێنەر، یان بریکارێکی دیاریکراوی نەبوو، سێ بریکار لە بەرانبەری دەرکەوتن، کە پێیان دەگوت یانەی چێلسی گرنگی بە تۆ دەدات و دەیانەوێت تۆ پێوەندیی بەو یانە لەندەنییەوە بکەیت، پاشان کەسی چوارەم دیار کەوت، کە دواتر مۆرینیۆ دڵنیا بوو ئەمیان دەتوانێ بە سەرکەوتوویی ببێتە پردی پێوەندیی نێوان خۆی و یانەی بلووزی چێلسی

مۆرینیۆ خۆی سەربووردەی ئەو چیرۆکە دەگێڕێتەوە:

«بریکاری چوارەم **خۆرخێ مێندێس** بوو. بەگشتی یەک شتم بە هەر چوار بریکارەکە گوت، ئەو بریکارەی حەز دەکات نوێنەرایەتیی من بکات، پێویستە یان ئەبرامۆڤیچ بۆ لای من بانگهێشت بکات، یان کۆبوونەوەیەک لەنێوان من و ئەبرامۆڤیجی سەرۆکی یانەی چێلسی ڕێک بخات.»

لەو کاتەدا جگە لە چێلسی دوو یانەی دیکە گرنگییان بە خۆسێ مۆرینیۆ دەدا، بەڵام بیرۆکەی مەشقدانەوە بە یانە لەندەنییەکە، زیاتر کاری لە مۆرینیۆ کرد، بەتایبەت دەیانویست بە هەڵرشتنی بڕەپارەیەکی زۆر جادوو لە مۆرینیۆ بکەن، بەڵام مۆرینیۆ ئارەزووی دەکرد بەڵگەیەکی دروستی دەست بکەوێت ئاخۆ کام لەو چوار بریکارە پاڵێوراوە دەتوانن بە باشترین و سەرکەوتووترین شێوە لە بەرانبەر ئەو گرنگیپێدانەی چێلسی نوێنەرایەتیی بکەن و کامیان لە ئاست بە ئەنجامگەیاندنی ئەم ئەرکەدان، کە دەبێتە پردی گواستنەوەی مۆرینیۆ بۆ خولە ئەورووپییە بەهێزەکان.

هـەر لـە درێـژەی گێڕانـەوەی ئـەو باسـەدا، مۆرینیـۆ دەڵێـت: «چێڵسـی بـۆ مـن جێـی بایەخترین یانـە بـوو، بەهـۆی ئـەو ساتەوەختەی پێیـدا تێپـەڕ دەبـوو، کـە پڕۆژەیەکـی گـەورە سـەرڕێ خرابـوو. ئەبرامۆڤیـچ بـوو بـە خاوەنـی یانەکـە. چەنـد ساڵێک پێشـتر دەمزانـی ئـەو دەیەوێت وەبەرهێنان بکات، منیش دەمویسـت لەگـەڵ خانەوادەکـەم لـە شـاری لەنـدەن بژیـن.»

دوای تێپەڕبوونـی چەنـد ڕۆژێـک بەسـەر ئـەم قسـانەی مۆرینیـۆ بـۆ هـەر چـوار بریکارەکـە، **خۆرخێ مێندێس** پێوەندیی پێوە کرد و پێی گـوت: «ئەبرامۆڤیـچ لـە پۆرتوگالـە و دەیەوێت چاوی بـە تـۆ بکەوێـت.»

هـەر لـەو ڕۆژەدا مۆرینیـۆ مەشـق و ڕاهێنانـی بەیانیانـی بـە یاریزانانـی پۆرتـۆ دەدایـەوە، پـاش کۆتاییهاتنـی یەکـەی مەشـق و ڕاهێنـان، ئۆتۆمۆبیلێـک لـە بـەردەم کەمپـی مەشـقی یانەکـە وەسـتا و لـە چاوەڕوانیـی مۆرینیـۆدا بـوو تـا بیگەیەنێتـە شـوێنی کۆبوونـەوە لەگـەڵ خاوەنـی چێڵسـی و **خۆرخێ مێندێس**.

## کۆبوونەوەی نهێنی

مۆرینیـۆ دەڵێـت: «لـە ئۆتۆمۆبیلەکـە سـەرکەوتم. شـۆفێرەکە بـۆ ناوچەیـەک بردمـی، کـە دەکەوێتـە باکـووری پۆرتوگالـەوە، لەبـەر ئـەوە ئەبرامۆڤیجیـش لـە لەندەنـەوە بـە فڕۆکەیەکـی تایبـەت دەگەیشـتە فڕۆکەخانەیەکـی وڵاتـی ئیسـپانیا، کـە لـە نزیـک شـاری ڤیگۆیـە لـە هەرێمـی لاکەرۆنیـا.»

ئۆتۆمۆبیلەکـە کاتێـک مۆرینیـۆی گەیانـدە ئەپۆلیـا، وەسـتا،

ئـەو شـوێنەی، کـە پێویسـت بـوو مۆرینیـۆ چاوەڕێـی هاتنـی ئەبرامۆڤیـچ بکات. ئەپۆلیا دەکەوێتە باکووری وڵاتی پۆرتوگال، زۆربـەی دانیشـتووانەکەی سـەرقاڵی ڕاوکردنـی ماسـیین. ئـەو ئیشـە هاوشـێوەی ئـەو کارە بـوو، کـە هـەر یەکـە لـە **مێندێس** و مۆرینیـۆ بـە نیاز بـوون ئەنجامـی بدەن؛ ئەویش ڕاوکردنـی دەرفـەت.

لـەو جێگەیـە کۆبوونەوەیەکـی نهێنـی و دوور لـە چـاوی هەمـوو کەسـێک دەسـتی پـێ کـرد، شـوێنی کۆبوونـەوە نهێنییەکـە بـە دیاریکـراوی لـە چێشـتخانەی کامیلـۆ بـوو بـۆ خواردنـە دەریاییـەکان. هەمـوو چێشـتخانەکە بـۆ بەسـتنی ئـەو کۆبوونـەوە تایبەتـە گیرابـوو.

هەروەهـا مۆرینیـۆ بـاس لـە گفتوگـۆی نێـو چێشـتخانەکە دەکات و دەڵێت: «من لـەو کۆبوونەوەیـەدا باسـی ئامانجەکانی خۆمـم بۆیـان کـرد، هـەر ئەوەیش هۆکاری سـەرەکیی ڕۆیشـتنمە لـە پۆرتـۆ. ئەبرامۆڤیـچ بـە تەنیـا نەبـوو، بەڵکـو هـەر یەکـە لـە پیتـەر کینیـۆن و پارێزەرەکـەی یانـەی چێڵسـی و سـەرجەم بەرپرسـانی واژۆکردنـی گرێبەسـتەکان لـەوێ ئامـادە بـوون. هەروەهـا ‹**خۆرخـێ مێندێس**›ـیش. هـەر لـەو کۆبوونەوەیـەدا **خۆرخـێ** بـۆی سـەلماندم، کـە لەگەڵـم درۆ نـاکات و کەسـێکی ڕاسـتگۆیە.»

**لـە چوارچێوەی ئـەو کۆبوونەوەیـەدا مۆرینیۆ بەسـەرهاتێکی سـەیر لەبارەی یەکێک لە سـێ بریکارەکە دەگێڕێتەوە: «لە کاتی کۆبوونەوەکـەدا بـە شـێوەیەکی چاوەڕواننەکـراو مۆبایلەکـەم زەنگـی لـێ دا، کاتێک تەماشـای شاشـەی مۆبایلەکـەم کرد بینیم یەکێک لـەو سـێ بریکارەکـەی دیکەیـە و پێوەندیـم پێـوە دەکات،**

پێی گوتم سڵاو خۆسێ؟ ئەوە ئێستا لەگەڵ ئەبرامۆڤیچم لە شاری پاریس و سەرقاڵی چارەسەرکردنی ئەو بابەتەم، بەڵام پێویستە کەمێک چاوەڕێ بکەیت، چونکە پێویستیم بە کاتی زیاترە تا کارەکە جێبەجێ بکەم.»

«لەو کاتەدا ئەو بریکارە دەیگوت ئێستا لە پاریس لەگەڵ ئەبرامۆڤیچ سەرقاڵی گفتوگۆم، سەرۆکە ڕووسەکەی چێلسی لە بەرانبەرم دانیشتبوو! پێکەوە سەرقاڵی دانووستاندن بووین سەبارەت بە پێوەندیکردنی من بە یانەی چێلسییەوە»

بە شێوەیەکی گشتی مۆرینیۆ نایەڵێت **مێندیس** کاری زۆر بکات، لەبەر ئەوەی ئەو ماوەیەی مۆرینیۆ وەک ڕاهێنەر لەگەڵ هەر یانەیەک بە سەری دەبات، بە شێوەیەکی ڕێژەیی و گونجاو دەمێنێتەوە.

هەر سەبارەت بەم باسە مۆرینیۆ دەڵێت: «ئەوپەڕی لای زۆرییەکەی مانەوەم لە هەر یانەیەک سێ ساڵ زیاتر ناخایەنێت، بەڵام لەو کاتەی بڕیار بێت گرێبەست لەگەڵ هەر یانەیەک واژۆ بکەم، پێویستە **خۆرخێ مێندیس** لەگەڵم بێت و وەک بریکاری سەرەکی سەرپەرشتیی کارەکە بکات، لەپێناو دڵنیابوونەوە لە تەواوی وردەکارییەکانی گرێبەستەکە لە ڕووی یاساییەوە، بەتایبەت سەبارەت بە دانی باج و دانووستاندن.»

## پیسایی

مۆرینیۆ هەموو ئەو تۆمەتە نادروستانەی دەدرێنە پاڵ **خۆرخێ مێندێس**، بە درۆی دەخاتەوە، گوایە دەگوترێت **خۆرخێ** ئەو پارەیەی لە گرێبەستی یاریزانەکان دەستی دەکەوێت، لەگەڵ ڕاهێنەرەکان ڕێک دەکەوێت و پارەکە لەنێوان خۆیاندا دابەش دەکەن، واتە جۆرە ڕێککەوتنێکی ژێربەژێری پێشوەختە لەنێوان ڕاهێنەر و **خۆرخێ** هەبێت بۆ ئەوەی یاریزان بە نرخی گران بۆ ئەو تیپە بهێنێت، کە خۆسێ مۆرینیۆ ڕاهێنەریتی و تا هەردوو لایەن ڕێککەوتنێکی نهێنی لەنێوانیاندا بێت و بە هاوبەشی قازانجێکی ماددی زۆر بکەن، یاخود **مێندێس** لەگەڵ یاریزان، یان ڕاهێنەر پارەی گرێبەستەکە دابەش دەکات.

هەر سەبارەت بەو تۆمەتانەی دەدرێنە پاڵ **خۆرخێ**، مۆرینیۆ دەڵێت: «ئەوە تەنیا شتێکە من ناتوانم قەبووڵی بکەم، ئەگەر بێتوو کەسێک ڕاستەوخۆ تۆمەتی لەو شێوەم ئاڕاستە بکات، بە دڵنیاییەوە لێی خۆش نابم و دەبێ ئەو کارە لە دادگە یەکلایی ببێتەوە. لەم سەرزەمینەدا کەسانی لە چەشنی خۆرخێ ڤاڵدانۆ بڵاو دەبنەوە و دەڵێن من کەسێکی خراپ و پیسم، یان پارچەیەکم لە پیسایی و هیچم پێشکەشی تۆپی پێ نەکردووە، ئەوە شتانێکە هیچ بە لامەوە گرنگ نین، بەڵام تۆمەتی لەو شێوەیە بدرێتە پاڵم گوایە ژێربەژێر لەگەڵ بریکارەکان ڕێککەوتن هەیە بۆ هێنانی یاریزان و بەدەستهێنانی قازانجی ماددی، یان خۆم ڕاستەوخۆ گوێبیستی قسەی لەو شێوەیە بم؛

بە دڵنیاییەوە لە دژی ئەو کەسانە، کە تۆمەتی ناڕاست دەدەنە پاڵم، بێگومان سکاڵای یاساییان لەسەر تۆمار دەکەم و دەبێ دادگە ڕاستیی ئەو جۆرە باسانە یەکلایی بکاتەوە.»

هەر لە درێژەی ئەو باسەدا مۆرینیۆ دەڵێت: «**خۆرخێ مێندیس** کەسێکە لە پشت جێگیریی ئاست و دۆخی یاریزانەکانییەوەیە، ئەو لە چەشنی ئەو جۆرە بریکارانە نییە پارێزگاریی لە یاریزانەکانی بکات کاتێک لە سنوور لا دەدەن و سەرکێشی دەکەن، یان جۆرە بریکاری وا هەیە سەرقاڵی جووڵەپێکردنی یاریزانەکانیانن لەنێوان یانەکاندا لەپێناو پێشکەشکردنی گرێبەست. ئەو هەمیشە ئارەزوو دەکات هەوسانگییەکی باش لەنێوان بەرژەوەندیی یاریزانان و یانەکان بپارێزێت.»

هەروەها خۆسێ دەڵێت: «ڕێگەم بدەن لەبارەی هەندێک بریکاری یاریزانانی تۆپی پێ برێک ڕاستی ڕوون بکەمەوە، هەندێ بریکار دوای ئەوەی گرێبەستەکە جێبەجێ دەکەن و یاریزانەکانیان بە یانەیەک دەفرۆشن و دواتر یاریزانەکان ناتوانن خۆیان لەگەڵ یانەکان بگونجێنن، بە یانەکان دەڵێن ئەگەر دەتانەوێ یاریزانەکان بفرۆشن، ئەوە ئەو یاریزانە گرێبەستی هەیە و دەبێ پێیەوە پابەند بن، یان دەچن دەستەوارەی لاواز و گاڵتەجاڕ بۆ یانەکە دەهێننەوە، بەڵام هەرگیز **مێندیس** وا نییە و بەو شێوەیە مامەڵە ناکات، بەڵکو شێوەکارکردنی **مێندیس** وایە، کە جۆرێک لە پابەندبوونی ئاکاری لەگەڵ یانەکان هەیە. ئەگەر تەماشای نموونەکانی وەک دیماریا و کۆستا و ئەوانی تر بکەن، ڕاستیی جۆری مامەڵەی ‹**مێندیس**›تان بۆ ڕوون دەبێتەوە.»

لـه کەناراوەکانـی مۆناکـۆ ڕۆمـان ئەبرامۆڤیجـی ملیاردێـر خاوەنـی یەختێکی گەورەیـە، کـە بـە دووەم گەورەترین یەخت لـە جیهانـدا دادەنرێت، هەرسـێکیان، ڕۆمـان ئەبرامۆڤیجـی ملیاردێـر و سـەرۆکی چێلسـی، **خۆرخـێ مێندێس** و خۆسـێ مۆرینیـۆ پێکـەوە وەک سـێ سەرنشـینی ئـەو یەختـە زەبەلاحـە سـەرکەوتبوون، بـە مەبەسـتی واژۆکردنـی گرێبەسـت و ڕێککەوتـن سـەبارەت بـە وردەکاریـی گرێبەسـتەکەی مۆرینیـۆ بـەر لـە واژۆکردنـی و ڕازیبوونـی بـە لەئەسـتۆگرتنی ئەرکـی ڕاهێنەریـی یانـەی چێلسـیی شـینپۆش.

سـەبارەت بـەم بەسـەرهاتە مۆرینیـۆ دەگێڕێتـەوە: «لـە چوارچێوەی ئـەو گفتوگۆیەدا **خۆرخـێ مێندێس** پێوەندیی پێوە کرا، بۆ ماوەیـەک چـووە دەرەوە و دوای تێپەڕبوونـی ماوەیـەک بەسـەر ئـەم پێوەندییـە تەلەفۆنییـەدا، **خۆرخـێ** لـە دەرەوەی هۆڵەکـەوە بانگی کردم و بە چرپە چپاندی بە گوێمدا و گوتی ئینتـەر میـلان واز ناهێنـن و بـەردەوام پێوەندیـم پێـوە دەکـەن، ئـەوان ئامـادەن بڕەپارەیەکـی زۆر لەپێنـاو بەدەسـتهێنانی تـۆ بدەن، بـەڵام بـۆ تـۆ وا باشـترە بیـر لـەم دەسـتەوارەی چێڵسـی و خولـی ئینگلیـزی بکەیتـەوە. منیـش خـۆم وەڵامـی داواکـەی ‹**خۆرخـێ**›م دایـەوە و پێـم گـوت دەڵێـی چـی هـەر لێرەوە بـە مەلەوانیکـردن خـۆم بگەیەنمـە لەنـدەن، خـۆ مەوداکەیـش زۆر دوور نییـە. ئایـا وانییـە؟»

مۆرینیۆ بە دەم پێکەنینـەوە لەسـەر گێڕانـەوەی ئەم چیرۆکە بـەردەوام دەبێت: «هـەر بە ڕاستی دەسـتەکانم جووڵاند، وەک ئـەوەی بمـەوێ دەسـت بـە مەلەوانـی بکـەم. لـەو کاتـەدا بـە

‹**خۆرخێ**›م گوت ئەوەی من ئێستا حەزی پێ دەکەم چوونە بۆ ئینگلتەرا و نامەوێ ڕوو لە هیچ کوێ بکەم. حەز بە هیچ شوێنێکی دیکە ناکەم بۆی بچم. من ئێستا زۆر دڵخۆشم، کە دوای ئەم بڕیارەم بتوانم ناسناوە گەورەکان بۆ چێڵسی بە دەست بهێنم، بەڵام بیهێنە بەرچاوت، ئەگەر پێچەوانەکەی ڕوو بدات و ئەنجامەکانم باش نەبێت، خۆم هەڵدەدەمە ناوەڕاستی دەریاوە و دەست بە مەلەوانی دەکەم دواتر بە **خۆرخێ** دەڵێم ئاگاداری قرشەکان بە، ئاگاداری قرشەکان بە **خۆرخێ**.»

مۆرینیۆ پێویستی بەوە نەبوو لە یەختەکەوە خۆی هەڵداتە نێو دەریاوە، لە کۆتاییدا پاش کۆتاییی وێستگەی یەکەمی وەک ڕاهێنەر لەگەڵ یانەی چێڵسی، ڕووی لە یانەی ئینتەر میلانی ئیتالی کرد.

لەو چەند ساڵەی سەردەمی ڕاهێنەرایەتیکردنی ئینتەر میلان، مۆرینیۆ لەگەڵ یانەی نیراتزۆری شانازییەکی گەورە بە دەستکەوتەکانییەوە دەکات و دەڵێت: «بە لای منەوە ئەوێ جێگەیەکە لێوانلێوە لە هەست و سۆز، لە هەموو شوێنێکی دیکە زیاتر هەست و سۆز باڵادەستە، هاندەرانی یانەکە و سەرۆکی خانەوادەی ئینتەر میلان، ئەوە جۆرێک بوو لە دروستکردنی فشارێکی گەورە بۆ بەدیهێنانی سەرکەوتن و بەدەستهێنانی ناسناوەکان. ئەوان لە هەموو سەرکەوتنەکاندا پالپشتێکی گەورەی من بوون ، ئەوە بۆ منی ڕاهێنەر کارێکی بەهێز و دڵخۆشکەر بوو.»

## نهێنیی پشت پەردەی گرێبەست لەگەڵ ڕیاڵ مەدرید

دوای ئینتەر میلان ئینجا وێستگەی کارکردنی سەردەمی ڕیاڵ مەدرید دەست پێ دەکات. سەبارەت بە پێوەندیکردنی مۆرینیۆ بە ڕیاڵ مەدرید بەشێک لە میدیا وەرزشییەکان باسیان لە ڕێککەوتنی نێوان ڕیاڵ مەدرید و خۆسێ مۆرینیۆ دەکرد بە ماوەیەک پێش ئەنجامدانی یاریی کۆتاییی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپای نێوان ئینتەر میلان و بایرن میونشن، کە لە یاریگەی سانتیاگۆ بێرنابیۆ ئەنجام درا. ئایا بڵاوکردنەوەی ئەو پڕوپاگەندانە سەبارەت بە واژۆکردنی گرێبەستی مۆرینیۆ لەگەڵ ڕیاڵ مەدرید بنەمایەکی دروستی هەبوو، لە کاتێکدا ناوبراو هێشتا سەرپەرشتی یانەی ئینتەر میلانی دەکرد و سەرقاڵی ئامادەسازی تیپەکەی بوو بۆ یاریی فیناڵ؟

## ئەو دانووستاندنە چۆناوچۆن بە ڕێوە چووە؟

جارێکی دیکە مۆرینیۆ ڕاستییەکە ئاشکرا دەکات و لەو بارەیەوە دەڵێت: «لەو کاتەدا هیچ ڕێککەوتنێکی فەرمی لەنێوان من و ڕیاڵ مەدرید لە ئارادا نەبوو. بە هیچ کلۆجێک من گرێبەستی ڕیاڵ مەدریدم واژۆ نەکردبوو. ئەوە درۆیەکی شاخدارە، کە باس لە گرێبەستی ژێربەژێری نێوان من و ڕیاڵ مەدرید دەکات پێش کۆتاییهاتنی یاریی فیناڵی چامپیۆنس لیگ، بەڵکو ئەم ڕێککەوتنە بۆ دوای یاریی کۆتاییی خولی یانە

پاڵەوانەکانی ئەورووپا دواخرا.» بەڵام نکۆڵی لەو ڕاستییە حاشاهەڵنەگرە ناکات، پێشتر کۆبوونەوە لەنێوانیاندا هەبووە، ئەوەیش قسەوباسی زۆر هەڵدەگرێت. وردەکارییەکەی پڕە لە ڕووداوی سەمەرە.

مۆرینیۆ لەبارەی سەرەتای چۆنییەتی ڕێککەوتنی لەگەڵ ڕیاڵ مەدرید، دەڵێت: «یەکەم پێوەندیی نێوان من و ڕیاڵ مەدرید دوای ئەوە هات، کە **خۆرخێ مێندێس** ئاگاداریی کردمەوە کاتێک بۆ بەسەربردنی پشووی هەفتانە لە ڤێلاکەم بووم لە پۆرتوگال، ئەوکات پێکەوە چووبووین بۆ ئەو خانووە. خانووەکەم دەکەوێتە نێوان ناوەڕاستی چیا و ماڵەکانەوە، ئەوەیش وا دەکات بۆ ڕۆژنامەنووسەکان ئاسان نەبێت بتوانن پێی بگەن و ئاگاداری نهێنییەکانی من بن، چونکە ئەوە پارچە زەوییەکی بەرینی تایبەتە و هەر خۆم خاوەنیم، بۆیە من لەو ڤێلایە هیچ کات ترسی ئەوەم نییە ڕۆژنامەنووسان دەستیان پێم بگات.»

پیاوە تایبەتە پۆرتوگالییەکە لە ماڵەکەیدا بە هێمنی دانیشتبوو، کاتێک بینی ئۆتۆمۆبیلێک نێردەی ڕیاڵ مەدریدی بۆ ماڵەکەی مۆرینیۆ هێناوە و لە دوای گەیشتنی شاندەکەی مەدرید (**خۆرخێ مێندێس**)یش بە ئۆتۆمۆبیلەکەیەوە گەیشتە ڤێلاکەی خۆسێ مۆرینیۆ.

مۆرینیۆ دەڵێت: «دوای ئەوەی شاندەکەی ڕیاڵ مەدرید گەیشتن، لێم پرسین ئەی کوا خۆرخێ ڤاڵدانۆ؟ یەکێک لە ئەندامانی شاندەکەی ڕیاڵ مەدرید لە وەڵامی پرسیارەکەدا گوتی ئەو لێرە نییە، هیچ پێوەندیی بەم کارەوە نییە و هیچ شتێکیش سەبارەت بەم کارە نازانێت و ئاگادار نییە.

ئەو تەنیا ڕەمزێکە و هیچی دیکە، لە کۆبوونەوەکاندا زیاتر کەسێکی میدیاییە و هیچ ڕۆڵێکی لە چۆنییەتی بڕیارە گرنگ و چارەنووسسازەکانی یانەکە نییە. تۆ چیت دەوێت و داخوازیی چی دەکەیت ئێمە لە پشتت دەبین و پشتیوانیت دەکەین، بۆیە ئێستا تۆ پێویستیت بە هیچ شتێک نابێت تا بیزانیت.»

دوای تێپەڕبوونی چەند کاتژمێرێک بەسەر کۆبوونەوەی نێوان شاندی ڕیاڵ مەدرید، خۆسێ مۆرینیۆ و **خۆرخێ مێندێس**، مۆرینیۆ بۆچوونی خۆی بە نوێنەرانی ڕیاڵ مەدرید ڕاگەیاند، هەڵبەت بە ئامادەبوونی ‹**مێندێس**›یش، مۆرینیۆ پێی گوتن: «من لە سەرەتای وەرزی داهاتوو لەگەڵتان دەستبەکار دەبم. ئامادەم ئەرکی ڕاهێنەرایەتیی یانەی شاهانە لە ئەستۆ بگرم، بەڵام تا ئەنجامدانی یاریی کۆتاییی چامپیۆنس لیگ ئامادە نیم هیچ گرێبەستێک واژۆ بکەم.»

مۆرینیۆ چیرۆکێکی نەزانراو دەگێڕێتەوە، کە پێشتر کەس ئاگاداری ئەم ڕووداوە نەبووە و چیرۆکێکە تا ئێستا ئاشکرا نەکراوە. «لە شەوی یاریی کۆتاییی جامی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپای نێوان ئینتەر میلان و بایرن میونشن بە شێوەیەکی لەناکاو کەسێک لە دەرگەی ژوورەکەمی دا، ئەوکات من لە هۆتێلی پشوودانی یانەی ئینتەر میلان بووم لە شاری مەدرید. ئەو کەسەی لە دەرگە دەدات یەکێکە لە نوێنەرانی یانەی ڕیاڵ مەدرید، من پێشتر ئەو کەسەم نەمبینی بوو، بۆیە نەمناسی. کاتێک هاتە ژوورەکەم و پێی گوتم: «باشتر وایە ئێستا گرێبەستەکە واژۆ بکەیت، چونکە فلۆرێنتینۆ پێرێز دەترسێت دوای کۆتاییهاتنی یاریی فیناڵ لە بەڵێنەکەی پێشووت پەشیمان ببیتەوە.» ئەم قسەیە منی پەست و بێزار

کرد، چونکە ئەوە من نیم پەیمانشکێنی بکەم، بۆیە وەڵامم دایەوە: «دەی بڕۆ دەرەوە، وازم لێ بێنە، من پێشتر ناسناوی چامپیۆنس لیگم بە دەست هێناوە، کە قسەیەکم کرد خاوەنی قسەی خۆم دەبم.»

هەر لە درێژەی گێڕانەوەی سەربووردەی چۆنییەتی گرێبەستکردنی لەگەڵ ڕیاڵ مەدرید، مۆرینیۆ دەڵێت: «دوای کۆتاییهاتنی یاریی فیناڵ و بەدەستهێنانی ناسناوی چامپیۆنس لیگ بۆ یانەی ئینتەر میلان، هەر ئەو شەوە گرێبەستەکەم لەگەڵ ڕیاڵ مەدرید واژۆ کرد، دواتر لەگەڵ خانەوادەکەم بۆ نانخواردنی شەوان چووین و بە فلۆرینتینۆ پێریزم گوت ئەگەر دەتەوێ لەگەڵمان پێکەوە نان بخۆین، ئەوە خۆشحاڵ دەبم، بەڵام پێریز بە ڕێزێکی زۆرەوە داواکەی منی قەبووڵ نەکرد و گوتی: «ببوورە، پێم خۆشە لەگەڵ دۆستان و خۆشەویستانت چێژ لەو کاتە وەربگرن، کە پێکەوەن و نامەوێ ئەو خۆشییەتان لێ تێک بدەم.»

# بەشی یانزەیەم

## کلیلی گرێبەستەکان، خۆرخێ مێندێس

### منداڵی هەڵبژێردراو... (دیماریا، فیشەکە ئەرجەنتینییەکە)

بە لای جێمێس ڕۆدریگێز تۆپی پێ بە تەنیا یارییەک نەبوو، کە تێیدا دەگات بە (قوتابخانەی ئۆلیما)ی تۆپی پێ لە کۆلۆمبیا. ئەو کاتەی پێوەندیی بە قوتابخانە وەرزشییەوە دەکات، تەمەنی تەنیا دوانزە ساڵ بوو، بەڵام لەو تەمەنەدا درکی بە یەک شت دەکرد، کە چەندین جار دووبارە دەیگوتەوە: «خەون بەوەوە دەبینم لە داهاتوودا ببم بە یاریزانێکی پیشەگەر، بەڵام تەنیا خودا دەزانێ لە داهاتوودا چی ڕوو دەدات و ئەوە بە دەستی یەزدانی مەزنە، بەڵام خەونی من ئەوەیە، ئەگەر بووم بە یاریزانێکی پیشەگەر، بۆ یانەی ڕیاڵ مەدرید یاریی بکەم.»

## خەونی کۆلۆمبییەکە

خەونی یاریکرنی جێمس ڕۆدریگێز سەبارەت بەوەی، کە ئاواتی منداڵیی بووە لە ڕیاڵ مەدرید یاریی بکات، ناچێتە چوارچێوەیەکی کلێشەییەوە وەک ئەوەی زۆربەی یاریزانەکان دەیڵێن، کاتێک پێوەندیی بە ڕیزەکانی یانەیەکەوە دەکەن و دەڵێن خەونی منداڵیمان ئەوە بووە لێرە یاریی بکەین و دریسی ئەم یانەیە بپۆشین، چونکە زۆربەی ئەستێرەکان کاتێک پێوەندیی بە یانەیەکی گەورەی خاوەن مێژوو و دەستکەوتەوە دەکەن، باس لەوە دەکەن ئاواتی منداڵییان هاتۆتە دی و خەونیان بەوەوە بینیوە ڕۆژێک دابێ دریسی فلانە یانە بپۆشن. جێمس ڕۆدریگێز سەبارەت بە سەردەمی منداڵیی خۆی دەڵێت: «من هەر لە سەرەتاوە، کە هۆشم کردووەتەوە، بە ئاگایی و هۆشمەندییەوە ئەم قسەیەم دەکرد، کە دەمگوت خەونی گەورەم ئەوەیە ڕۆژێک لە ڕۆژان بە دریسە سپییەکەی یانەی ڕیاڵ مەدریدەوە یاریی بکەم.» یاریزانە کۆلۆمبییەکە ناچار بوو تا ماوەیەک چاوەڕێ بێت بۆ ئەوەی خەونەکەی ببێت بە ڕاستی. کاتێک بۆ ڕیزەکانی یانەی ئێنیگادۆی[١] کۆلۆمبیا بانگهێشت کرا. لەوێشەوە پێوەندیی بە یانەی بانفیڵدی ئەرجەنتینییەوە کرد تا ئەو کاتەی بووە ‹منداڵە هەڵبژێردراوەکە› جێمس ڕۆدریگێز لاوترین

١ یانەی ئێنیگادۆی کۆلۆمبی، مێژووی دامەزراندنی ئەم یانەیە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی١٩٨٩ ئێنیگادۆ لە پێگەیاندنی ئەستێرەکانی تۆپی پێ بە یەکێک لە یانە هەرە کاریگەرەکانی کیشوەری ئەمێرکای باشوور هەژمار دەکرێت. یاریزانەکانی لە چەشنی جێمس ڕۆدریگێز، فریدی گوارین و خوان کوێنیرۆ لە ئەکادیمیای ئەم یانەیەوە پێگەیشتن.

یاریزانی پیشەگەری کۆلۆمبییە لەنێو هاونیشتیمانییەکانیدا، کە لە دەرەوەی خولی ناوخۆیی وڵاتەکەیان یاریی دەکەن. پێش ئەوەی ببێتە جێگەی سەرنج و بایەخی یانەی پۆرتۆ، کە بەرپرسانی ئەو یانە پۆرتوگالییە بەبێ دوودڵی ئامادە بوون بە بڕی پێنج ملیۆن یۆرۆ ئەم یاریزانە کۆلۆمبییە بۆ ڕیزەکانیان بگوازنەوە، هاوکات حەفتا لە سەدی مافی خاوەنداریتیی جێمس ڕۆدریگێزیان بە دەست هێنا. لە ساڵی ٢٠١٠ پێوەندیی بە پۆرتۆی پۆرتوگالییەوە کرد پێش ئەوەی لە ساڵی٢٠١٣ ڕوو لە یانەی مۆناکۆی فەرەنسی بکات، دواتریش پێوەندیی بە یانەی شاهانەی مەدریدەوە کرد.

ڕەنگە ئەمە بۆ هەمووان چیرۆکێکی ئاشکرا و زانراو بێت، کە جێمس بۆ ئەم یانانە یاریی کردووە، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە جێمس ڕۆدریگێز چۆن ‹**خۆرخێ مێندێس**›ی ناسی، چۆن توانی خەونە لەمێژینەکەی بە دی بهێنێت، کاتێک لە منداڵییەوە ئاواتی گەورەی ئەوە بووە لە ڕیاڵ مەدرید یاریی بکات؟ نهێنییە نەزانراوەکانی پشت ئەم ڕووداوانە گرنگترین شتێکن، کە هەمووان دەیانەوێت لەم کاتەدا بە تامەزرۆییەوە بیانزانن.

سەبارەت بە گێڕانەوەی بەسەرهاتی ئەو ڕۆژانەی جێمس تیایدا توانی **خۆرخێ مێندێس** بناسێت، ئەم ئەستێرە بەناوبانگەی کۆلۆمبیا دەڵێت: «سەرەتای ئەم چیرۆکە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی٢٠١١، ئەوکات هێشتا بۆ یانەی پۆرتۆ یاریم دەکرد. دەمزانی **خۆرخێ مێندێس** بریکارێکی گەورەی جیهانییە لە بواری بازاڕی گواستنەوەی یاریزانانی تۆپی پێ. لەو کاتەدا بیرم لەوە دەکردەوە، کە کۆتاییی بە

گرێبەستەکەم لەگەڵ بریکاری پێشووی کارەکانم بهێنم و بیر لە بریکارێکی نوێ و سەرکەوتوو بکەمەوە، کە شایەن بەوە بێت بە شێوەیەکی سەرکەوتوو کارەکانم بۆ ڕابپەڕێنێت.»

لەو کاتەی جێمس ڕۆدریگێز لە یانەی پۆرتۆ یاریی دەکرد، هاوکات هاوڕێ و هاونیشتمانیشی ‹ڕادۆمێل فالکاو گارسیا› لە هەمان یانە یاریی دەکرد، ئەم لێکنزیکییەی نێوان فالکاو لەگەڵ جێمس هۆکار و هاوکار بوو تا جێمس ڕۆدریگێز لە **خۆرخێ مێندێس** نزیک بێتەوە. هەڵبەت بۆ لێکنزیکردنەوەی ئەم دووانە فالکاو ڕۆڵێکی بەرچاوی بینی. یاریزانەکە چیرۆکی نێوان خۆی و **خۆرخێ** دەگێڕێتەوە: «یەکەم پرسیار، کە **خۆرخێ** ئاراستەمی کرد ئەوە بوو، پێی گوتم خەونی تۆ چییە؟ منیش بێ دوودڵی پێم ڕاگەیاند خەونی لەمێژینەی من ئەوەیە لە ڕیاڵ مەدرید یاریی بکەم.»

جێمس درێژە بە گێڕانەوەی ئەم بەسەرهاتە دەدات و دەڵێت: «لە وەلامدا **خۆرخێ مێندێس** پێی گوتم، پێویستە ئارام و لەسەرخۆ بیت. دڵنیا بە ئەوە هەر ڕوو دەدات، بەلام لە کاتێکی گونجاودا.»

کات بە خێرایی تێدەپەڕی، تا گەیشت بەوەی مۆندیالی٢٠١٤ لە بەڕازیل دەستی پێ کرد، کە تێیدا جێمس ڕۆدریگێز ئاستێکی ناوازەی پێشکەش کرد و بوو بە گۆڵکەری مۆندیال بە تۆمارکردنی شەش گۆڵ. لەو کاتەدا ڕیاڵ مەدرید چاویان بڕیبووە تواناکانی ئەم ئەستێرە لاوە، هەرچەند بە ماوەیەک بەر لە دەستپێکردنی مۆندیال بە وردی چاودێری ئاستبەرزیی ئەم ئەستێرەی هەڵبژاردەی کۆلۆمبیایان دەکرد، بە دڵنیاییەوە **خۆرخێ** بەرپرسانی یانەی ڕیاڵ مەدریدی لە ئاستبەرزیی

جێمس ئاگادار کردبووەوە؛ باسی بەهرەی جێمسی بۆ کردوون. ئێستا کاتی بەدیهاتنی خەونەکەی جێمس ڕۆدریگێز و بەجێهێنانی ئەو بەڵێنەیە، کە **خۆرخێ** بە جێمسی دابوو.

دوای پیشاندانی ئەو ئاستە بەرزە لە جامی جیهانی٢٠١٤ی بەڕازیل، جێمس ڕۆدریگێز سەرقاڵی بەسەربردنی پشوو بوو لە وڵاتەکەی، وا گومانی دەکرد **خۆرخێ** داهاتووی وەک خواردنێک لەسەر ئاگرێکی هێواش داناوە لە ئەورووپا، بەڵام لە ڕاستیدا وا نەبوو، **خۆرخێ مێندیس** زۆر بە خێرایی ئەم کارەی ئەنجام دا.

لە کاتی پێکەوەدانیشتنی لەگەڵ ژمارەیەک لە هاوڕێیانی لە چێشتخانەی میدیین لە کۆلۆمبیا، زەنگ بۆ مۆبایلەکەی جێمس ڕۆدریگێز هات، کاتێک تەماشای شاشەی مۆبایلەکەی کرد ناو و ژمارە تەلەفۆنی **مێندیس** دەرکەوت.

جێمس ڕۆدریگێز سەبارەت بەم چرکەساتە و پێوەندییە تەلەفۆنییەکەی **خۆرخێ** باس لە هەستی خۆی دەکات، کە لە چ دۆخێکی تایبەتدا بووە و دەڵێت: «کاتێک چاوەڕێی شتێک دەکەیت و دەبینی ناوی **مێندیس** لەسەر شاشەی مۆبایلەکەت دەردەکەوێت، کەمێک تووشی شپرزەبوون و شڵەژان دەبیت، بەتایبەتیش کاتێک هاوڕێکانت جێ دەهێڵیت و وەڵامی تەلەفۆنەکە دەدەیتەوە، لە سووچێکی تری ئەم جیهانەوە گوێ لە دەنگی **خۆرخێ** دەگریت و پێت دەڵێت بە ڕێ بکەوە و وەرە بۆ ئێرە، چونکە لەگەڵ ڕیاڵ مەدرید کۆتاییمان بە گرێبەستەکە هێنا و گەیشتینە ڕێککەوتن و ئێستا تۆ یاریزانی یانەی ڕیاڵ مەدریدی.»

دەربارەی ئەو چرکەساتەی، کە تێیدا ئەو هەواڵەی لە **خۆرخێ** بیست، جێمس دەڵێت: «یەکەم کارێک، کە ئەنجامم دا ئەوە بوو تەلەفۆنم بۆ هاوژینەکەم کرد و هەواڵی واژۆکردنی گرێبەستم لەگەڵ ڕیاڵ مەدرید پێ گوت، بەڵام لە بەرانبەردا هاوسەرەکەم دنییێلا ئۆسپینا[1] نەیدەتوانی لە هاوارکردن و دەربڕینی خۆشحاڵی ڕاوەستێت.»

هەر لە درێژەی گێڕانەوەی ئەو ساتەوەختەدا جێمس ڕۆدریگێز دەڵێت: «دوای پێوەندییە تەلەفۆنییەکەی **خۆرخێ**، بۆ سەر مێزی دانیشتنەکە گەڕامەوە و نزیکەی بۆ ماوەی پێنج خولەک هیچم بۆ نەدەگوترا، وەک کەسێکی لاڵم لێ هاتبوو، نەمدەتوانی دەم بکەمەوە، لەو کاتەدا چێشتخانەکە زۆر قەرەباڵغ بوو، خەڵکێکی زۆری لێ بوو. بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو لە ناخەوە هاوارم دەکرد و دەمقیژاند، لە خۆشیدا بەرز دەبوومەوە، ئاهەنگم دەگێڕا و ئاگام لەخۆم نەمابوو، بە تەواوی لە خۆشیدا کۆنترۆڵی خۆمم لە دەست

١ دانییێلا ئۆسپینا، هاوژینی جێمس ڕۆدریگێز و خوشکی بچووکی داڤید ئۆسپینای گۆڵپارێزی هەڵبژاردەی کۆلۆمبیا و یانەی ئەرسیناڵی ئینگلیزییە، ڕۆدریگێز لەگەڵ دانییێلای تەمەن بیست ساڵ ژیانی هاوسەرگیری پێک هێنا، لەم هاوسەرگیرییەدا ئۆسپینای برای هیچ ڕۆڵێکی نەبوو لە بەیەکترناساندنی دانییێلا و جێمس، بەڵکو لە ڕێگەی کچە هاوڕێیەکی هەردووکیانەوە چاویان بە یەکدی دەکەوێت. لە یەکەم یەکتربینین عاشقی یەکدی دەبن. پێشتر دانییێلا گوتبووی هەرگیز شوو بە وەرزشکار، یان یاریزانی تۆپی پێ ناکەم، بەڵام قەدەر وابوو بوو بە هاوژینی جێمس ڕۆدریگێز و خاوەنی منداڵێکی تەمەن یەک ساڵن بە ناوی سالۆمی. دانییێلا ئۆسپینا یاریزانی یاریی تۆپی باڵەیە و لە ڕیزی یانەی ئەنتۆکیای کۆلۆمبی یاریی دەکات.

دابوو. کاتێک خۆم بینییەوە بەرز دەبمەوە و هاوار دەکەم و ئاهەنگی خۆشی دەگێڕم، لەو کاتەدا خۆشیی بیستنی ئەو هەواڵە بە جۆرێک مەستی کردبووم گوێم بە هەڵسوکەوت و چواردەورەکەم نەدەدا.»

ئەو پێوەندییە تەلەفۆنییەی **خۆرخێ مێندێس**، کە بە جێمس ڕۆدریگێزی گوتبوو وەرە بۆ واژۆکردنی گرێبەستەکەت، کاتژمێر پێنجی ئێوارە بوو، دواتر جێمس لە کاتژمێر دەی شەو لە ڕێگەی فڕۆکەوە بۆ شاری مەدرید گەشتی کرد. ئەو کاتەی گەیشتە مەدرید، منداڵێک وێنەیەکی گرتبوو. ئیدی لەو کاتەوە لە دەزگەکانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەکانەوە هەواڵی گەیشتنی ڕۆدریگێز بۆ پایتەختی ئیسپانیا بڵاو کرایەوە، بەڵام دواتر خۆی لە چاوی کامێراکان پاراست بۆ ئەوەی کەس نەیبینێت.

لەو ماوەیەدا سەبارەت بە جێمس هەواڵی زۆر و قسەوقسەڵۆکی زۆر بڵاو دەبوونەوە و دەگوترا، جێمس لە مەدرید خۆی حەشارداوە، نا، بەڵکو بە فڕۆکە بۆ شاری نیس ڕۆیشتووە، بۆ ئەوەی بۆ مۆناکۆ بگەڕێتەوە، بەڵام جێمس ڕۆدریگێز تەنیا کەسە، کە دەتوانێ شوێنی ڕاستەقینەی خۆی ئاشکرا بکات و هەر خۆیشی دەتوانێ ڕاستیی ڕووداوەکان وەک خۆی بگێڕێتەوە ئاخۆ لەو کاتەدا بە دروستی لە کوێ بووە؟

یاریزانەکەی کۆلۆمبیا دەڵێت: «بەرانبەر ئەو هەموو قسەی دەکران و ئەو هەموو بابەتەی دەنووسران، تووشی سەرسوڕمان بووم، بەڵام لە ڕاستیدا من لە کۆلۆمبیاوە بە فڕۆکە گەشتم بۆ شاری مەدرید کرد، دواتر بە فڕۆکەیەکی دیکە بەرەو پۆرتۆ گەشتم کرد و چووم بۆماڵەکەی **خۆرخێ مێندێس**، بۆ ئەوەی لەو هەموو فشارە زۆرە خۆم بە دوور بگرم، دوای تەواوبوونی

هەر لە درێژەی گێڕانەوەی ئەم چیرۆکەدا، جێمس دەڵێت: «من و ڕۆناڵدۆ یەک بریکاری هاوبەشمان هەبوو، ئەمەیش شتێکی نایاب بوو، چونکە ڕۆناڵدۆ کەسێکی گەورەیە و مرۆڤێکی ناوازەیە، من زۆر سەرسامم بە تواناکانی ئەم ئەستێرە مەزنە. ئەو شایستەی زۆر لەوە زیاترە، بەهۆی ئەوەی، کە لە چەند ساڵی ڕابوردوودا شتگەلێکی زۆری بە ڕیاڵ مەدرید و تۆپی پێ بەخشیوە و ڕۆڵێکی گەورەی لە یارمەتیدانی ڕیاڵ مەدرید هەبووە، بەتایبەت لەم چەند ساڵەی دواییدا لە بەدەستهێنانی ناسناوە ناوخۆیی و ئەوروپییەکان و تەنانەت دەستکەوتە تاکەکەسییەکان دریغی نەکردووە.»

## فیشەکە ئەرجەنتینییەکە

سەبارەت بە ئانخیل دیماریای ئەرجەنتینی و سەرەتای یەکترناسینی دیماریا لەگەڵ **خۆرخێ مێندێس** بە بەراورد بە یەکترناسینی **خۆرخێ مێندێس** و ڕۆدریگێز بە هەمان شێوەی دوا نەکەوت. سەرەتای دروستبوونی ئاشنایەتیی نێوان نێوانیان بۆ ساڵی٢٠٠٧ دەگەڕێتەوە، کاتێک ئەستێرە تیژڕەوە ئەرجەنتینییەکە پێوەندیی بە ڕیزەکانی یانەی بەنفیکای پۆرتوگالییەوە دەکات.

دیماریا لە سەر زاری خۆیەوە چیرۆکی یەکترناسینی خۆی لەگەڵ **خۆرخێ مێندێس** دەگێڕێتەوە: «پێش ناسینی **خۆرخێ**، هەموو شتێکم سەبارەت بە تۆپی پێ دەزانی،

کاتێک لە تەمەنی منداڵییەوە لە یانەی ڕۆزاریۆ سێنتراڵ یاریم دەکرد، کە بۆ هەموو ئاستە جیاجیاکانی ئەو یانەیە درێژەم بە یاریکردن دا، هەروەها خانەوادەکەم زۆر بە پەرۆشبوون بۆ هاندان و پاڵپشتیکردنم، بەڵام دوای مۆندیالی کەنەدا بۆ خوار تەمەن بیست ساڵ هەموو شتێک گۆڕا.»

لەو پاڵەوانێتییە ئەنتۆنیۆ ئەلبەرتۆ ئامادە بوو، کە یەکێکە لە کارمەندانی کۆمپانیای (جیستی فوتی)، کە **خۆرخێ مێندێس** خاوەنییەتی، هەروەها ناوبراو بۆ هەڵسەنگاندنی یاریزانە بەهرەمەندەکانی مۆندیالی خوار تەمەن بیست ساڵان هاتبوو، تاوەکو هەوڵ بدات یاریزانە لاوە بەهرەمەندەکان ڕازی بکات لەگەڵیان کار بکات. لە هەوڵەکانیدا ئەنتۆنیۆ ئەلبەرتۆ سەرکەوتوو بوو لە بەدەستهێنانی دیماریا، کە لەو پاڵەوانێتییەدا توانی سێ گۆڵ بۆ هەڵبژاردەی ئەرجەنتین تۆمار بکات، هەڵبژاردەی تانگۆ توانی ناسناوەکە بە دەست بهێنێت و دیماریا توانی ئاستێکی سەراسیمەکەر پێشکەش بکات.

دیماریا سەبارەت بە یەکەم دیداری لەگەڵ **خۆرخێ مێندێس** و چۆنییەتی ناسینی بریکارە تایبەتەکە، دەڵێت: «یەکەم جارم بوو **خۆرخێ مێندێس** ببینم، هەر ئەو کاتە بینیم، کە بۆ شاری لیشبۆنە بە مەبەستی پێوەندییکردن بە یانەی بەنفیکاوە گەشتم کرد، **خۆرخێ** هەر ئەو کاتە توانیبووی کۆتایی بە ڕێککەوتنی گرێبەستەکە بهێنێت لەگەڵ سەرۆکی یانەی بەنفیکا (لویس فلیپی فێرێرا) لە بەرانبەر شەش ملیۆن یۆرۆ.»

هەر لە درێژەی یەکترناسینی نێوانیان، دیماریا دەڵێت: «لەو ماوەیەدا هیچم لەبارەی (**خۆرخێ مێندێس**)ـەوە نەبیستبوو، پێشینەیەکم نەبوو بۆ گوێگرتن، چونکە من زۆر منداڵ بووم، تەمەنم نزیکەی شانزە بۆ حەڤدە ساڵان بوو، ئەوەیش بۆ من مەحاڵ بوو بیناسم، من لە ئەرجەنتین دەژیام و وەک پێویست ئاگاداری ڕووداوەکانی تۆپی پێ و بازاڕی گواستنەوەی خولە ئەورووپییەکان نەبووم.»

دیماریا تەنیا پێویستی بە دوو ساڵ هەبوو تا بە ئاستە بەرزەکەی بۆ هەمووانی بسەلمێنێت شایستەی ئەوەیە وەک یاریزانی سەرەکیی لە پێکهاتەی یانەی بەنفیکا جێگەی ببێتەوە. ئەو ئاستەی دیماریا وای لە مۆرینیۆ کرد بایەخ بە تواناکانی ئەم ئەستێرە ئەرجەنتینییە بدات، لەو کاتەدا خۆرسێ مۆرینیۆ ڕاهێنەری یانەی ڕیاڵ مەدرید بوو.

سەبارەت بە گرنگیپێدانی لە لایەن ڕاهێنەری ڕیاڵ مەدرید، دیماریا دەڵێت: «**خۆرخێ مێندێس** یەکەم کەس بوو پێی گوتم، کە مۆرینیۆ گرنگی بە تواناکانت دەدات، دەتوانی پێوەندیی بە ڕیاڵ مەدریدەوە بکەیت، بەڵام دەمەوێت یەک شتت پێ بڵێم، مۆرینیۆ فشارێکی زۆر دەکات لەپێناو ئەوەی تۆ لەوێ یاریی بکەیت، بۆیە دەبێ هەرچیی لە تواناتدایە پێشکەشی بکەیت، دەبێت هەموو هەوڵێک بدەیت تا مۆرینیۆ تووشی ڕووگیری و شەرمەزاری لای بەرپرسانی یانەی مێرەنگی نەبێت.»

لە درێژەی تەواوکردنی ئەم بەسەرهاتەدا، دیماریا دەڵێت:

«دوو کەس لە ژیانی مندا بایەخێکی گەورەیان لە وێستگەی ژیانی وەرزشیم هەیە، یەکێکیان خۆرخێ خیسۆس[1]، ڕاهێنەری بەنفیکایە، کە بە ڕادەیەکی بەرچاو متمانەی بۆ دروست دەکردم، وای لێ دەکردم زیاد لە ئەندازە بڕوام بە تواناکانی خۆم هەبێت، هەر بۆیە توانیم خەڵاتی باشترین یاریزانی خولی پۆرتوگالی بە دەست بهێنم. ئەوی تریان، کە کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر کەسێتیی من هەبووە، خۆسێ مۆرینیۆی پۆرتوگالییە، ئەو تەنیا کەس بوو، کە بەرپرسیارێتیی گواستنەوەی منی بۆ ڕیاڵ مەدرید لە ئەستۆ گرت و بڕوای بە تواناکانم هەبوو.»

دیماریا پێی خۆش نییە زۆر قسە لەسەر هۆکارەکانی پشت ڕۆیشتنی لە ڕیاڵ مەدرید بۆ مانچێستەر یونایتد بکات، چونکە تا ئەندازەیەکی زۆر هۆکارەکەی زانراوە و بۆ زۆربەی تەماشاکەرانی تۆپی پێ ئاشکرایە، کە لەگەڵ گەیشتنی گاریس بەیل بۆ ڕیزەکانی یانەی ڕیاڵ مەدرید،

---

١ خۆرخێ خیسۆس لەدایکبووی ٢٤ی یۆلیۆی ١٩٥٤ی شاری ئەمادۆرای پۆرتۆگالە. خۆرخێ خیسۆس، یاریزان و ڕاهێنەری پێشووی یانەی بەنفیکایە. لە سەرەتای دەستپێکردنی بە یاریی تۆپی پێ بۆ ساڵی١٩٦٩ دەگەڕێتەوە، کاتێک یاریزانی هێڵی ناوەندی یانەی سپۆرتینگ لیشبۆنە بوو، لە ساڵی١٩٨٩ بە یەکجاری کۆتایی بە وێستگەی یاریکردنی هێنا وەک یاریزان، دوای ساڵێک، واتە١٩٩٠ وێستگەی کاری ڕاهێنەری خۆرخێ دەست پێ دەکات، لە ساڵی١٩٧٣ تا ١٩٧٦ لە یانەی سپۆرتینگ لیشبۆنە یاریی کردووە. لە ساڵی١٩٧٩ تا ١٩٨٠ لە ڕیزەکانی یانەی یۆدی لیریا بووە و تەنیا لە دوانزە یاریی بەشداریی کردووە. ساڵی١٩٨٧ تا ١٩٨٨ بۆ یانەی ئەتلەتیکۆ کڵوب دی پۆرتوگال بیستودوو یاریی کردووە. ڕاهێنەری ژمارەیەکی زۆر لە یانەکانی پۆرتۆگال بووە، دیارترینیان ئیستیریا ئەمادۆرا، ڤیتۆریا سیتوباڵ، ڤیتۆریا گویمارییش، سپۆرتینگ براگا، بەنفیکا و سپۆرتینگ لیشبۆنە.

جێبوونەوەی دیماریا وەک یاریزانی سەرەکی بوو بە کارێکی سەخت و دژوار، بەڵام **خۆرخێ مێندێس** توانی بە باشترین شێوە کۆتاییی بەو کارە بهێنێت، کە بە لای هەمووانەوە پەسەند بوو، ئەویش گرێبەستێکی ڕیکۆردشکێن بوو بۆ یانەی ڕیاڵ مەدرید، کە دیماریا گرانبەهاترین یاریزانە لە مێژووی ئەم یانەیە، کە فرۆشتوونی، هەروەها بۆ مانچێستەر یونایتدیش بوو بە گرانبەهاترین گرێبەست لە مێژووی ئەم یانەیە، چونکە تێچووی گرێبەستەکەی ئانخێل دیماریا بڕی هەشتاوچوار ملیۆن یۆرۆ بووە، کە ئەمەیش گرانبەهاترین گرێبەستی مانچێستەر یونایتدە، کە تا ئێستا ئەو نرخەی لەپێناو هیچ یاریزانێکی پێشەگەر نەداوە.

ئەنخێل دیماریا سەبارەت بە گرنگیپێدانی زۆربەی یانە گەورەکانی ئەورووپا و پێگەیشتنی چەندین دەستەوارەی جیاجیا، دەڵێت: «لە ماوەی پێش پێوەندیکردنم بە یانەی مانچێستەر یونایتد، چەندین دەستەوارەم لە لایەن یانە گەورەکانی ئەورووپاوە پێ گەیشت، پاریس سانجێرمان یەکێک بوو لەو یانانەی، کە لە کێبڕکێیەکی بەهێزدا بوو لەپێناو بەدەستهێنانی تواناکانی من، هەروەها هەردوو یانەی مانچێستەر یونایتد و یانەی مۆناکۆی فەڕەنسی، بە جیاجیا بۆندیان پێشکەش دەکردم، هەڵبەت ئەمەیش بۆ لێهاتوویی و چاکەی **مێندێس** دەگەڕێتەوە.»[1]

---

١ نووسەر کاتێک ئەم پەرتووکەی بڵاو کردووەتەوە، هێشتا دیماریا لە ڕیزەکانی یانەی مانچێستەر یونایتد یاریی دەکرد، واتە پێش ئەوەی گرێبەست لەگەڵ پاریس سانجێرمان واژۆ بکات ئەم پەرتووکە بڵاو کراوەتەوە.

# بەشی دوانزەیەم

# کلیلی گرێبەستەکان خۆرخێ مێندێس

## چیرۆکی گواستنەوەی پیپی و مانەوە بە بەهێزی

دەگوترێت وانەکانی ڕابوردوو لە بیر ناچنەوە، ئەوە یەکەم وانە بوو، کە ‹کلیبەر لاڤیران فێرێرا فیران، Képler Lav-eran Lima Ferreira›، یان ئەو کەسەی لە جیهانی تۆپی پێ بە پیپی ناوبانگی پەیدا کردووە. ئەویش وانەی (مانەوە بە بەهێزی) ئەوە یاسای تۆپی پێیە لە یاریگە، کە پێویستە هەمیشە بە بەهێزی بمێنیتەوە. پیپی هەر لە تەمەنی منداڵییەوە لە گەڕەکی بینیدیتۆ بێنێتیز لە شاری ‹ماسیۆ–‹Maceióی بەڕازیل دەستی بە یاریی تۆپی پێ کرد.

هەموو ئێوارەیەک بۆ لای هاوڕێکانی دەچوو و یاریی لەگەڵ دەکردن، بەڵام هاوڕێکانی بە تەمەن لە خۆی گەورەتر بوون، چونکە ئەو کاتە تەمەنی پیپی هێشتا دە ساڵان بوو، کە یاریی تۆپی پێی دەکرد، لە هەندێ کات لەگەڵ خەڵکانێک یاریی دەکرد، کە تەمەنیان دوو هێندەی خۆی بوون.

یاریکردن لەناو لم، لێدانی بەهێز و بەرکەوتن قوتابخانەی

ئەو بوون لە تۆپی پێدا، بەو پێیەی بەڕازیلییش بوو خولیای تۆپی پێ لە دەمارەکانی لەشیدا جوولەی دەکرد.

پیپی لە خانەوادەیەکی هەژار لە دایک بوو، بەلام لە سەردەمی منداڵیدا هەرگیز کەسێکی غەمگین نەبوو، تەنانەت هەر لە منداڵیدا ناچار بوو بیر لە کار بکاتەوە بە مەبەستی هاوکاریکردنی خانەوادەکەی، بۆیە دەستی دایە فرۆشتنی ماسیی حەوز، باڵندە و مریشک، لەپێناو پەیداکردنی بژێوی بۆ هاوکاریکردنی خانەوادەکەی، بەتایبەت، کە بۆ یەکەمجار توانی دریێسی یانەی ڕیاڵ مەدرید بە دەست بهێنێت، بۆ ئەو کاتە دەگەڕێتەوە، کە سەرقاڵی ئەم ئیشە بوو، هەر لەم ڕێگەیەشەوە بوو بە خاوەنی دریێسی ڕیاڵ مەدرید.

هەموو کەسێک خەونی هەیە، بەلام دواجار ئەو کەسە خەونەکەی بە دی دەهێنێت، کە هەوڵی بۆ دەدات و لە پێناویدا تێدەکۆشێت، بۆیە پیپی بڕیاری دا زەریای ئەتڵەسی ببڕێت و خۆی بگەیەنێتە وڵاتی پۆرتوگال، تا لە دوورگەی مادێرا بگیرسێتەوە.

لە ساڵی ٢٠٠١ بۆ تیپی دووەمی ‹سپۆرت مارتیمۆ Club Sport Marítimo› یاریی دەکرد، لە یەکەم وەرزی یاریکردنی لەگەڵ یانەی مارتیمۆ لە کۆی ئەنجامدانی ده یاری، توانی گۆڵێک تۆمار بکات.

## پێوەندیی یەکەم و بەڵێن

بە خێرایی ئەم بەرگریکارە لەشولار تۆکمە و پتەوە بوو بە جێی سەرنج و بایەخی سێرجیۆ ئالڤێسی یاریدەدەری **خۆرخێ مێندێس**، تا کار گەیشت بەوەی هەوڵی بەستنی پێوەندیی لەگەڵ پیپی بدات، وەک پیپی خۆی ئەو چیرۆکە باس دەکات:

«بەڕێز سێرجیۆ ئالڤێسی پێی گوتم دەمانەوێت نوێنەرایەتیی تۆ بکەین وەک بریکاری کارەکانت، بەڵام من داواکەیم ڕەت کردەوە، لەبەر ئەوەی حەزم بە دونیای بریکارەکان نەدەکرد و نەمدەویست بریکارم هەبێت.»

هەر لە درێژەی گێڕانەوەی ئەم باسەدا، پیپی دەڵێت:

«من دەمویست تەنیا باوکم سەرپەرشتی کارەکانم بکات و تەنیا هەر ئەویش وەک بریکار و جێبەجێکاری ئیشەکانم بۆ بە ئەنجام بگەیەنێت و ئەو دیوەی بەرپرسیارێتیم بە باوکم سپاردبوو، چونکە جگە لە باوکم متمانەم بە کەسی دیکە نەبوو، بەڵام **خۆرخێ** پێوەندیی پێوە کردم، تکای لێ کردم و گوتی نامەوێت هیچ گرێبەستێک واژۆ بکەیت، نامەوێ لەگەڵ هیچ یانەیەک ڕێککەوتن واژۆ بکەین و بۆ هیچ تیپێک بچیت. ئەو تەنیا یەک وشەی لە من دەویست، ئەویش ئەوە بوو لێ گەڕێم و کات و دەرفەتی پێ ببەخشم تا یانەیەکی شیاوم بۆ دەدۆزێتەوە، ئەوە داخوازییەکەی **مێندێس** بوو لە من و ئەوە سەرەتای پێوەندیی نێوانمان بوو.»

هەر لە درێژەی گێڕانەوەی ئەم چیرۆکەدا، پیپی دەڵێت:

«لە سەرەتادا لە لایەن یانەی سپۆرتینگ لیشبۆنەوە

دەستەوارەیەکم خرایە بەردەم، لەوێ کریستیانۆ ڕۆناڵدۆم ناسی، بەڵام هەردوو یانە نەگەیشتن بە ڕێککەوتن، بۆیە بە ناچاری بۆ یانەی مارتیمۆ گەڕامەوە، ئیدی لەو کاتەوە **خۆرخێ مێندێس** دەستی بە گرنگیپێدانم کرد، ئەوە هەنگاوێکی گەورە بوو لە ژیانی وەرزشیم. **خۆرخێ** کەسێکی بلیمەتە، چونکە ئەوکات پێی گوتم پێویستە بۆ ماوەی سێ ساڵ لە یانەیەکی بچووک یاریی بکەیت، پاشان بۆ ماوەی سێ ساڵیش بۆ یەکێک لە یانە گەورەکانی پۆرتووگاڵ یاریی بکەیت، ئینجا بۆ یەکێک لە یانە گەورە و زەبەلاحەکانی ئەورووپا دەتگوازمەوە.»

## به تێپەڕبوونی کات
## ئەو بەڵێنەی خۆرخێ بە پیپی دابوو، بوو بە ڕاستی

پیپی لەگەڵ یانەی پۆرتۆ گرێبەستی واژۆ کرد، پینتۆ داکۆستای هاوڕێی نزیکی **خۆرخێ مێندێس** سەری سوورِما، بە چەشنێک، بە ئاستی پیپی یەکجار سەرسام بوو. بایەخپێدانی ڕیاڵ مەدرید بە ئاست و توانا گەشاوەکەی پیپی دەستی پێ کرد، بۆ ئەوەی ئەم بەرگریکارە ببەنە ڕیزەکانیانەوە. سەبارەت بە چرکەساتەکانی سەرەتای دەسپێکی هەنگاوەکانی کارکردن بۆ پێوەندیکردنی بە یانەی ڕیاڵ مەدرید و ڕۆڵ و کارایی **خۆرخێ** لەو پێناوەدا، پیپی دەڵێت: «**خۆرخێ مێندێس** لەپێناو من ڕووبەڕووی شتگەلی پڕ لە زەحمەتی بووەوە. دانووستاندن لەگەڵ ڕیاڵ مەدرید

سەختترین کار بوو، کە لەپێناو من دەیویست ئەنجامی بدات، تا خەونە لەمێژینەکەی من بێتە دی. ئەمە ئامانجی گەورە و هاوبەشی هەردووکمان بوو. منێک، خەون بە پۆشینی درێسە سپییەکەی ڕیاڵ مەدریدەوە دەبینم و (**خۆرخێ**)یش دەیەوێت داهاتوویەکی پرشنگدار بۆ من بنیات بنێت.»

## بەرەو ڕیاڵ مەدرید و جەڵدەی دڵ

لە مانگی هەشتی ساڵی٢٠٠٧ پیپی لەگەڵ یانەی پۆرتۆ بۆ وڵاتی هۆڵەندا ڕۆیشت بە مەبەستی ماوەی ئامادەکاری بۆ دەستپێکی وەرزێکی نوێی خول و پاڵەوانێتییەکان، کە ئەوکات بابەتی دانووستاندن و ڕێککەوتنی بۆ **خۆرخێ مێندێس** جێ هێشتبوو، چونکە هیچ خەمێکی نەبوو؛ چارەنووسی لە دەستێکی ئەمیندا بوو.

لەو ماوەیەدا دەستەی کارگێڕیی یانەی ڕیاڵ مەدرید لەژێر فەرمانی کارلۆس بۆسێرۆ و بیدیاج میاتۆڤیج بوو، بەڵام بابەتی داواکردنی سێ ملیۆن یۆرۆ لە لایەن بەرپرسانی پۆرتۆ لە بەرانبەر دەستبەرداربوون لە تواناکانی پیپی گرفتێکی گەورەی بۆ دروست کردبوون، کۆسپ تەگەرەی زۆری خستە بەردەم ئەوەی، کە ئەم گرێبەستە بە خێرایی لە بەرژەوەندیی ڕیاڵ مەدرید یەکلایی ببێتەوە، چونکە ئەو نرخەی بەرپرسانی پۆرتۆ لە بەرانبەر دەستبەرداربوونی پیپی دایاننابوو، بەلای بەرپرسانی ڕیاڵ یەکجار زۆر بوو.

ڕیاڵ مەدرید لەپێناو داشکاندنی ئەو نرخە بەبێ ئەوەی سەرکەوتوو بێت هەوڵێکی زۆری دا، ئەنجام ناچار بوون بەو نرخە ڕازی بن، کە بەرپرسانی پۆرتۆ لەسەر ڕۆیشتنی پیپی کردبوویانە مەرج، بەڵام بەرپرسانی یانەی مێرەنگی داوایان کرد بەپێی پلانێک و بە چەند جارێک ئەو بڕەپارەیە بە پۆرتۆ بدرێت، هاوکات پێشنیاریان بۆ بەرپرسانی پۆرۆ کرد، بە شەش قیست ئەو سی ملیۆنە بە پۆرتۆی دەدەن، هەر قیستە و پێنج ملیۆن یۆرۆ، بەڵام پینتۆ داکۆستای سەرۆکی یانەی پۆرتۆ سوور بوو لەسەر ئەوەی بە یەک جار سەرجەم پارەی گرێبەستەکە وەربگرێت. پێوەندیی تەلەفۆنی نێوان بەرپرسانی هەردوو یانە تا کاتژمێرەکانی درەنگانی شەو درێژەی دەکێشا، بەبێ ئەوەی بە هیچ ڕێککەوتنێک بگەن و هەوڵەکانی هەردوو لا ئەنجامێکی لێ نەهاتە بەرهەم.

لە ماوەیەدا **مێندێس** بە هاوڕێیەتیی بەرگریکارێکی دیکە و لە ڕێگەی فڕۆکەوە گەشتی بۆ شاری تۆرینۆی ئیتاڵیا کرد، بە مەبەستی واژۆکردنی گرێبەستی جۆرج ئەندرادەی یاریزانی دڵی بەرگریی یانەی پۆرتۆی پۆرتوگالی لەگەڵ یانەی یۆڤێنتۆس. سەبارەت بە ڕووداوێک، کە پێوەندیی بە پیپی هەیە، جۆرج ئەندرادە دەگێڕێتەوە: «من لە لووتکەی دڵخۆشیدا بووم، چونکە ڕوو لە یانەی یۆڤێنتۆس دەکەم، بەڵام ویستم سەبارەت بە چارەنووسی پیپی بۆ ڕیاڵ مەدرید لە **خۆرخێ مێندێس** بپرسم، چونکە من هیچم لەبارەی وردەکاریی ڕووداوەکانی دانووستاندنی نێوان پیپی و ڕیاڵ مەدرید نەدەزانی. هەر لەگەڵ نیشتنەوەی ئەو فڕۆکەی ئێمە سەرنشینی بووین، **خۆرخێ** دوو تەلەفۆنی کرد، گوێم

لێ بوو لە تەلەفۆنەکەدا گوتی هەموو شتێک تەواو بوو، ئێستا بە شێوەی فەرمی گرێبەستەکە یەکلایی بووەتەوە و پێوەندیی بە ڕیاڵ مەدریدەوە دەکەیت. ئیدی تێگەیشتم پیپی لەگەڵ ڕیاڵ مەدرید گەیشتووتە ڕێککەوتن.»

لە لایەکی دیکەوە پیپی چەند زانیارییەک بۆ ئەم چیرۆکە زیاد دەکات: «بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو تەلەفۆنەکەم زەنگی لێ دا، تەماشام کرد **مێندیس** بوو، لەو پێوەندییە تەلەفۆنییەدا **خۆرخێ** پێی گوتم زۆر ئەستەمە بتوانی پێوەندیی بە ڕیاڵ مەدریدەوە بکەیت، چونکە تا دێت ئیشەکان سەختتر دەبن و ئەم کارە شکست دەهێنێت. لە وەڵامدا گوتم: تکایە! تکایە **خۆرخێ** ئەو گوزارشتە بە کار مەهێنە! تکایە ئەو قسەیە مەکە!، دواتر مۆبایلەکەم بەسەریدا داخستەوە، چونکە نەمدەتوانی بەرگەی بیستنی هەواڵی لەو چەشنە بگرم.»

دیسانەوە پاش تێپەڕبوونی چەند خولەکێک بەسەر پێوەندییە تەلەفۆنییەکەی پێشووی نێوان یاریزان و بریکارە پۆرتوگالییەکە، دیسان **خۆرخێ مێندیس** زەنگ بۆ پیپی لێ دەداتەوە، لەو بارەیەوە پیپی دەگێڕێتەوە: «پاش تێپەڕبوونی چەند خولەکێک بەسەر پێوەندیی تەلەفۆنی یەکەم لە نێوانماندا، هەمدیس **خۆرخێ** تەلەفۆنی بۆ کردمەوە، کە پێش ئەوەی هیچ بڵێت لە قاقای پێکەنینی دای و گوتی پیپی، گاڵتەت لەگەڵ دەکەم، هەموو شتێک یەکلایی بووەتەوە. ئێستا دەتوانی ئەم مژدەیە بە خانەوادەکەت بدەی، کە تۆ لەگەڵ یانەی ڕیاڵ مەدرید گرێبەستت واژۆ کردووە. منیش لە وەڵامدا بە خۆرخێم گوت دەک بە نەفرەت بیت، خەریک بوو جەڵدەی دڵ لێم بدات. تۆ منت زۆر ترساند، چونکە کاتێک

ئەو هەواڵەم بیست، کاریگەرییەکی نەرێنی لەسەر بارودۆخم دروست کرد.»

پیپی وای هەست دەکرد خۆرخێ توانیویەتی خەونەکەی بە دی بهێنێت و بیکات بە ڕاستی، بەڵام هێشتا دەبێ ڕووبەڕووی کۆمەڵێک ئاریشە و گرفت ببنەوە، کە کۆمەڵێک چیرۆکی پێکەنیناوی و خەمبار لە خۆ دەگرێت. هەڵبەت لە هەردوو دۆخەکەدا مێندێس و پیپی پێدا تێپەڕ بوون، هەروەک چۆن مێندێس لە خۆشی و ناخۆشییەکاندا یاریزانەکانی بە تەنیا جێ ناهێڵێت.

## نەفرەت و نەفرەتلێکراو و سی ملیۆن یۆرۆ

یەکەم ئاریشە، کە گەردنی پیپی گرت ئەوە بوو، کە هەمووان ڕەخنەی توندیان لەو گرێبەستە دەگرت، کە چۆن دەبێ یانەی مێرەنگی سی ملیۆن یۆرۆ لە خەزێنەکەی لەپێناو هێنانی یاریزانێکی دڵی بەرگری بە خەرج بدات، کە ئەوە بەرزترین بڕەپارەیە یانەی شاهانە لە بەرانبەر بەدەستهێنانی یاریزانێکی دڵی بەرگری بیدات، بەڵام ئەوەی ڕۆڵی لە جێگیرکردنی بۆچوونی ئەندامانی دەستەی کارگێڕیی ڕیاڵ مدرید هەبوو، خۆرخێ مێندێس بوو، کاتێک باسی گرنگی و داهاتووگەشیی پیپی بۆ دەکردن.

خۆرخێ بە بەرپرسانی یانەی ڕیاڵ مەدریدی گوت: «پیپی یاریزانێکی ئاستبەرز و لێهاتووە، لانی کەم دەتوانێ بۆ ماوەی دە ساڵ لە یانەکە بمێنێتەوە.»

هەوڵدانی بۆ دەستنیشانکردنی یاریزانێکی وەک کلێبەر پیپی لە لایەن بەرپرسانی یانەی مێرەنگی لە چوارچێوەی ئەو هەوڵەدا بوو، یانەکە عەودالی بەدەستهێنانی بەرگریکارێک بوو، کە بتوانێ وەک شوێنگرەوە و میراتگری فێرناندۆ هێرۆ لە دڵی بەرگری خزمەت بە یانەکە بکات، بەرگریکارێک هەڵگری زۆربەی ئەو تایبەتمەندیانە بێت، کە لە فێرناندۆ هێرۆدا هەبوون، بۆ ئەو مەبەستە لە ماوەی ڕابوردوودا یانەکە هەوڵی بێوچانی دا، بۆ نموونە لە ماوەی ڕابوردوودا گرێبەستیان لەگەڵ چەند بەرگریکارێکی گەورە واژۆ کرد، بەڵام هیچ کام لە هەوڵەکانیان سەرکەوتوو نەبوو، گرێبەستیان لەگەڵ هەر یەکە لە بەرگریکاران واڵتەر سامیۆل، جۆناسان ودگەیت، کرستۆف مێتزلدەر و فابیۆ کەنەڤارۆ واژۆ کرد، بەڵام هەموویان لەو جێگەیەی یاریکردن (دڵی بەرگری) بەر نەفرەتی شکست کەوتن.

پیپی دەڵێت: «یەکەم ئامۆژگاری **خۆرخێ مێندێس** بۆ من ئەوە بوو، کە پێی گوتم من بڕوا و متمانەیەکی زۆرم بە تۆ هەیە، تەنیا کەسێک بتوانێت کۆتایی بەو نەفرەتی شکستە بهێنێت لە دڵی بەرگریدا، تۆیت، بەڵام دەبێ هێمنیی خۆت بپارێزیت. بە هەموو هێز و وزەیەکتەوە تێبکۆشە و وردبین بە. پێویستە هەرچییەک لە تواناتدا هەیە، بە کاری بخەیت، ئەوە گومانم نییە دەتوانیت ئەو بەربەستی نەفرەتە بشکێنیت، کە بەرگریکارانی پێشوو نەیانتوانی شوێنگرەوەی فێرناندۆ هێرۆ بن. دڵنیام تۆ دەتوانی ئەو کارە بکەیت. بڕوایەکی بێسنوورم بە تواناکانت هەیە.»

هەروەها پیپی دەڵێت: «لەو ماوەیەی من لەگەڵ یاریزانانی

کاتی گۆڕینی شەپۆلی کەناڵەکان لەسەر یەکێک لە ڕادیۆکان گیرسایەوە، کە بێژەرەکە، هەواڵە وەرزشییەکانی دەخوێندەوە، لەو کاتەدا بێژەرەکە هەواڵی پێوەندیکردنی کلێبەر پیپی لە یانەی پۆرتۆ بۆ یانەی ڕیاڵ مەدریدی بە بڕی سی ملیۆن یۆرۆ ڕاگەیاند، لە بەرانبەر بیستنی ئەم هەواڵە لە لایەن شۆفێری تەکسییەکە، کە دیار بوو هاندەرێکی سەرسەخت و خەمخۆری ڕیاڵ مەدریدە، وەک دەربڕینی ناڕەزایی لەبەرانبەر پێدانی ئەو بڕەپارە زۆرە بە بەرگریکارێک لە بێزاریدا سەری با دەدا و نەفرەتی لە بەرپرسانی یانەی مێرەنگی دەکرد، کە تاوانە ئەو بڕەپارەیە لەپێناو بەرگریکارێکی پۆرتوگالی بە خەرج بدرێت. لەو کاتەدا پیپی لەناو تەکسی شۆفێرەکەدا لە دواوە دانیشتبوو، گوێبیستی هەموو قسەکانی شۆفێری تەکسییەکە بوو، بەڵام یەک وشە لە زاری دەرنەچوو. ئەمە یەکەم بەسەرهاتی خۆشی پیپی بوو لە کاتی گەیشتنی بە شاری مەدرید.

## خۆگونجاندن و یادگارییەکی تاڵ

بە هەرحاڵ، پیپی نەیدەتوانی خۆی لەگەڵ مەدرید و شارەکە بگونجێنێت، بەڵام بریکارەکەی هەمیشە لەگەڵیدا بوو، لە هیچ ساتێکی دژواردا جێی نەدەهێشت. هەروەک یاریزانی ناوبراو دەگێڕێتەوە: «**خۆرخێ** زۆر یارمەتی دام لەوەی تا بتوانم خۆم لەگەڵ کەشوهەوای مەدرید بگونجێنم، بەتایبەت لە قۆناغەکانی سەرەتای جێگیربوونم لەو شارە و لە یەکەم

مانگی سەرەتا بە بەردەوامی دەستبارگرم بوو. هەمیشە هاریکاریکی باش و دڵسۆزم بوو.»

هەروەها دەڵێت: «ڕیاڵ مەدرید یانەیەکی گەورەیە، ئەو هەمیشە لەگەڵم بوو و ئاسانکاری بۆ دەکردم، هاوکاری کردم تا توانیم بۆ شوێنی پشوودانم خانوویەک بکرم. بە شێوەیەکی گشتی کاتێک خۆرخێ یاریزانێک بۆ یانەیەکی نوێ دەگوازێتەوە، ئاسانکاری بۆ ئەو یاریزانە دەکات تا زۆرترین زانیاری لەسەر ئەو تیپە و مێژووەکەی بزانێت، هەوڵ دەدات تۆی یاریزان زۆرترین شت لەسەر مێژووی یانە نوێیەکە، چۆنییەتی کارکردن و ژینگەی نێو یانەکە و ڕووداوەکانی دەرەوەی یانەکەت بزانی، تەنانەت باسی وردەکارییەکانی ناوخۆی یانەکەت بۆ دەکات تا لە سەرەتاوە بەرچاوڕوونییەکی زیاترت لەسەر ئەو یانەیە هەبێت، کە پێوەندیی پێوە دەکەیت.»

یارییەک لە یادەوەریی پیپی تا ئێستاش ماوەتەوە و ناتوانێ لە بیری بکات، بەهۆی ڕووداوێکی تاڵەوە، کە خۆی پاڵەوانی ئەو یادگارییە ئازاراوییە بووە. کاتێک ڕیاڵ مەدرید ڕووبەڕووی یانەی خیتافی بووەوە، پیپی بە شێوەیەکی سەرشێتانە هێرشی کردە سەر یاریزانی یانەی خیتافی (کاسکێرۆ)[1]، بە جۆرێک بە پێلەقە یاریزانەکەی خیتافی شێلا

---

١ خافێر کاسکێرۆ، ناوی تەواوەتی فرانچیسکۆ خافێر کاسکێرۆ پارایدیس لە ١١ی مارسی١٩٧٦ لە تەلافیریا دیلا ڕینیای ئیسپانیا لە دایک بووە. یاریزانی پێشووی یانەی خیتافی ئیسپانییە و ئێستاش دوای وازهێنانی لە یاریی تۆپی پێ وەک یاریزان، ئەرکی ڕاهێنەری هەمان یانەی لە سالی٢٠١٥ لە ئەستۆ گرتووە. وەک یاریزان لە هێڵی ناوەند یاریی دەکرد بۆ هەر یەک لە یانەکانی سیڤیا، ڕاسینگ سانتاندێر، خیتافی، ئەلمیریا

و دواتر لەناو خاکی یاریگەکە کاسکێرۆی بەرشەق دا، ئەمە لە کاتێکدا کاسکێرۆ تۆپی لە بەرپێی نەبوو، بەڵکو لە خاکی یاریگەکە لەسەر دەم کەوتبوو، بەڵام پیپی بە شێوەیەکی دوور لە ئاکاری وەرزشیی هەڵسوکەوتێکی نابەجێ بەرانبەر یاریزانەکەی خیتافی ئەنجام دەدات.

ئەمەیش لینکی ڕووداوەکەیە:

https://www.youtube.com/watch?v=jKt4IBxD5oo&nohtml5=False

ئەم ڕووداوە ناوەرزشییەی پیپی کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر دروست کرد، هەر بەهۆی ئەم هەڵسوکەوتەیەوە لە یارییەکە بە کارتی سوور دەکرا، پاشان فیدراسیۆنی تۆپی پێی ئیسپانی وەک سزادانێک بۆ ماوەی دە یاری سڕیان کرد. ئەم ڕووداوە کاردانەوەیەکی جیهانی لێ کەوتەوە، کار گەیشت بەوەی دەنگۆی دوورخستنەوەی پیپی لە یانەی ڕیاڵ مەدرید بڵاو کرایەوە، بە جۆرێک ڕۆژانە میدیا وەرزشییەکانی ئیسپانیا ‹پیپی›یان خستبووە دۆخێکی دەروونی خراپەوە و لەمەڕ داهاتووی نادیاری هەستی بە ترس و دڵەڕاوکێیەکی زۆر دەکرد، بەڵام لەم دۆخە سەخت و دژوارەدا **مێندێس** جارێکی دیکە پاڵپشتی خۆی بۆ پیپی بە کردەوە دووپات دەکاتەوە، بە چەند پێشنیار و ئامۆژگارییەک هاریکاریی پیپی بەریگریکار دەکات.

---

و سپۆرتینگ خیخۆن. کاسکێرۆ وەک یاریزان لە ساڵی٢٠١٤ کۆتایی بە ژیانی وەرزشی دەهێنێت. لە تەمەنی یاریکردن وەک یاریزانی پیشەگەر لە‹٥٤٣› یاریی بەشداریی کردووە و توانیویەتی شەست گۆڵ تۆمار بکات.

پیپی دەگێڕێتەوە: «دوای تێپەڕبوونی ڕۆژێک بەسەر ئەو ڕووداوەدا، **خۆرخێ مێندێس** پێوەندیی پێوە کردم و پێی گوتم پێویستە جیاوازی لەنێوان خرۆشان و هەڵچوون و توندوتیژیی بکەیت. تۆ هەڵەیەکت کردووە، کە بووتە هۆی شێواندنی وێنەی کەسایەتیت، بە جۆرێک تۆی کردووە بە بەرگریکارێکی شەقوەشێنی نابووت، بەلام هەموو کەس شایەن بە هەڵەیە، پێویستە خۆت لەو دۆخە ڕزگار بکەیت و ددان بە هەڵەکەتدا بنێیت. لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە جارێکی دیکە هەڵە و ڕەفتاری لەو شێوەیە دووبارە نەکەیتەوە.»

پیپی درێژە بە گێڕانەوەی قسەکانی **مێندێس** دەدات: «**خۆرخێ** پێی گوتم پێویست ناکات هەست بە ترس و دوودڵی بکەیت، بەهۆی هەموو ئەو ڕەخنە و قسەوقسەڵۆکانەی ڕۆژنامەکان دوای تۆیان خستووە و بەردەوامن لە بڵاوکردنەوەی، بۆیە نابێ بە هیچ جۆرێک بایەخ بە هەواڵ و ڕەخنەکانی میدیا وەرزشییەکان بدەیت.»

ئەوکات ڕۆژنامەکان جەختیان لە هەواڵێک دەکردەوە، گوایە ئەو هەڵسوکەوتەی پیپی یانەی ڕیاڵ مەدریدی تووڕە و پەست کردووە، بۆیە بەرپرسان بیر لە دوورخستنەوەی پیپی دەکەنەوە. **خۆرخێ** وەک دڵنیاییەک بۆ پیپی لە بەرانبەر ئەم پڕوپاگەندەیەدا، پێی گوت: «من دڵنیات دەکەمەوە هەواڵی لەم شێوەیە هیچ بنەمایەکی ڕاست و دروستی نییە.» هەر لەو کاتەدا چەندین یانە پێوەندییان بە ‹**خۆرخێ**›وە کردبوو سەبارەت بە گواستنەوەی من و هەوڵیان دابوو

سـوود لـەو دۆخـە پـڕ لـە تەنگەژەیـە وەربگـرن و گرێبەسـتم لەگـەڵ واژۆ بکـەن، بـەڵام **خۆرخـێ** هەمـوو ئـەو بۆندانـەی پێشکەشـی مـن کرابـوون، ڕەتـی کردبوونـەوە. **خۆرخـێ هیـچ** کام لـەم زانیاریانـەی بـە مـن نەگـوت و ئـاگاداری نەکردمـەوە، بـەڵام دوای تێپەڕبوونـی ماوەیەکـی زۆر بەسـەر ئـەو ڕووداوە ئازاربەخشـەدا، پێـی گوتـم، کـە لـەو سـاتە دژوارەدا چەندیـن یانـە هەوڵـی گواسـتنەوەی تۆیـان داوە.

بەشێکی کەم لە هەوادارانی ئەستێرە بەناوبانگەکانی تۆپی پێ، یان یاریزانە پیشەگەرەکان، پەی بەو ڕاستییە شاراوە و نەزانراوە دەبەن، کە خەڵکێک هەن لەسەروو یاریزانەکانەوە بڕیار لەسەر چارەنووس و خەونەکانیان دەدەن، کەسانێک لە پشتی پەردەوە کاریگەری لەسەر بڕیاری یاریزانەکان دروست دەکەن، کە ئەوانیش بریکاری جێبەجێکاری یاریزانانی تۆپی پێن. ئەوە بریکاری ئەستێرەکانی تۆپی پێیە بڕیار لەسەر ڕۆیشتن، یان هەڵبژاردنی یانەیەکی نوێ بۆ یاریزانەکان دەدەن و هەر بریکارەکانن لەسەر بڕیاردان هێزێکی گەورەی بڕواپێهێنانیان بە ئەستێرەکان هەیە.



٥٠٠٠ دینار